
nniversary of Foundation of
KURDISTAN REPUBLIC
GOVERNMENT

# پرۆسەی نەتەوەیی بارزانی
# ڕێنیسانسی بۆ هەموو کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست کردووە



**((لە هەر یەکێک لەو چوار وڵاتەدا کێشەی کورد بە شێوازی جیاواز و لە کات و ساتی جیاوازدا چارەسەر دەکرێت. مێژوو و دۆخی ستراتیجی لە هەر یەکێک لەو چوار وڵاتەدا تەواو بێ وێنەیە. لەدوای ساڵی ١٩٩١ کوردی عێراق ماوەی ٢٠ساڵە هەوڵ بۆ بونیادی دەوڵەت دەدەن و بە هەنگاوی باش دەستیان پێکرد و پشتیوانییەکی بەهێزی ئەمریکایان بەدەست هێناوە، بۆیە هەرێمی کوردستان یەکەم بناخەی دەوڵەتی کوردییە، لە سوریاشدا بەم زووانە کوردەکان کۆنترۆڵی ناوچە نیمچە ئۆتۆنۆمیەکەیان دەکەن، بەڵام پێویستیان بە بنیاتنانی هاوپەیمانێتیەکی درێژخایەن هەیە لەگەڵ لایەنێکدا، ئەگەرنا ئابلۆقە دەدرێن و بێ دۆست دەمێننەوە، لە تورکیادا کوردەکان بەرەو نیمچە ئۆتۆنۆمیەکی کەلتوری و سیاسی هەنگاو هەڵدەنێن، ئەویش لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی بەهێزدا، بەڵام گۆڕانکاریەکە بە رەوتێکی خاو و هەنگاو بە هەنگاو دەبێت. ناکۆکیەکە سروشتێکی کەمتر سەربازی دەبێت، و پتر بەرگێکی سیاسی بەبەردا دەبڕێت، لە ئێراندا، کوردەکان بە خاوترین رەوت ئازادی بەدەست دەهێنن. دەوڵەتی ئێران بەهێزە، کوردەکانی ئێران دەیانەوێت باوەڕ بەوە بهێنن کە رۆحانی سەردەمی ئازادییەکی زیاتر لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، بەڵام رەنگە ئەمە ئومێدێکی پێشوەختە بێت)).**

**پرۆفیسۆر مایکل نایت**
**سەرۆکی پرۆگرامەکانی عێراق**
**لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراساتی رۆژهەڵاتی نزیک**

هەردوو پرۆفیسۆر و توێژەری باڵا (مایکل نایت و دیڤید پۆلۆك) هەفتەی رابردوو سیمینارێکیان بەناونیشانی: هیلالی کورد: ئاراستەی تازە لە عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا (The Kurdish Crescent: New Trends in Syria، Turkey، Iraq، and Iran) پێشکەش کرد، گرنگی ئەم سیمینارە لەوەدایە کە ئەم سیمینارە دوای سەردانی مەیدانی هەردوو توێژەرەکەیە بۆ ناوچەکە و قسەکانیان رەنگدانەوەی واقیعی زیندووی کێشەی کوردە لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەمەش گرنگتر هەردوو توێژەر ئەو سەرکەوتنەی کە هەرێمی کوردستان لە بواری دامەزراندنی بناخەی دامەزراوە دەوڵەتیەکان لەم هەرێمە بەدەستیان هێناوە، وەك بنەمایەك سەیری دەکەن کە دەکرێت بۆ سوودی هەموو کورد سوودی لێوەربگیرێت، هەر بۆیە بۆ ئەم راپۆرتە گوڵان هەوڵیدا بۆ زیاتر قسەکردن لەسەر ئەم پرسە راستەوخۆ لەگەڵ رێکخەرانی سیمینارەکە قسە بکات و بەسوپاسەوە پرۆفیسۆر نایت وەڵامی داینەوە، بۆیە ئەو قسانەی لەناو دووکەوانەی پێشەکی ئەم راپۆرتە نووسراون لێدوانی پرۆفیسۆر نایتە بۆ گوڵان و جیاوازە لە قسەی ناو سیمینارەکەی ئامۆژگای واشنتۆن و دەقی دیمانەکەی بە زمانی ئینگلیزی لە بەشی ئینگلیزی وێبسایتی گوڵان بڵاوکراوەتەوە.

ئاماژەکردن بۆ ئەم سیمینارەی ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراساتی رۆژهەڵاتی نزیك یان رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ ئەوەیە بڵێین حکومەتی ئەمریکا زۆر بەلایەوە گرنگە وردەکاری ئاڕاستەی کێشەی کورد لە هەر چوار وڵاتی (تورکیا و عێراق و ئێران و سوریا) بزانێت، لەبەر ئەوەی ئەم دوو پرۆفیسۆرە کە توێژەری باڵای ئەو ئامۆژگایەن و سەرۆکی دیراسەتەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، لەڕێی توێژینەوەکانیان و ئەو سیمینارانەی گرێیدەدەن و ئەو دانیشتنانەی بۆ گوێگرتن بۆیان سازدەدرێت، راوێژ دەدەنە حکومەتی ئەمریکا و راشکاوانەتر ئەوان لەبەر خاتری کورد قسە ناکەن، بەڵکو راستیەکان دەدەنە حکومەتی خۆیان بۆ ئەوەی لەبەر رۆشنایی ئەو راسپاردانەی ئەوان دەیدەنە حکومەتی ئەمریکا، ئاراستەی سیاسەتی دەرەوەی حکومەتی ئەمریکا بەرامبەر کێشەکان دیاری بکرێت، ئەمەش زۆر گرنگە کاتێك هەردوو توێژەر ناونیشانی (هیلالی کورد) بۆ سیمینارەکەیان هەڵدەبژێرن و دروستبوونی ئەم هیلالەش بەو مانایە بەکار هاتووە کە کۆی کێشەکە لەهەر چوار دەوڵەتی (تورکیا و عێراق و سوریا و ئێران) وەك رایەڵەیەك پێکەوە گرێدراون و شێوەی هیلالێکی وەرگرتووە، بەڵام وەك پرۆفیسۆر نایت بە گوڵانی راگەیاندووە لەنێو

ئەم هیلاڵەدا کێشەکان لە کات و ساتی جیاواز و بە شێوازی جیاواز چارەسەر دەکرێت، بەڵام ئەم ئاراستە تازەیەی کە لەناو کێشەی کورد هاتۆتە ئاراوە لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە هەرێمی کوردستانەوە هەنگاوی بۆ هەڵدەگیرێت و هەرێمی کوردستان بۆتە ئەو خاڵەی ئاڕاستە جیاوازەکان پێکەوە گرێدەداتەوە، هەربۆیە پرۆفیسۆر پۆلاك لەخوێندنەوەی گشتگیری بۆ بارودۆخی ئێستای کێشەی کورد لە ناوچەکە، هەموو سەرە داوەکان دێنێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان و ئاراستەی بەرەو پێشەوەچوونەکان گرێدەداتەوە بە ئاراستەی تێڕوانین و سیاسەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ (سوریا و ئێران و تورکیا و عێراق) لەمەش زیاتر داوا لە ئەمریکا دەکات زیاتر بایەخ بەهەرێمی کوردستان بدات و ئاسانکاری زیاتر بۆ هاتوچۆی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەمریکا بکات، کە ئێستا پێدانی ڤیزە بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان ئاستەنگی لەبەردەمدایە.

### هەرێمی کوردستان لە هاوکێشەی ئیقلیمی و پەیوەندی بە کوردی پارچەکانی دیکەوە

ڕۆژنامەی حوریەت لەژمارەی ڕۆژی ٢٠١٣/١١/٢٣ و بە پێنووسی خاتوو ڤیردا ئۆزەر وتارێکی بڵاوکردۆتەوە بەناونیشانی (سەردانەکەی بارزانی بۆ ئامەد و ڕێنیسانس بۆ هەموو کورد)، لەم وتارەدا ڕۆژنامەنووسەکە ئاماژەی بەوەکردووە ئەم سەردانەی بارزانی کۆمەڵێك دیواری ڕووخاندو کۆمەڵێك دیواری دروستکرد، مەبەستیشی لە ڕووخانی دیوار، واتە ڕووخانی دیواری نێوان ڕەجەب تەیب ئەردۆگان و سەرۆکایەتی شارەوانی دیاربەکر، هەروەها کۆبوونەوەی ئەردۆگان لەگەڵ سەرکردەکانی پارتی ئاشتی و دیموکراتی BDP، مەبەستیشی لە دروستکردنی دیوار، ڕاگەیاندنی تاکلایەنەی پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD کانتۆنەکانی سوریایە، ئەم تاکلایەنییەش لەلایەن بەڕێز مسعود بارزانی ڕەتکرایەوە، سەبارەت بە وردەکاری ئەم ڕەتکردنەوەیەش لەلایەن بارزانیەوە، گوڵان ڕاشکاوانە ئەم پرسیارەی ئاراستەی بەڕێز جەعفەر ئیمینکی وتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد، ئەو لە وەڵامدا بە گوڵانی ڕاگەیاند، ئێمە دژی ئەو ڕاگەیاندنە نین، بەڵکو دژی ڕەفتارە تاکڕەو و تاکلایەنەکانی پەیەدەیە و، سەرۆك بارزانی مەبەستی ئەوەیە ئیدارەی ناوچە کوردییەکانی سوریا ئیدارەکردنێکی دیموکراتیانە بێت و هەموو حزب و بیروبۆچوونە جیاوازەکانی کوردستانی ڕۆژئاوا پێکەوە بەشدار بن و نوێنەرایەتی کوردی سوریا بکەن، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا ڕۆژنامەی حوریەت ئاماژەی بەوەکردووە، واشنتۆن بە توندی پشتگیری لە سەردانەکەی بارزانی بۆ ئامەد و کۆبوونەوەی لەگەڵ ئەردۆگان کردووە، لەمەش گرنگتر جەختی لەسەر ئەوەکردۆتەوە کە پارتی ئاشتی و دیموکراتی BDPیش پشتگیری لە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا دەکات و دەیەوێت هەنگاو بەرەو ئاشتی هەڵبگرێت بە هاوکاری بارزانی.

کەواتە سەردانی بارزانی بۆ ئامەد وەك ڕۆژنامەی حوریەت ئاماژەی پێکردووە، ڕێنیسانس و هەستانەوەی بزووتنەوەی کوردە لەسەر ئاستی ناوچەکە لەچوارچێوەی بڕوابوون بە ئاشتی و دیموکراتی و چارەسەری ئاشتیانە بۆ کێشەی کورد لە هەر چوارپارچە و بەلەبەر چاوگرتنی تایبەتمەندی هەر ناوچەیەك و لەم بیرکردنەوەیەشدا هەموو پارچەکان پێویستیان بەهاوکاری بارزانیە، بەڵام ئەوەی لەم پرۆسەیەدا لەگەڵ بیرکردنەوەی بارزانی یەکناگرێتەوە، ئەو گروپ و لایەنانەن کە هەتا ئێستاش بڕوایان بە یەکتری قبوڵ کردن و بیروبۆچوونە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردستان نییە. بۆیە لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر بارزانی لەم قۆناخە توانیبێتی دیواری نێوان تێڕوانینە ئاشتیخوازەکانی نێوان کورد و نەتەوەکانی دیکەی شکاندبێت، ئەوا ئەمە ڕاشکاوانە ئەوەمان پیشاندەدات، کە هەنگاوەکانی بەڕێز ئەردۆگانیش، دیوارەکانی نێوان سەرۆکایەتی شارەوانی ئامەد و دیوارەکانی نێوان ئەردۆگان و بەدەپەی ڕووخاند، بەڵام دیوارێکی لەنێوان حکومەت و ئەو حزبە توندڕۆ ناسیۆنالیستیانەی تورکیا دروستکرد، ئەمەش مانای ئەوەیە دیوارەکانی نێوان ئەوانەی بڕوایان بەئاشتی و چارەسەری دیموکراتیانە هەیە ڕووخان و دەبێت هەردووڵا ئەردۆگان و بارزانی بەردەوام هەوڵبدەن ئەوانەشی کە بڕوایان بە ئاشتی و دیموکراتی نییە، دەستبەرداری توندڕۆیی و تاکڕەوی ببن، لەبەر ئەوەی لەم قۆناخە هەستیارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەموو نەتەوەکان پێویستیان بە ئاشتی و چارەسەری دیموکراتیانە هەیە.

بەڕێز مسعود بارزانی کە ئێستا سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستانە و لەبەر ئەوەشی سیاسەتی لۆژیکانەی ئەم سەرۆکە لە بەڕێوەبردنی ئەم هەرێمەدا، بونیادنانی قەوارەیەکی دیموکراتی سەقامگیر بووە، هەروەها ئەم هەرێمە لەبەر ئەوەی بەچەند ڕایەڵەیەك دەبەسترێتەوە بە کۆی ناوچەکەوە، ئەوا کاتێك لەسەر ئاستی ناوچەکە سەیری پێگە و ڕۆڵی بارزانی دەکرێت، هەست دەکرێ ڕۆڵ و پێگەی بارزانی لە هەرێمی کوردستان لە سنورە جوگرافیەکەی هەرێمی کوردستان گەورەترە کاریگەرییەکانیشی زیاترە، ئەمەش وایکردووە کە بەڕێز بارزانی لەناو چەند هاوکێشەیەکی جیاوازدا ڕۆڵی دیار و بەرچاو بێت و ببێتە ئەو کاراکتەرە گرنگەی

**سەردانی بارزانی بۆ ئامەد وەک ڕۆژنامەی حوریەت ئاماژەی پێکردووە، ڕێنیسانس و هەستانەوەی بزووتنەوەی کوردە لەسەر ئاستی ناوچەکە لەچوارچێوەی بڕوابوون بە ئاشتی و دیموکراتی و چارەسەری ئاشتیانە بۆ کێشەی کورد لە هەر چوارپارچە و بەلەبەر چاوگرتنی تایبەتمەندی هەر ناوچەیەک و لەم بیرکردنەوەیەشدا هەموو پارچەکان پێویستیان بەهاوکاری بارزانیە**




**هەنگاو هەڵگرتنی هەرێمی کوردستان وەک دەوڵەتێکی هاوچەرخی دیفاکتۆ زیاتر بایەخی دەرکەوت و زیاتر لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دانی پێدانرا، تەنانەت بووە هۆکاری ئەوەی زۆربەی دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا و جیهان و جیهانی عەرەبی کونسوڵخانەی گشتی خۆیان لە هەولێر بکەنەوە**

لەسەر کۆی کێشەکان ڕەنگدانەوەی هەبێت و هەموو کێشەکان پێویستیان بە تێڕوانینی بارزانی هەبێت، لەم چوارچێوەیەدا ئاماژە بەچەند لایەنێك دەکەین:

**١. هەرێمی کوردستان، وەك هەرێمێکی فیدرالی لە چوارچێوەی عێراقدا**

هەرێمی کوردستان لەدوای ساڵی ١٩٩١ـەوە تا ئێستا، دوو قۆناخی گرنگی بەخۆیەوە بینیووە، قۆناخی یەکەمیان لەساڵی ١٩٩٢-٢٠٠٣، قۆناخی دووەمیان لە ساڵی ٢٠٠٣- ئێستا، لە قۆناخی یەکەمدا بارزانی هەوڵیدا کە تواناکانی گەلی کوردستان یەکبخات بۆ ئەوەی هەرێمێکی ئەمری واقیع دروست بکات، سەرکەوتنی بارزانی لەم قۆناخەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەو کاتەی ئەو سەرۆکی بەرەی کوردستانی بوو، بواری نەدا ئەو بارودۆخەی لە باشوری کوردستان دروستبووە تەنیا لەلایەن حزبێکەوە قۆرخ بکرێت، بۆیە ئەم چوارچێوەیە وایکرد کە بنەمایەك بۆ دەوڵەتی دامەزراوەیی هەنگاو بەهەنگاو لە هەرێمی کوردستان بێتە ئاراوە.

لە قۆناخی دووەمدا بارزانی هەوڵیدا لەپرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەتی عێراقدا، لایەنی کوردی ڕۆڵێکی ئەرێنی لە داڕشتنی دەستووری تازەی عێراق بگێڕێت بۆ ئەوەی عێراق لەسەر بنەمای دەوڵەتێکی هاوچەرخی دیموکراتی و فیدرالی و فرەیی بونیاد بنرێتەوە، لەم چوارچێوەیەشدا هەرێمی کوردستان بووە بنەمایەك بۆ دامەزراندنەوەی ئەو دەوڵەتە دیموکراتیە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەعێراقدا نەتوانرا ئەو دەوڵەتە هاوچەرخە بونیاد بنرێتەوە، ئەوا هەنگاو هەڵگرتنی هەرێمی کوردستان وەك دەوڵەتێکی هاوچەرخی دیفاکتۆ زیاتر بایەخی دەرکەوت و زیاتر لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دانی پێدانرا، تەنانەت بووە هۆکاری ئەوەی زۆربەی دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا و جیهان و جیهانی عەرەبی کونسوڵخانەی گشتی خۆیان لە هەولێر بکەنەوە، ئەم کونسوڵخانانە کە لەگەڵ ئەوەی بەشێکیان لەلایەن ئەو دیپلۆماتکارانەوە بەڕێوە دەبرێن کە پێشتر باڵیۆزی وڵاتی خۆیان بوون، بەشێکی دیکەشیان ڕاستەوخۆ لەلایەن باڵیۆزی ئەو وڵاتانەی کە باڵیۆزخانەیان هەیە سەرپەرشتی دەکرێن و بۆ دیدار و کۆبوونەوەکانیان لەگەڵ سەرۆکی هەرێم یان سەرۆکی حکومەت باڵیۆزەکان خۆیان ئامادە دەبن، ئەمەش مانای ئەوەیە لەگەڵ ئەوەی کوسوڵخانەکان نوێنەرایەتی ئەو وڵاتانە لەهەرێمی کوردستان دەکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی بایەخی هەرێمی کوردستان زێدە گرنگە، ئەوا باڵیۆزەکان ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی کونسوڵخانەکان دەکەن و لەزۆربەی دیدارەکانی نێوانیان و دامودەزگا ڕەسمیەکانی هەرێم ئامادە دەبن.

**٢. هەرێمی کوردستان و تورکیا**

بە حوکمی ئەوەی هەرێمی کوردستان لەدوای پەسەندکردنی دەستووری عێراق لەساڵی ٢٠٠٥ هەوڵیدا بە کردەیی ئەو دەسەڵاتانە پیادە بکات کە دەستووری عێراق بۆ هەرێمەکان دیاریکردبوو، ئەوا تورکیای ئەوکات ئەم قەوارەیەی وەك بنەمایەك بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان سەیر دەکرد و ئامادەنەبوو دان



**بیرکردنەوەی لۆژیکانە و سیاسییانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان مامەڵەی لەگەڵ ئەقڵیەتێکی سەربازی دەکرد، کە ئەوکات ژەنراڵەکان پێیانوابوو، چارەسەری کێشەی کورد لەتورکیا بە هێزی سەربازی دەکرێت**

بەو قەوارەیەدا بنێت کە دەستووری عێراق بە شەرعی ناساندویەتی، ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا بە قۆناخێکی ئاڵۆزی ئەوتۆ بڕوات کە تورکیا جارێکی دیکە هەڕەشەی دەستێوەردانی سەربازی لە هەرێمدا بکات، بەڵام چۆن لە ساڵی ٢٠٠٣ و بۆ ڕێگرتن لەدورستبوونی ئەم دەوڵەتە، تورکیا نییەتی ئەوەی هەبوو هێرشی سەربازی بکاتە سەر هەرێمی کوردستان و هەڵوێستی نەتەوەیی بارزانی بەوەی رایگەیاند(دەبێت بەسەر لاشەی ئێمەدا هەرێمی کوردستان داگیربکرێت) ڕێگەی لەو هێرشە گرت، لەدوای پەسەندکردنی دەستووری عێراقیشەوە جارێکی دیکە سیاسەتی لۆژیکانەی سەرۆك بارزانی و خۆڕاگری بەرامبەر گوشار و هەڕەشەی ژەنراڵەکانی تورکیا کە ئەو کات تورکیا بەدەوڵەتی قووڵ (Deep State) ناودەبرا، ئەمەش واتە لەگەڵ ئەوەی خەڵکی مەدەنی بە رووکار حکومڕانی دەکەن، بەڵام لە پشتی پەردەوە حکومڕانی راستەقینە ژەنراڵەکانی سوپان، هەربۆیە لەو کاتەشدا سوپا یان ژەنراڵەکانی تورکیا راستەوخۆ حکومڕانیان دەکرد و تەنانەت لەو کاتەی ژەنراڵ بیوکانیت کە لەساڵی ٢٠٠٧ سەرپەرشتی سنوربەزاندی وڵاتەکەی دەکرد بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان، کاتێك بڕیاری کشانەوەی سوپاکەی دا، سەرۆك وەزیرانی تورکیا ئاگادار نەبوو، ئەمەش مانای ئەوەیە بیرکردنەوەی لۆژیکانە و سیاسییانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان مامەڵەی لەگەڵ ئەقڵیەتێکی سەربازی دەکرد، کە ئەوکات ژەنراڵەکان پێیانوابوو، چارەسەری کێشەی کورد لەتورکیا بە هێزی سەربازی دەکرێت، بەڵام وەك هەموو جیهان ئاگادارە بەڕێز مسعود بارزانی بەهەموو جیهانی راگەیاندبوو، ئەو کێشەیە تەنها بە ڕێکاری سیاسیی چارەسەر دەکرێت و ماوەی ٣٠ ساڵە کورد و تورك لەیەکتری دەکوژن، بەڵام ئێستا (مەبەست ساڵانی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨)ـە، لەهەموو کاتێك ئاڵۆزترە، بۆیە بارزانی هەوڵیدا حکومەتی تورکیا لەوە تێبگەیەنێت کە چارەسەری سەربازیانە بۆ ئەو کێشەیە مەحاڵە و ئەو بیرکردنەوەیە لەگەڵ جیهانی سەردەم ناگونجێت، ئەم هەوڵانەی بارزانی ئەگەرچی لە سەرەتا بەهۆی باڵادەستی سوپا لە حکومڕانیدا کاریگەری کەم بوو، بەڵام بە بوونی باراك ئۆباما بەسەرۆکی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٩ و بوونی هێزی نەرم (Soft Power) بە بەشێك لەبەرنامەی حکومڕانی ئیدارەی ئەمریکا، وەرچەرخانێك لە بیرکردنەوەی حکومەتی تورکیا هاتە ئاراوە، ئەوانیش هەنگاویان بۆ پیادەکردنی سفر کێشەیان لەگەڵ دراوسێکان هەڵگرت، لەگەڵ پیادەکردنی ئەم سیاسەتەش، لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی بیرکردنەوەی دیموکراتی و ئاشتیانە لەگەڵ دراوسێکانی، کێشەی لەگەڵ هیچ دراوسێیەکی نەبوو، بۆیە لەماوەیەکی زۆر کورتدا پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا نەك هەر ئاساییبوونەوە، بەڵکو تورکیا و هەرێمی کوردستان بوونە دوو شەریکی ستراتیژی لەسەر هەموو ئاستەکان، متمانەیەکی ئەتۆ

لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا هاتە ئاراوە، کە بۆ سەرۆك وەزیرانی تورکیا بووە هاندەر و گەیشتە ئەو قەناعەتەی دانپێدانان بەهەرێمی کوردستان و هەوڵدان بۆ پیادەکردنی سیاسەتی کرانەوە لەسەر ئاستی ناوخۆ و هەنگاو هەڵگرتن بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لەناوخۆی تورکیا، دەبێتە هاندەرێك بۆ ئەوەی تورکیا زیاتر لە یەکێتی ئەوروپا نزیك بێتەوە، هەروەها تورکیا لەڕووی ئابوورییەوە بەو ئاستە پێش بکەوێت کە بێتە ریزی ٢٠ دەوڵەتە دەوڵەمەندەکەی جیهان، ئەم گۆڕانکارییە کە هەفتەی رابردوو دوایین پەرەسەندنەکانیمان لە سەردانی بارزانی بۆ ئامەد بینی، بەشێکی دیکەی وەرچەرخانی بیرکردنەوەی نەتەوەییە بۆ ئەوە نەتەوەکان پێکەوە بژین و یەکتری تەواو بکەن، نەك یەکتری بکوژن، لەسەر ئاستی بیرکردنەوەی نەتەوەییانەی کوردیش، بارزانی توانی بنەمایەك بونیاد بنێت کە کورد بیر لە ئایندە بکاتەوە و هەوڵبدات وەرچەرخان لەبیری نەتەوەیی بگۆڕێت بۆ دەستدرێژکردن بۆ ئاشتی و بونیادی پێکەوە ژیان لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەدا.

**٣. هەرێمی کوردستان و رۆژئاوا**

چوارچێوەی پرۆسەی نەتەوەیی بارزانی بۆ هەر چوارپارچەی کوردستان ئەوەیە، کە بەشێوەیەکی ئەقڵانی و لەسەرووی بەرژەوەندی حزبییەوە قۆناخەکە بخوێنرێتەوە و هەوڵبدرێت هەموو تواناکان یەکبخرێن بۆ ئەوەی لەم قۆناخە ناسك و مێژووییەدا ئەوەی دەکرێت کورد بەدەستی بهێنێت، بەدەستبهێنرێت، بۆیە بۆ بارودۆخی کوردستانی رۆژئاواش، پێش ئەوەی هێزەکانی ئەسەد لە رۆژئاوا بکشێنەوە، بارزانی هەستی بەوە کردبوو، بۆ سوود وەرگرتن لەو بارودۆخەی بۆ کورد لەسوریا هاتۆتە ئاراوە، پێویستی بەزەمینە سازیە، گرنگترین زەمینە سازیش ئەوەیە کە کوردی رۆژئاوا یەکتری قبوڵ بکەن و یەکریزی خۆیان بپارێزن، بۆ ئەمەش بارزانی هەموو پارتە سیاسییەکانی رۆژئاوای بۆ هەولێر بانگێشتکرد و رێککەوتنی هەولێری لەنێوانیاندا ئیمزاکرد، بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکان پێکەوە سوود لەو بارودۆخە وەربگرن، لەدوای ئەوەی ئەو ناوچانە ئازاد کران، دیسان بارزانی لەهەوڵی ئەوەدا بوو پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆ ئیدارەی ئەو ناوچانە زامن بکات و هەوڵبدات بە هاوشێوەی ئەزموونی کوردستانی باشور، بە ئامادەبوونی تەواوی هێز و لایەنە سیاسییەکان و لە کەشێکی ئازاد دیموکراتیدا گەلی رۆژئاوا نوێنەرانی خۆیان دەستنیشان بکەن، ئەم هەوڵەی بارزانی لەلایەن تەواوی هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی رۆژئاوا پێشوازی لێکرا، تەنانەت پەیەدەش ئیمزای لەسەر رێککەوتنی هەولێر کردووە، بەڵام پاش

**لەسەر ئاستی بیرکردنەوەی نەتەوەییانەی کوردیش، بارزانی توانی بنەمایەک بونیاد بنێت کە کورد بیر لە ئایندە بکاتەوە و هەوڵبدات وەرچەرخان لەبیری نەتەوەیی بگۆڕێت بۆ دەستدرێژکردن بۆ ئاشتی و بونیادی پێکەوە ژیان لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەدا**



ئەوەی ئەو ناوچانە ئازاد کران، لایەنی پەیەدە بەندەکانی رێککەوتنی هەولێری پێشێلکرد و لەبری ئەوەی هەموو هەوڵەکان یەکبخەن بۆ ئەوەی ئیدارەی ئەو ناوچانە بکەن، پەیەدە دەستیکرد بە سیاسەتی تاکڕەوی و کەوتە ئازاردان و گرتن و راوەدوونان و کوشتنی ئەندامانی حزبەکانی دیکە، ئەمەش کارێکە لەچوارچێوەی پرۆسە نەتەوەییەکەی بارزانی جێگەی نابێتەوە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان یان پارتی دیموکراتی کوردستان، دژی ئەوەن پەیەدە نفوزی لە رۆژئاوا هەبێت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا



بەڕێز وتەبێژی فەرمی پارتی دیموكراتی كوردستان بە گوڵانی ڕاگەیاند، ئێمە تائێستاش پەیوەندیمان لەگەڵ پەیەدە نەپچڕاندووە و لەچەند كەناڵێكەوە هەوڵیان لەگەڵ دەدەین بۆ ئەوەی دەستبەرداری سیاسەتی پاوانكردن و تاكڕەوی بن، ئەوەی هەڵوێستی ئێمەی بەرامبەر پەیەدە گۆڕیوە ئەوەیە پەكەكە لایەنەكانی دیكە قبوڵ ناكات، بێگومان ئاشكرایە ئەگەر پەیەدە زۆرینەش بێت، با ئەو زۆرینەیە هەڵبژاردن دیاری بكات نەك خۆسەپاندن.
ئەم وەڵامەی وتەبێژی پارتی دیموكراتی كوردستان ڕاشكاوانە خاڵبەندی هەموو پیتەكان دەكات و تەواو پەردە لەسەر ئەو چەواشەكاریانە هەڵدەماڵێ كە پەیەدە و هەندێك لایەنی دیكە دژی سەرۆك بارزانی و پارتی دیموكراتی كوردستان بانگێشەی بۆ دەكەن و دەیانەوێت خۆڵ بكەنە چاوی جەماوەرەوە، ئەگەر نا چۆن بەڕێز مسعود بارزانی ڕەخنە لە ڕاگەیاندنی ئیدارەیەك بۆ كورد دەگرێت ئەگەر گەلی ڕۆژئاوا خۆی بڕیاری لەسەر بدات، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێستا لە ڕۆژئاوا ئازادی ڕادەربڕین و چالاكی پارت و هێزە سیاسییەكانی دیكە لەلایەن پەیەدەوە قەدەغە كراوە، ئەوا ئەم لایەنە وەك دیدێكی نەتەوەیی قابیلی قبوڵ كردن نییە.

### ٤. هەرێمی کوردستان و ئێران

لەسەر ئاستی میللی گەلی کورد لە رۆژهەڵات، دوای سەردانەکەی بارزانی بۆ ئامەد، کوردانی رۆژهەڵات چاویان لەوەیە رۆژێك بێت بارزانی بەهەمان شێوە سەردانی رۆژهەڵات بکات و کرانەوەیەك لە ئێرانیش بۆ چارەسەری کوردی ئەو بەشەش بێتە ئاراوە، سیاسەتی سەرۆك بارزانی لەماوەی ٢٠ ساڵی رابردوو لەدوای دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بەو شێوەیە بووە کە هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی یاسا نێودەوڵەتیەکان چەندی پێی دەکرێت، سیاسەتی دراوسێیەتی باش لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێی پیادە بکات و ئەم سیاسەتە بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیی هەموو کورد بێت نەك تەنها هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، ئەمەش بەو مانایەی پاراستی ئاسایش و سەقامگیری هەرێمی کوردستان وەك بەشێك لە ئاسایش و سەقامگیری هەرێمی سەیر بکرێت، هەموو کورد لەخەمی ئەوەدا بێت ئەم ئەزموونە نەکەوێتە بەر هەڕەشە بۆ ئەوەی هەموو کورد ئەم هەرێمە بە وڵاتی خۆی بزانێت، ئەم ستراتیژە بیرکردنەوەی نەتەوەیی بەو ئاڕاستەیە بردووە کە پێویستە بیر لە چارەسەری ئاشتیانە بۆ کێشەی کورد لەهەر پارچەیەك بکرێتەوە و هەوڵبدرێت ئەم بیرکردنەوەیە کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی ئەو حکومەتانەش هەبێت کە کوردستان بەشێکە لێیان، بۆ سەرخستنی ئەم ستراتیژیەتەش، سەرۆك بارزانی راشکاوانە رایگەیاندووە بەوەی ئامادەیە هاریکاری هەموو حکومەتەکان بکات بۆ ئەوەی کێشەی کورد بە ئاشتی و بەو شێوازەی کوردی ئەو بەشە بە پەسەندی دەزانێت چارەسەر بکرێت، هەربۆیە لەم چوارچێوەیەدا و دوای هاتنی روحانی وەك سەرۆکی تازە هەڵبژێردراوی ئێران کە لەیەکەم هەنگاوییەوە وەك ئەو سەرۆکە خۆی پیشانداوە کە لەسەر ئاستی دەرەوە بڕوای بە کرانەوەو دیالۆگ هەیە، ئەوا ئومێد دەخوازین ئەم هەنگاوەی لەسەر ئاستی ناوخۆ بەگشتی بۆ چارەسەری کێشەی کوردیش دەست پێبکات، کە ئەمەش دەستی پێکرد رۆڵی بارزانی چۆن لە پرۆسەی ئاشتی تورکیا دەرکەوت بەهەمان شێوە بۆ ئەو بەشەش زیاتر دەردەکەوێت.

### بارزانی
### پرۆسەی نەتەوەیی و بونیادنانی دەوڵەت

پرۆ فیسۆر تۆزەن باهچلی پسپۆر و شارەزا لەدۆزی کورد و تورکیا لە وەڵامی پرسیارێکی گوڵاندا پێی وتین، ئەو دەوڵەتەی کە تورکیا دەساڵ پێش ئێستا ئامادەبوو هێرشی سەربازی بۆ بکات بۆ ئەوەی لەدایك نەبێت، ئێستا تورکیا ئەو دەوڵەتە بەشەریکی ستراتیژی خۆی دەزانێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا بەڕێز مسعود بارزانی کە ئەویش وەك



هەر تاکێکی ئەم کوردستانە خەون و ئومێدی ئەوەیە ئەم دەوڵەتەی کە دروستبووە بە فەرمی لەلایەن جیهانەوە بناسرێت، ئەمە دوایین هیوای بارزانیە یان بارزانی لەدوای ئەمەش هیوایەکی دیکەی هەیە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لەمیانەی دیدارێکی گوڵان کە یەك دووساڵ پێش ئێستا لەگەڵ بارزانی ئەنجامیداوە، ئەوەیە کە بارزانی دروستبوونی دەوڵەت لە باشوری کوردستان وەك ژێرخانێك بۆ چارەسەری کۆی کێشەی کورد لەناوچەکە و لە پارچەکانی دیکەش سەیر دەکات، راشکاوانەتر لەم خاڵەوە دەکرێت لەسەر دوو ئاست سەیری ئەم پرۆسە نەتەوەییە بکەین:

١. بارزانی ئامانجی ئەوەیە دەوڵەتێك بۆ کورد دابمەزرێت،

**ئەگەر راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان لە بەشێکی کوردستان دروستکردنی ناسنامەیەکی فەرمی و نێودەوڵەتی بۆ هەموو کورد بێت، ئەوا لە چوارچێوەی ئەو پرۆسە نەتەوەییەی بارزانی بیری لێدەکاتەوە، ئەم دەوڵەتە دەبێتە شاهید و گەرەنتی بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لە پارچەکانی دیکە و دەبێتە هاریکار بۆ گرێدانەوەی بەرژەوەندی کورد بە تەواوی ناوچەکەوە**



تابتوانێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پشتیوانی بۆ چارەسەری ئاشتیانەی پرسی نەتەوەی کورد بەگشتی چارەسەر بکات، هەروەك چۆن بارزانی ئامادەبوو سەردانی وڵاتانی گەورەی ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایش بکات بۆ ئەوەی پشتیوانی بۆ رۆژئاوا بەدەست بهێنێت.

٢. بارزانی ئامانجی لەدروستکردنی دەوڵەتی کوردستان بۆ پیشاندانی ئیرادەی کوردە لەسەر ئاستی ناوخۆ، ئەمەش بەو مانایەی ئەوە ئیرادەی کوردە بڕیار دەدات بە ڕێگەی هەڵبژاردن کێ بەسەرۆکی خۆی هەڵدەبژێرێت و کێ لەپەرلەمان دەکاتە نوێنەری خۆی، هەروەها لەسەر ئاستی دەرەوە و جیهانیش دیسان راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان پیشاندانی ئیرادەی کوردە بۆ ئەوەی پێیان بڵێت چارەسەری کێشەی فاکتەرێکی گرنگە بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی هەرێمی و ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتیش، کەواتە ئەگەر راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان لە بەشێکی کوردستان دروستکردنی ناسنامەیەکی فەرمی و نێودەوڵەتی بۆ هەموو کوردبێت، ئەوا لە چوارچێوەی ئەو پرۆسە نەتەوەییەی بارزانی بیری لێدەکاتەوە، ئەم دەوڵەتە دەبێتە شاهید و گەرەنتی بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لە پارچەکانی دیکە و دەبێتە هاریکار بۆ گرێدانەوەی بەرژەوەندی کورد بە تەواوی ناوچەکەوە، هەموو لایەکیش دەزانن کە دروستکردنی بەرژەوەندی هاوبەش، بنەمای سیاسەتە لەهەموو پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا.



مایکل نایت بۆ گوڵان:

# سەرۆک بارزانی دیپلۆماتکارێکی پراکتیکیەو سەرکردەیەکی جیهانیە کە دەتوانرێت کاری لەگەڵدا بکرێت

**پرۆفیسۆر مایکل نایت بێجگە لەوەی یەکێکە لە گەورە تۆژەرانی ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراساتی رۆژهەڵاتی نزیك، لە هەمان کاتدا سەرۆکی پرۆگرامەکانی دیراسەتەکانی عێراق و هەرێمی کوردستانە لە هەمان ئامۆژگاو سیفەتی راوێژپێدانی بە حکومەتی ئەمریکا، پرۆفیسۆر نایت لەمساڵدا خەریکی توێژینەوەیەك بوو بە ناونیشانی (هەرێمی کوردستان ٢٥ ساڵ دوای ئەنفال) بۆ ئەم راپۆرتەش سەردانی زۆربەی ئەو ناوچانەی هەرێمی کوردستانی کردووە کە بەر پرۆسەی بەدناوی ئەنفال کەوتوون، ئێستاش لەمیانەی پرۆگرامی توێژینەوەی ئامۆژگای واشنتۆن پرۆفیسۆر نایت سەرقاڵی ئەنجامدانی توێژینەوەیە لەسەر کوردی هەر چوار پارچە و ئەمەشی ناو ناوە (هیلالی کوردی)، بۆ قسەکردن لەسەر ئاراستە جیاوازەکان و شێوازی جیاواز بۆ چارەسەری کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پرۆفیسۆر نایت بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** ئەگەر لەو خاڵەوە پرسیارەکەمان ئاراستە بکەین، ئایا تۆ کێشەی کورد لە هەر چوار وڵاتی عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا چۆن دەبینیت؟ ئایا ئەم کێشەیە وەك یەك کێشە چارەسەر دەکرێت، یان بە شێوازی جیاواز؟**

- لە هەر یەکێك لەو چوار وڵاتەدا کێشەی کورد بە شێوازی جیاواز و لە کات و ساتی جیاوازدا چارەسەر دەکرێت. مێژوو و دۆخی ستراتیجی لە هەر یەکێك لەو چوار وڵاتەدا تەواو بێ وێنەیە. هەر لە ساڵی ١٩٩١ـەوە لە عێراقدا کوردەکان بیست ساڵیان لە بنیاتنانی دەوڵەتەکەیاندا بەخەرجداوە. ئەوان بە سەرەتایەکی باش دەستیان پێکرد و پشتیوانیەکی بەهێزی ئەمریکایان بەدەستهێنا. ئەوان یەکەم دەوڵەتی کوردین. لە سوریادا کوردەکان بەم زووانە کۆنترۆڵی ناوچە نیمچە ئۆتۆنۆمیەکەیان دەکەن، بەڵام پێویستیان بە بنیاتنانی هاوپەیمانێتیەکی درێژخایەن هەیە لەگەڵ لایەنێکدا، ئەگەرنا ئابڵوقە دەدرێن و بێ دۆست دەمێننەوە: دەکرێت ئەو هاوپەیمانە تورکیا و هەرێمی کوردستان(KRG) بێت، یاخود دەکرێت موعارەزەی سوری بێت، یاخود دەکرێت رژێمەکەی ئەسەد و ئێران بێت. دەبێت پەیەدە ئەو رێگایە هەڵبژێرێت کە پێیدا دەڕوات. لە تورکیادا کوردەکان بەرەو نیمچە ئۆتۆنۆمیەکی کەلتوری و سیاسی هەنگاو هەڵدەنێن، ئەویش لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی بەهێزدا، بەڵام گۆڕانکاریەکە بە رەوتێکی خاو و هەنگاو بە هەنگاو دەبێت. ناکۆکیەکە سروشتێکی کەمتر سەربازی دەبێت، و پتر بەرگێگی سیاسی بەبەردا دەبڕێت، کوردەکانی تورکیا بە رەوتێکی خێرا دەبنە یەکێك لە کوتلەکانی دەنگدان، کە زۆرترین چاویان لەسەر دەبێت، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی دەستڕۆیشتویەکی زیاتریان هەبێت. لە ئێراندا، کوردەکان بە خاوترین رەوت ئازادی بەدەست دەهێنن. دەوڵەتی ئێران بەهێزە، و تەنانەت دەوڵەتێکی دەلڕەقە. کوردەکانی ئێران دەیانەوێت باوەڕ بەوە بهێنن کە روحانی سەردەمی ئازادیەکی زیاتر لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، بەڵام رەنگە ئەمە ئومێدێکی پێشوەختە بێت.

*** بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەدایە کێشەی کورد بەشێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر بکرێت، بۆ ئەمەش ئامادەیە هاوکاری هەر هەوڵێکی ئاشتیانە بکات، سەردانی ئەم دواییەشی بۆ تورکیا هەر لەو چوارچێوەیەدا بوو، ئایا تاچەند لەم قۆناخە هەوڵە ئاشتیەکان دەبنە جێگەی ئومێد؟**

- سەرۆك بارزانی رۆڵێکی بنیاتنەرانە دەبینێت لە راگرتنی ئاگربەستی پەکەکە. تورکیا زۆر سوپاسگوزارە بۆ پشتیوانیەکەی بۆ بەدەستهێنانی کات لە پێناو بنیاتنانی سازشی سیاسیدا. هەمیشە سەرکردە کوردەکانی رووبەڕووی ئەو مەترسیە دەبنەوە کە پەیوەندیە پێویستەکانیان لەگەڵ تورکیادا بە هەڵە لێکبدرێتەوە و بەو شێوەیە وێنا بکرێن کە لەلایەن تورکیاوە کۆنترۆڵ کراون. پێویستە هەرێمی کوردستان(KRG) کارایانە ئیدارەی تێڕوانینەکانی کورد بکات لەئاست پەیوەندیەکانی ئەنقەرە و هەولێردا، ئەویش بۆ ئەوەی پیشانی بدات کە ئەمە لە بەرژەوەندی کورددایە لە هەموو شوێنێك، هەروەها لە بەرژەوەندی تورکیا و هەرێمی کوردستانیشدایە(KRG).

*** هەستدەکرێت لەدوای ئاسایی بوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەنکەرە و هەولێر، تورکیاش هەنگاو بە هەنگاو دێتە پێش، هەفتەی رابردوو ئەردۆگان لەمیانەی وتارەکەی لە ئامەد زۆر بەراشکاوی ناوی کوردستانی هێنا، ئەمەش بۆ تورکیا ئاسان نییە، ئایا ئەمە مانای**

**هەر لە ساڵی ١٩٩١ـەوە لە عێراقدا کوردەکان بیست ساڵیان لە بنیاتنانی دەوڵەتەکەیاندا بەخەرجداوە. ئەوان بە سەرەتایەکی باش دەستیان پێکرد و پشتیوانیەکی بەهێزی ئەمریکایان بەدەستهێنا. ئەوان یەکەم دەوڵەتی کوردین**

**لە سوریادا کوردەکان بەم زووانە کۆنترۆڵی ناوچە نیمچە ئۆتۆنۆمیەکەیان دەکەن، بەڵام پێویستیان بە بنیاتنانی هاوپەیمانێتیەکی درێژخایەن هەیە لەگەڵ لایەنێکدا، ئەگەرنا ئابڵوقە دەدرێن و بێ دۆست دەمێننەوە: دەکرێت ئەو هاوپەیمانە تورکیا و هەرێمی کوردستان(KRG) بێت**

**لە ئێراندا، کوردەکان بە خاوترین رەوت ئازادی بەدەست دەهێنن. دەوڵەتی ئێران بەهێزە، و تەنانەت دەوڵەتێکی دەلڕەقە**

**ئەم بەرەو پێشچوونە و کرانەوە بەرەو رووی ئاشتی لە تورکیا، هەرێمی کوردستان(KRG) فاکتەرێکی بنەڕەتی بووە، لەبەر ئەوەی ئەو راستییەی بۆ تورکیا خستۆتەروو کە دەکرێت کوردەکان نیمچە سەربەخۆ بن، بێ ئەوەی ئەمە زیان بە بەرژەوەندی و یەکپارچەی خاکی تورکیا بگەیەنێت**

**کوردستان(KRG) تەنها ئەو کاتە دەتوانێت کاریگەریەکی بەهێزی بەسەر پەرەسەندنەکانی پەیوەست بە کوردی سوریاوە هەبێت کە پەیەدە بڕوای بە فرەیی هەبێت و هەست بکات پێویستی بە یارمەتی هەرێمی کوردستانە**

**ئەوە نییە سەرۆك وەزیران بۆ چارەسەری کێشەی کورد جددیە؟**

- هەر لە ساڵی ٢٠٠٢ـەوە ئەردۆغان زۆر پابەندبووە بە پرۆسەی کرانەوە لە ئاست کورددا، بەڵام ئەو پێویستی بە بنیاتنانی هێز و بچووکردنەوەی «دەوڵەتی قوڵ»ی ناسیۆنالیستی دێرینە(پرۆفیسۆر نایت مەبەستی لە دەوڵەتی قووڵ (Deep State) ئەمەش واتە لەو کاتەی ئاك پارتی هاتە دەسەڵات، دەسەڵاتی کردەیی لای سوپا بوو- گوڵان)، پێش ئەوەی دەستپێشخەری ئاشتیانەی لەگەڵ کورددا بخاتەگەڕ. هەمیشە ئەردۆغان و ئاك پارتی ئەو راستیەیان زانیوە کە خاڵی هاوبەشی ئەوان لەگەڵ کوردەکانی تورکیادا زیاتر وەك لە ناسیۆنالیستە توندەکان. بە چەشنی زۆرێك لە کوردەکان، ئەردۆغانیش، لەلایەن دەوڵەتی قوڵەوە هەراسانکراوە «چەوسێنراوەتەوە.» ئەردۆغان دەیەوێت هێنانەدی ئاشتی لەگەڵ کوردەکاندا بکاتە میراتی خۆی، هەروەها دەیەوێت لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٤-٢٠١٥ دەنگی کوردەکان بەدەست بهێنێت.

*** تاچەند بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەك کاراکتەرێکی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی سەیر دەکرێت و کاریگەری لە ناو هاوکێشە سیاسییەکان هەیە؟**

- سەرۆك بارزانی ئەکتەرێکی سەرەکیە لەسەر شانۆی ئیقلیمی. ئەو خاوەن سومعە و ناوبانگێکی بەهێزە لە دژ وەستانەوەی بەرامبەر دیکتاتۆریەتی سەددام حوسێن، ئەم تۆمارەش گرنگیەکی تایبەتی بەدەستهێنا لە دوای بەهاری عەرەبی، کە عەرەبەکان دەستیان کرد بە شەڕکردن لەگەڵ دیکتاتۆرەکانیاندا. سەرۆك بارزانی زیاتر و زیاتر وەك دیپلۆماتکارێکی پراکتیکی لێی دەڕوانرێت، وەك سەرکردەیەکی جیهانی کە دەتوانیت کاری لەگەڵدا بکەیت. هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە دەچێتە کۆشکی سپی و سەرۆك ئۆباما دەبینێت، و دواتر سەردانی دیاربەکر دەکات لەگەڵ سەرۆك وەزیران ئەردۆغاندا، دوای ئەوەش گەشتی کەنداو و روسیا و ئاسیا دەکات. سەرۆك بارزانی، هەرێمی کوردستانی (KRG) هێناوەتەسەر شانۆی جیهانی.

*** هەندێك بەو جۆرە سەیری هەنگاوەکانی حکومەتی ئاك پارتی دەکەن بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا، بەوەی ئەمە بەرەنجامی ئاسایی بوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەنکەرە و هەولێرە، ئایا تاچەند ئەم بارودۆخە هاندەر بووە بۆ حکومەتەکەی ئەردۆگان بۆ ئەوەی هەنگاو بۆ پرۆسەی ئاشتی هەڵبگرێت؟**

- بۆ ئەم بەرەو پێشچوونە و کرانەوە بەرەو رووی ئاشتی لە تورکیا، هەرێمی کوردستان(KRG) فاکتەرێکی بنەڕەتی بووە، لەبەر ئەوەی ئەو راستییەی بۆ تورکیا خستۆتەروو کە دەکرێت کوردەکان نیمچە سەربەخۆ بن، بێ ئەوەی ئەمە زیان بە بەرژەوەندی و یەکپارچەی خاکی تورکیا بگەیەنێت. گەورەترین مەترسی بۆ تورکیا لە ئێستادا بریتییە لە شەڕی سوریا، نەك بوونی هەرێمی نیمچە سەربەخۆی کوردستان لە عێراقدا. ئەمەش دەرفەتێکی گەورەیە، کاتێك لەوە دەڕوانین کە پێش دە ساڵ سوپای تورکیا هەڕەشەی داگیرکردنی عێراقی دەکرد بۆ ئەوەی رێگە لە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی بگرێت لە دوای رووخانی سەددام.

*** ئێستا تورکیا و هەرێمی کوردستان وەك دوو هاوبەشی ستراتیژی تێڕوانینیان لەسەر ئاستی هەرێمی نزیکە لە یەکتری بەتایبەتی لەسەر پرسی سوریا، ئایا تاچەند ئەم تێڕوانینە هاوبەشە کاریگەری لەسەر بارودۆخی سوریا دەبێت؟**

- هەرێمی کوردستان(KRG) بە زەحمەتی زانی دەستێوەردان لە سوریادا بکات، لەبەر ئەوەی پەیەدە بەرهەڵستی تێوەگلانی هەرێمی کوردستانی کردووە. لەبری ئەوە هەرێمی کوردستان(KRG) پشتیوانیەکی گەورەی بۆ ئاوارەکانی سوریا دەستەبەرکردووە. هەرێمی کوردستان(KRG) تەنها ئەو کاتە دەتوانێت کاریگەریەکی بەهێزی بەسەر پەرەسەندنەکانی پەیوەست بە کوردی سوریاوە هەبێت کە پەیەدە بڕوای بە فرەیی هەبێت و هەست بکات پێویستی بە یارمەتی هەرێمی کوردستانە، یاخود پەیەدە بەسەر هەرێمی کوردستاندا بکرێتەوە. تورکیا گفتوگۆی دوولایەنەی لەگەڵ پەیەدا کردۆتەوە، لەبەر ئەوەی لێکنزیکبوونەوەی هەرێمی کوردستان(KRG) و پەیەدە بە بەدەستهێنانی بەرەوپێشچوونێکی گەورە کۆتایی نەهات.

*** سەرەڕای بەرەوپێشچوونە ئابووریە گەورەکەی، هەرێمی کوردستان خاوەنی سەرچاوەی وزەیە و نەوت هەناردەی دەرەوە دەکات. تا چ رادەیەك بوونی سەرچاوەی وزە پێگەی هەرێمی کوردستانی لە هەموو روویەکەوە باشتر کردووە؟**

- سەروەتی نەوتی هەرێمی کوردستان(KRG) بەندە بە تورکیاوە: ئەمەش کاریگەری لەسەر نرخی ئەو نەوت و غازە دەبێت کە لە رێی تورکیاوە دەفرۆشرێن. هەرێمی کوردستان(KRG) پێویستی بەوەیە دڵنیابێت کە نرخێکی دادپەروەرانەی پێدەدرێت لەلایەن تورکیاوە. ئەمەش گرنگە، ئەگەر سامانی نەوت رۆڵێکی گرنگ ببینێت لە بنیاتنانی هەرێمی کوردستاندا(KRG)، و قەرەبووی دینار بە دیناری ئەو پشتپێبەستنە داراییەی



بۆ بکاتەوە کە لە بەرامبەر بەغدا هەیەتی. هەرێمی کوردستانیش(KRG) نایەوێت بەغدا بڵێت کوردەکانی عێراق پەدەگی نەوت و غاز بە نرخێکی زۆر هەرزان دەفرۆشن. لەبەر ئەوەی ئەنجامدانی گفتوگۆی سەخت لەگەڵ تورکیا مەسەلەیەکی گرنگە.

هەروەها گرنگە کوردەکانی عێراق لەو راستیە تێبگەن کە بۆ چەندین ساڵی دیکەش-بەلای کەمەوە پێنج ساڵ- سامانی نەوت ناتوانێت جێی ئەو داراییە بگرێتەوە کەلەلایەن بەغداوە پێیان دەگات. هەروەها داهاتی سامانی نەوت نەک تەنها ناچێتە خەزێنەی هەرێمی کوردستانەوە، بەڵکو دەبێت سەرەتا تێچووی بنیاتنانی ژێرخان و نرخی بەرهەمهێنانی نەوت و غاز و گواستنەوەکەی لێبدرێت. هەروەها پێویستە گرێبەستکارانیش قازانجی خۆیان پێبدرێت. تەنها دوای ئەوە هەرێمی کوردستان دەتوانێت ئەو بەشە زۆرەی ماوەتەوە بیبات. کەواتە سامانی نەوت راستەوخۆ بەدەست نایەت، بە چەشنی ئەوەی لە سعودیە و شوێنەکانی دیکە بەدی دەکرێت. بەڵکو بە رەوتێکی لەسەرخۆ بەدەست دێت، و دەستبەجێ نابێتەهۆی گۆڕینی هەموو شتێك.

لە کۆتاییدا، دەبێت کوردەکانی عێراق لەو راستیە تێبگەن کە سامانی نەوت بۆی هەیە وڵاتەکە وێران بکات. دەبێت بایەخ بەوە بدرێت کەلتوری و ئابووری کورد بەهۆی نەوتەوە لە ناو نەبردرێن. ئاسانە بۆ وڵاتە دەوڵەمەند بە نەوتەکان کە ئەو ئابووریانە فەرامۆش بکەن کە پشت بە نەوت نابەستن، کە تێیاندا هەلی باشی کارکردن دەڕەخسێنرێت، بۆ پیشەسازی نەوت، کە دەرفەتگەلێکی کەمی کارکردن دروست دەکات. هەروەها ئاسانە ئەو وڵاتانەی سامانی نەوتیان هەیە دەرسێکی هەڵە فێری گەنجەکانیان بکەن: ئەو مەترسیە هەیە لە هەرێمی کوردستاندا(KRG) کە گەنجەکان وابیر بکەنەوە بارودۆخیان ئەوەندە باشە کە پێویستیان بەوە نەبێت کاری ئاسایی بکەن، وەك کارکردن لە ئۆتێلەکان و چاککردنەوەی ئۆتۆمۆبێل و پاککردنەوەی شەقامەکان. تەنها ٢٥ ساڵ بەسەر ئەنفالدا تێپەڕیوە: هێشتا زۆر زووە کە نەوەی داهاتوو وا هەست بکەن کە حاڵیان ئەوەندە باشە ئیتر پێویستیان بەوە نییە بە دەستی خۆیان کاربکەن. ئەوە راست نییە کە دەستی کاری هەرزان لە خەڵکی پاکستان و فیلیپین، یاخود کورد و عەرەبی سوریا بهێنرێنە هەرێمی کوردستانەوە، لە کاتێکدا چەندەها گەنجی کورد هەیە کە بێکارە. بۆی هەیە نەوت مایەی نەفرەتی بێت ئەگەر ببێتە هۆی گۆڕینی کەلتور و کەمکردنەوەی ئەخلاقیاتی کارکردن.

## دیڤید فلیپس بۆ گوڵان:

# لەسایەی سەرکردایەتی بارزانیدا هەرێمی کوردستان بۆتە مۆدێلێک بۆ هەموو کورد و سەرچاوەی ئیلهام بۆ گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

دیپلۆماتکار و پرۆفیسۆر دیڤید فلیپس لەگەڵ ئەوەی ئێستا بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی بونیادنانی ئاشتی و مافەکانی مرۆڤە لە ئامۆژگای زانکۆی کۆلۆمبیا، لە هەمانکاتدا یەکێکە لە راوێژکارانی پێشووی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و تایبەتمەندە لەسەر کێشەی کورد لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردووەوە کار لەسەر کێشەی کورد دەکات و پێش رووخانی رژێمی پێشووی عێراق، پرۆفیسۆر فلیپس لە کۆنگرەی (کورد کلیلی سەقامگیری عێراقە) کە لە ساڵی ٢٠٠٢ لە مەڵبەندی مستەفا بارزانی لە زانکۆی ئەمریکا، توێژینەوەی (دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی لە عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدرالی) پێشکەش کرد، لە ساڵی ٢٠٠٩شەوە لە ئامۆژگای ترانس ئەتڵەنتیك کاری لەسەر شێوازی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا و دروستبوونەوەی متمانە لەنێوان هەولێر و ئەنکەرا کرد، ئەمەشی وەك بناخەیەك بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لە تورکیا، لەم بارودۆخەدا کە کێشەی کورد چۆتە قۆناخێکی تر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕستدا، بە پێویستمان زانی جارێکی دیکە ئەم پرسە لەگەڵ پرۆفیسۆر فلیپس تاوتۆ بکەین و بەمجۆرە رایەکانی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.



*** حاڵی حازر کێشەی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆتە کارتێکی گرنگ لە نێو هاوکێشە سیاسییەکاندا، کە هەوڵێك هەیە لە نێوان هەر چوار وڵاتەکەدا (تورکیا و ئێران و سوریا و عێراق) بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، بەڵام بە شێوەی جیاواز. بەپێی تێڕوانینی ئێوە، چۆن لە کێشەی کورد لە سەر ئاستی ئەم چوار وڵاتە بە تایبەتی لە سەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی دەڕوانن؟**

- کوردستانی عێراق مۆدێلێکە بۆ کوردەکانی ناوچەکە. ئەو ئاشتی و گەشەکردنەی بەدەستی هێناوە بۆتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. پەرەسەندنە دیموکراتی و ئابووریەکانی کوردستانی عێراق هەڕەشەیە بۆ دیکتاتۆریەت و ئەو- رژێمانەی- بەناو دیموکراتین.

راگەیاندنی ئاگربەست لەلایەن پەکەکە و کشاندنەوەی هێزەکانی لە ٢٣ی ئازار بەرجەستەی پەرەسەندنێکی راستەقینەی کرد کە کۆتایی بە ناکۆکی توندوتیژی تورکیا لەگەڵ پەکەکەدا هێنا. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەردۆغان وەك ئامانجێك لە ئاگربەستەکەی روانی، نەك وەك هەنگاوی یەکەم بە ئاڕاستەی گەیشتن بە رێککەوتنێکی ئاشتی درێژخایەن. «پاکێجی دیموکراسی»، کە لە ٣٠ی ئەیلولدا راگەیەنرا، هەنگاوێکی باش بوو، بەڵام زۆر کەم و زۆر درەنگوەخت بوو. ئەو چاکسازیانەی خرانەڕوو نەگەیشتنە ئاستی زەمانەتی دەستووری بۆ ناسنامەی کوردی و مافە سیاسی و کەلتوریەکان. کوردەکانی داوای دابەزاندنی دەسەڵات دەکەن بۆ حکومەتی مەحەلی. ئەوان دەیانەوێت لەسەر ئاستی هەرێمەکەیان و لەسەر ئاستی کەلتوری ببنە خاوەنی خۆبەڕێوەبەری «ئۆتۆنۆمی» ئەویش بۆ بەهێزکردنی رێکارەکانی دابەزاندنی دەسەڵات.

**بانگهێشتەکەی ئەردۆغان دانپێدانان بوو بە بەشداری بنیاتنەرانەی بارزانی لە پرۆسەی ئاشتی تورکیادا. چیتر سەرکەوتنی کوردستانی عێراق مایەی هەڕەشە نییە بۆ تورکیا**

کوردەکانی سوریا لە هەموو بەرەکانەوە ئابڵوقەدراون، لەڕووی مێژوویی‌یەوە بوونەتە قوربانی دەستی ڕژێمەکەی ئەسەد و کەوتوونەتەبەر هێرشی نوسرە، کەلەلایەن تورکیاوە پشتیوانی دەکرێت. هێشتا کوردەکانی ئێران کەمینەیەکی سەرکوتکراون و وەك گروپێکی پەراوێزخراو دەمێننەوە تا ئەو کاتەی گۆڕانێکی ڕاستەقینە ڕوودەدات، گۆڕانێك کە دەسەڵات بگوازرێتەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی فرەیی و لێبوردە.

*** هەفتەی ڕابردو شایەتی ڕووداوێکی مێژوویی بووین کە بریتی بوو لە بانگهێشتی ڕەسمی سەرۆك بارزانی لەلایەن سەرۆك وەزیران ئەردۆغانەوە بۆ دیار بەکر، کە گەورەترین شاری کوردیە لە تورکیا. بەپێی بۆچوونی ئێوە، تا چەند سەردانەکەی بارزانی بۆ شارێکی گەورەی کوردی لە تورکیا یارمەتیدەرە بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەی کورد؟**

- بانگهێشتەکەی ئەردۆغان دانپێدانان بوو بە بەشداری بنیاتنەرانەی بارزانی لە پرۆسەی ئاشتی تورکیادا. چیتر سەرکەوتنی کوردستانی عێراق مایەی هەڕەشە نییە بۆ تورکیا. کوردەکانی تورکیا چاویان لەوە نییە ببنە بەشێك لە «کوردستانی گەورە.» ئەوان ئەو ڕاستیە دەزانن کە ئەو کاتە ئامانجەکانیان بەرەوپێش دەبەن کە تورکیا ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا.

ماوەیەکی زۆرە لەو باوەڕەدام کە عێراق ناتوانێت بەم سنورانەی ئێستایەوە بمێنێتەوە. کوردستانی عێراق دەبێتە قەوارەیەکی سەربەخۆ لە ژێر سەرپەرشتی و پارێزگاری تورکیادا. تورکیا پتر متمانەی بە خۆیەتی. سەرکەوتنی کوردستانی عێراق بە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ سەقامگیری و سەروەری تورکیا لێکناداتەوە. لەڕاستیدا، دەقا و دەق پێچەوانەی ئەمە ڕاستە.

*** چەند ساڵێك پێش ئێستا، ئەگەر کەسێك ناوی کوردستانی بهێنایە ئەوا سزا دەدرا. بەڵام لە چوارچێوەی سەردانەکەی بارزانی بۆ دیاربەکر، سەرۆك وەزیرانی تورکیا، ئەردۆغان، سێ جار ناوی کوردستانی هێنا، کەبەلای چاودێرانەوە ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو بوو. ئایا پێتوانیە ئەمە بەو مانایە بێت کە ئەردۆغان دەیەوێت کێشەی کورد بە ئاشتیانە چارەسەر بکات و دەستوورێکی نوێ بۆ تورکیا بنووسێتەوە؟**

- کاتێك کەلێن و بۆشایی لە نێوان گوفتار و ڕەفتاردا هەبێت، ئەوا ناتوانرێت ئاشتیەکی درێژخایەن بەدەست بهێنرێت. چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەی کورد پێویستی بە چاکسازی دەستووری هەیە کە دەسەڵات دابەزێنێت لە تورکیادا. ئۆتۆنۆمی بە شێوەیەکی بنەڕەتی گۆڕانکاری بەسەر تورکیادا دەهێنێت و

**ئۆتۆنۆمی بە شێوەیەکی بنەڕەتی گۆڕانکاری بەسەر تورکیادا دەهێنێت و دەبێتەهۆی ئەوەی پتر نوێنەرایەتی و دیموکراتیەتی تێیدا بەرجەستە بێت**




دەبێتەهۆی ئەوەی پتر نوێنەرایەتی و دیموکراتیەتی تێیدا بەرجەستە بێت. دەکرێت پرۆسەی دابەزاندنی دەسەڵات بە جێبەجێکردنی چارتەری ئەنجومەنی ئەوروپی بۆ ئۆتۆنۆمی بۆ حکومەتە محەلیەکان دەست پێبکات. ئەگەر تورکیا ئامادەنییە لەسەر ئاستی ئەنجومەن دەسەڵات دابەزێنێت، ئەوا دەتوانێت ڕێگاچارەی هاوشێوە بگرێتەبەر و بەوە دەست پێبکات کە دەسەڵات بۆ حکومەتە مەحەلیەکانی باشوری ڕۆژهەڵات دابەزێنێت.

پێویستە لە پاڵنەری ئەرددۆغان تێبگەین. ئەو لە هەوڵی ئەوەدایە چاکسازی لە دەستووردا بکات بۆ ئەوەی سیستمێکی سەرۆکایەتی دابمەزرێنێت، کە ئەمە تموحی ئەوە و چاوی لەسەریەتی. لەگەڵ ئەوەشدا، تورکەکان زیاتر و زیاتر بە گومانەوە لە ئەردۆغان دەڕوانن، ئەویش دوای ئەوەی لە هاوینی ڕابردودا لە جیزی پارك و سەرتاسەری وڵاتەکە ڕوویدا. دەکرێت چاکسازیە دەستووریەکان هەڵبگیرێن تاوەکو تورکیا

بازنەی هەڵبژاردنی دوو ساڵەی تەواو دەكات.

*** شارەزایان پێیانوایە ئەزموونی سەركەوتووی خۆبەڕێوەبەری هەرێمی كوردستانی عێراق و بوونی سەقامگیریەكی سیاسی و ئابووری هۆكارێك بوونە بۆ بەرەوپێشچوونی هەوڵەكان بۆ چارەسەركردنی كێشەی كورد لە توركیا. تا چ رادەیەك هەرێمی كوردستانی عێراق فاكتەرێكی گرنگ بووە بۆ ئەوەی وەرچەرخان لە كێشەی كورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا رووبدا؟**

-وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پاشماوەی كۆلۆنیالیزمن. ئەوان كێشەی هاوبەشیان هەیە: دەسەڵاتێكی زۆر لە دەستی حكومەتی مەركەزیدا چڕبۆتەوە. دابەشكردنی دەسەڵات كە كۆنترۆڵی حكومەتی مەحەلی، ئابووری مەحەلی و زمانی مەحەلی و پەروەردە و كەلتور دەخاتە دەستی سەركردە مەحەلیەكان لە بەرژەوەندی سەقامگیریە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. دەستووری عێراق چوارچێوەیەك بۆ خۆبەڕێوەبەری كوردستانی عێراق فەراهەم دەكات، ئەویش لەڕێی هێنانەدی سیستمێكی حكومڕانی فیدراڵی و دیموكراتیەوە. فیدراڵیزم ئەو دەسەڵاتە بە كوردستانی عێراق دەدات كە وەك دەوڵەتێكی سەربەخۆ كاروبارەكانی خۆی هەڵسوڕێنێت، كە ئاستێكی بەرزی بە نامەركەزیكردن و ئۆتۆنۆمی لە خۆدەگرێت.

*** توركیا فاكتەرێكی گرنگە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا كە كاریگەری هەیە لەسەر گۆڕانە ئیقلمیەكانی ناوچەكە، و حاڵی حازر توركیا هەرێمی كوردستان بە هاوپەیمانێكی ستراتیژی دادەنێت. بە تێڕوانینی ئێوە، تا چ رادەیەك هەرێمی كوردستان و توركیا كاریگەریان لەسەر كێشەی كوردی سوریا دەبێت، ئایا پێشبینی ئەوە دەكەیت كوردەكانی سوریاش بە مافەكانی خۆیان بگەن؟**

- سوریا دەوڵەتێكی شكستخواردووە. شوێنی بەشار ئەسەد دادگای تاوانی نێودەوڵەتیە نەك كۆشكی سەرۆكایەتی لە دیمەشق. بە چاوپۆشین لەوەی چ دەرئەنجامێك لەشەڕی ناوخۆیی سوریا دەكەوێتەوە كە وەك دەستاڕ هەموو لایەك دەهاڕێت، ئەوا سوریەكان پێویستیان بە رێككەوتنێكی نوێ هەیە. دابەشكردنی دەسەڵات لە چوارچێوەی فیدراڵیەتدا بەدیلە بۆ ئەو حكومڕانیە مەركەزیە توندەی لە سایەی ئەسەددا هەیە. ئەگەری زۆر ئەوەیە، سوریا لەبەریەكهەڵوەشێت بۆ چەند دەوڵەتێكی بچووك كە لەلایەن میلیشیا و ئەمیرە لۆكاڵیەكانی شەڕەوە بەڕێوەببردرێن. لەم حاڵەتەدا، بارزانی بە روونی رایگەیاند كە دەستەوەستان ناوەستێت ئەگەر هاتوو كوردەكان لەلایەن نوسرە و جیهادیەكانی دیكەوە كۆمەڵكوژ بكرێن. پاراستنی كوردەكانی سوریا هەنگاوێكە بەرەو یەكێتیەكی كۆنفیدراڵی، كە خاكی كوردەكان لە سوریا گرێبداتەوە بە كوردستانی عێراقەوە.

*** سەرەڕای بەرەوپێشچوونە ئابووریە گەورەكەی، هەرێمی كوردستان خاوەنی سەرچاوەی وزەیە و نەوت هەناردەی دەرەوە دەكات. تا چ رادەیەك بوونی سەرچاوەی وزە پێگەی هەرێمی كوردستانی لە هەموو روویەكەوە باشتر كردووە؟**


- بە زۆری بزنس ئامانجە بنەڕەتیەكەیە. كۆمپانیاكانی توركیا بە بەهای ١٣ ملیار دۆلار كاڵایان بە بەكاربەرانی كوردستانی عێراق فرۆشتووە لە ساڵی ٢٠١٢دا. كۆمپانیاكانی بنیاتنانەوە بە بەهای زیاتر لە ٣٠ ملیار دۆلار گرێبەستیان ئیمزاكردووە. هاوكاری لە رووی بازرگانیەوە لە بەرفراوانبووندایە. توركیا پێویستی بە دابینكەرێكی متمانەپێكراوی وزەیە بۆ ئەوەی پێداویستیە روو لە زیادەكانی گەشەكردنی بۆ دابین بكات. لەبری ئەوەی تەنها پشت بە روسیا و ئێران ببەستێت، كە بەهۆی قەیرانی سوریاوە توركیا لە ناكۆكیدایە لەگەڵ ئەم وڵاتانەدا، ئەوا توركیا رووی كردۆتە كوردستانی عێراق. توركیا بایەخ بە بەشداریكردن لە پەرەپێدانی بلۆكەكانی وزە لە كوردستانی عێراقدا دەدات. گواستنەوەی نەوت و غاز لە كوردستانی عێراقەوە بۆ توركیا رایەڵی پەیوەندیەكانی نێوان ئەم دوو شەریكە ستراتیجیە بەرەو پێشەوە دەبات.

*** سەرۆك بارزانی توانیویەتی هاوسەنگیەكی سیاسی و دیپلۆماسی لەگەڵ وڵاتانی دیكەدا بپارێزێت، و توانیویەتی دوژمنایەتی لەگەڵ توركیا بگۆڕێت بۆ شەریكێكی ئاشتی و ستراتیژی. تا چ رادەیەك بارزانی دەتوانێت هاوكاربێت بۆ ئاشتی و چارەسەركردنی كێشەكانی ناوچەكە؟**

- دەكرێت لەڕێی گۆڕینی بونیاد و میكانیزمی نوێی ئیدارەدانی گفتوگۆكانەوە پرۆسەی ئاشتی بەرەوپێشەوە ببردرێت. بەرفراوانكردنی گفتوگۆكارانی هەردوولا خزمەت بە دیالۆگی سیاسی دەكات، بە هەمان شێوە چاودێریكردنی گفتوگۆكان و جێبەجێكردنی ئاشتی لەلایەن كۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە. هەروەها شوێنی نوێی و ئاسانكاری لایەنی سێیەم خزمەت بە گفتوگۆكان دەكەن. بارزانی دەتوانێت رۆڵێك ببینێت. ئەو پەیوەندی نزیكی هەیە لەگەڵ لایەنەكانی پەكەكەدا. لەسایەی سەركردایەتی ئەودا، هەرێمی كوردستان و توركیا بوونەتە شەریكی ستراتیجی، كە بەرژەوەندی ئەمنی و بازرگانی و سیاسی هاوبەشیان هەیە.

**پاراستنی كوردەكانی سوریا هەنگاوێكە بەرەو یەكێتیەكی كۆنفیدراڵی، كە خاكی كوردەكان لە سوریا گرێبداتەوە بە كوردستانی عێراقەوە**

**فیدراڵیزم ئەو دەسەڵاتە بە كوردستانی عێراق دەدات كە وەك دەوڵەتێكی سەربەخۆ كاروبارەكانی خۆی هەڵسوڕێنێت، كە ئاستێكی بەرزی بە نامەركەزیكردن و ئۆتۆنۆمی لە خۆدەگرێت**



## تۆزەن باهچلی بۆ گوڵان:

# سەردانی بارزانی بۆ ئامەد ڕووداوێکی مێژوویی بوو سەنگ و پێگەی بارزانی مافەکانی کوردی پێشخستووە

**پرۆفیسۆر تۆزۆن باهچلی ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی کینگ لە ئۆنتاریۆ لە کەندا و تایبەتمەند و پسپۆڕە لەسەر کێشەی کورد و تورکیا، بەتایبەتیش کوردی عێراق و تورکیا، بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکانیش ماوە ماوە سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات و سەردانی هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان دەکات بۆ ئەوەی لەبەر ڕۆشنایی زانیاری ورد دیراسەتەکانی پێشکەش بکات، بۆ قسەکردن لەسەر دۆخی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کاریگەی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەم پرسە، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر باهچلی ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە:**

*** خەریکە کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك کێشەیەك دەردەکەوێت کە هەموو لایەك هەست بکەن ئەم کێشەیە پێویستە چارەسەر بکرێت لە هەر چوار وڵاتی تورکیا و سوریا و ئێران و عێراق، ئایا تاچەند ئەم تێڕوانینە وەك پێویستیەك سەیر دەکرێت؟**

- بە دڵنیاییەوە و بە بەراورد بەهەر کاتێکی دیکە ئێستا کورد ڕۆڵێکی گەورەتر دەبینێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئاشکرایە دوایین ڕووداوەکانی ئەم دواییە کە پەیوەست بوون بە کوردەوە بریتی بوون لەو ڕووداوانەی لە سوریای گرفتار بە شەڕدا ڕوویاندا، کە تێیدا ئەگەری ئەوە هەیە کوردەکان بەرەوپێشچوونێکی ڕاستەقینە لە دۆخی خۆیاندا بهێننەدی. لە عێراقدا، حکومەتی بەغدا بە بەردەوامی دووچاری تەحەددیەکی گەورەتر دەبێتەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی تائیفی، و تا ڕاددەیەکیش حکومەتێکی لاوازە. ئەمەش دەستڕۆیشتوویەکی زیاتری بە هەرێمی کوردستان داوە لە مامەڵەکردن لەگەڵ حکومەتەکەی مالیکیدا. لە تورکیاشدا گەشەکردنێکی بەردەوام -ئەگەرچی نایەکسانە- هەیە لە بەرەوپێشچوونی مافەکانی کورددا، ئەمەش دوای ئەوەی تورکیا ناچار بوو سیاسەتی کرانەوە بۆ چارەسەری کێشەی کورد پیادە بکات، هەربۆیە لە کاتێکدا دانپێدانانێکی ئاشکرا هەیە لەلایەن حکومەتی تورکیەوە بەوەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد پێویستی بە دیموکراسیەتێکی زیاتر هەیە، لە ئێراندا دۆخەکە وەك خۆی ماوەتەوە، تا ئێستا ئومێدێکی ئەوتۆ نایەتە بەرچاو گۆڕانێکی ئەوتۆ ڕووبدات.

*** بەڵام هەست ناکەی لەتورکیا هەنگاوی جددی هەیە، بەتایبەتی وەك لەسەردانی ئەم دواییەی بارزانی بۆ ئامەد دەرکەوت، ئایا ئەوە تاچەند ڕووداوێکی گرنگ بوو؟**

- لە ڕاستیدا سەردانی ئەم دواییەی سەرۆك بارزانی بۆ ئامەد لەسەر بانگهێشتی سەرۆك وەزیرانی تورکیا، ڕەجەب تەییب ئەردۆغان، ڕووداوێکی مێژوویی بوو، کە سێ بۆ چوار ساڵ پێش ئێستا نەدەکرا وێنای ڕوودانی ڕووداوێکی لەم چەشنە بکرێت. پشتیوانی بارزانی بۆ دەستپێشخەریە نوێیەکەی حکومەتەکەی ئەردۆغان هاوکار و یارمەتیدەرە. لەگەڵ ئەوەشدا، ژمارەیەکی زۆر ناسیۆنالیستە کوردەکانی تورکیا، لە نێویاندا زۆرێك لە ئەندامانی پارتی ئاشتی و دیموکراتی (بەدەپە) جار لە دوای جار دوپاتی دەکەنەوە کە کێشەی کورد پێویستی بە گفتوگۆی نێوان ئەنقەرە و سەرکردایەتی کوردی تورکیا هەیە، ئەویش لە پێناو بەدەستهێنانی مافە جەماعیەکانی کورددا. ئەمە مەسەلەیەك نییە لە نێوان ئەنقەرە و هەولێردا. بە ڕەچاوکردنی ئەوەی وترا، ئەو پێگە مەزنەی سەرۆك بارزانی لە نێوان کوردەکانی تورکیا هەیەتی و ئەو بەرەوپێشچوونە گەورەیەی لە پەیوەندیەکانی تورکیا و کوردستاندا بەدی هاتووە سوودبەخشە بۆ پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا.

*** تا چ ڕاددەیەك بارزانی دەتوانێت هاوکاریێت بۆ ئاشتی و**

**چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچەکە؟**

- کوردستانی عێراق بۆتە« kin-state»(کە بریتیە لەو دەوڵەتەی کەمینەیەکی نەتەوەیی هەیە لە وڵاتانی دیکەدا) بۆ کوردەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، و –دۆخێکی-دەوڵەتداری راستەقینەی بەدەستهێناوە، بە حەزەرەوە هەنگاو دەنێت بۆ ئەوەی دەوڵەتە بەهێزەکانی وەك تورکیا و ئێران تووڕە نەکات کە کەمینەیەکی گەورەی کوردیان هەیە. سەرۆك بارزانی شایستەی ستایشێکی زۆرە کە رێبازی رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ تورکیادا نەگرتۆتەبەر. دەرئەنجامەکانیش دیارن و بە بەرچاوی هەموو کەسێکەوەیە. ئابووری گەشەکردو و پەیوەندییە بازرگانیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا بەردەوامە لەبەدەستهێنانی دەرئەنجامی زۆر باش بۆ هەردوولا. پەیوەندیە سیاسییە نزیکەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا وای لە هەرێمی کوردستان کردووە کە رۆڵێکی یارمەتیدەر ببینێت لە دەستپێشخەریە ئاشتیانەکەی حکومەتەکەی ئەردۆغاندا. پەیوەندییە نزیکەکانی لەگەڵ تورکیا پێگەی بارزانی بەهێز دەکات بۆ خستنەڕووی دەستپێشخەری ئیقلیمی کە ببێتە هۆی بەرەوپێشبردنی مافەکانی کورد.

*** دیسان ئەگەر هەر لەسەر ئەم سەردانە پرسیار بکەین، وتارەکەی سەرۆك وەزیران ئەردۆگانیش وتارێکی گرنگ بوو بۆ کورد، لەبەر ئەوەی یەکەمجاربوو ناوی کوردستان بهێنێت، خۆشت دەزانی ناوهێنانی کوردستان تابو بوو لە تورکیا، ئایا ئەمەش پیشاندانی نیەتێك نییە بۆ چارەسەری ئاشتی لەلایەن حکومەتی تورکیاوە؟**

- ماوەیەکە حەرامبوونی – ناوهێنان و ئاماژەکردن بە- کورد و کوردستان لە تورکیا بەسەرچووە و ئەمەش دوایین نموونەیە لەم رووەوە. ماوەیەکی زۆر پێش ئێستا نەبوو کە سەرۆکی تورکیا عەبدوڵڵا گویل بە شێوەیەکی بەرفراوان کەوتەبەر رەخنە بەهۆی بەکارهێنانی وشەی کوردستانەوە. ئەردۆغان ئەو مشتومڕەی لەبەرچاو بوو کە لێدوانەکەی گویل دروستی کرد، ئەم وشەیەی وەك ئاماژەیەك بۆ خواستەکەی خۆی بەکارهێنا و بۆ بەدەستهێنانی سۆزی دەنگدەرانی کورد کە لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوودا لە هەڵبژاردنە شارەوانی و سەرۆکایەتی و پەرلەمانتاریەکاندا دەنگ دەدەن. گومان هەڵناگرێت کە ئەردۆغان پابەندە بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا، پارتی داد و گەشەپێدان(ئاك پارتی) بەرەوپێشچوونێکی زۆری بەدەستهێناوە لە مامەڵەکردن لەگەڵ داواکاریەکانی کورددا. لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین، ئایا ئاك پارتی بە چ رەوتێك پرسەکانی پەیوەست بە زەمانەتی دەستووری بۆ پاراستنی زمان و کەلتوری کوردی، و خوێندنی کورد لە قوتابخانە حکومیەکان، هەروەها ئۆتۆنۆمی لە ناوچە کوردیەکەدا، ئەهێنێتەدی.

*** بوونی هەرێمی کوردستان بە فاکتەرێکی هاریکار بۆ یارمەتی پرۆسەی ئاشتی لەتورکیا، خاڵێکە زۆر لە پسپۆران هەڵوەستەی لەسەر دەکەن، ئایا ئەمە نیشانەی سەرکەوتنی هەرێمی کوردستان نییە؟**

- پێموایە دەتوانین گریمانەی ئەوە بکەین کە ئەو خۆبەڕێوەبەریە(ئۆتۆنۆمیەی) هەرێمی کوردستان هەیەتی کاریگەریەکی گەورەی هەیە لەسەر کوردەکانی تورکیا و بۆتەهۆی وروژاندنی هۆشیاری نەتەوەییان. حکومەتی تورکیاش ئەو راستیە دەزانێت. دوای ساڵانێك لە نیگەرانی کە بوونی کوردستانی عێراق دەبێتەهۆی وروژاندنی کوردەکانی تورکیا، ئەوا تورکیا ئێجابیانەتر لە سەرکەوتنی هەرێمی کوردستانی لە رووی خۆبەڕێوەبەری و سەقامگیریەوە دەڕوانێت، بە تایبەتی کە هەرێمی کوردستان لایەنێکی یارمەتیدەرە لە پرۆسەی ئاشتی تورکیا. زیاتر لە هەر شتێکی دیکە، ئەگەری ناکۆکیەکی نەبڕاوە لەگەڵ پەکەکەدا بۆتە هێزی پاڵنەر لە خواستی تورکیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، بەڵام ئەوەش راستیە کە تورکیا و هەرێم ی کوردستان وەك هاوپەیمانی ستراتیژی رەفتار دەکەن. ئەوان بەرژەوەندی هاوبەش و هەروەها جیاوازیشیان هەیە. بە دڵنیاییەوە توانای ئەوەیان هەیە کاریگەربن بەسەر پەرەسەندنەکانی سوریاوە کە کاریگەریان هەیە لەسەر کوردەکانی ئەو وڵاتە. پێدەچێت کوردەکانی سوریا دەرفەتێکی مێژوویان لەبەردەمدابێت بۆ بەرەوپێشبردنی دۆخی خۆیان و دەرهێنانی لەوەی کۆمەڵگەیەکی بن لە سوریا کە زۆرترین جیاکاریان لە دژکرابێت بۆ پێکهاتەیەك کە ئیعیتراف بە مافە جەماعیەکانیان کرابێت. هەروەها رەنگە بتوانن شێوەیەك لە خۆبەڕێوەبەری بەدەست بهێنن، ئەویش بەندە بە دەرئەنجامی شەڕە ناوخۆییەکەوە. ئەوەی مایەی بەدبەختی ئەوانە، ئەوەیە کە کوردەکانی سوریا لە رووی سیاسیەوە دابەشبوونە و ئەمەش ئاستەنگی بۆ دروست کردون. هەم ئەنقەرە و هەم سەرکردایەتی کوردستانی عێراق پەرچەکرادی سلبیانەیان هەبووە لە دژی راگەیاندنی خۆبەڕێوەبەری لەلایەن پارتی یەکێتی دیموکراتی (پەیەدە)وە. ئەوان حەز بەو هاوپەیمانێتیە ناکەن کە لە نێوان پەیەدە و پەکەکە(لە تورکیادا) هەیە. هەروەها پەیەدەش هاوکاری لەگەڵ رژێمی سوریادا دەکات، و هەوڵی سەپاندنی ئەجێندەی خۆی بەسەر گرووپە کوردیەکانی دیکەی سوریادا دەدات.

*** سەرەڕای بەرەوپێشچوونە ئابووریە گەورەکەی، هەرێمی کوردستان خاوەنی سەرچاوەی وزەیە و نەوت هەناردەی دەرەوە دەکات. تا چ رادەیەك بوونی سەرچاوەی وزە پێگەی هەرێمی کوردستانی لە هەموو روویەکەوە باشتر کردووە؟**

- بە راستی سەروەتی هایدرۆکاربۆنی هەرێمی کوردستان سەروەتێکی زەبەلاحە، و سەرچاوەی سەرەکیە بۆ ئەوەی هێز و توانای ئەوەی هەبێت رۆڵێکی گرنگ ببینێت وەك ئەکتەرێکی ئیقلیمی. ئەمەش لە رێککەوتنەکانی ئەم دواییەی نێوان ئەنقەرە و هەولێردا دەرکەوت بۆ هەناردەکردنی برێکی زۆری نەوت و غاز لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ تورکیا.

**ئەو پێگە مەزنەی سەرۆک بارزانی لە نێوان کوردەکانی تورکیا هەیەتی و ئەو بەرەوپێشچوونە گەورەیەی لە پەیوەندیەکانی تورکیا و کوردستاندا بەدی هاتووە سوودبەخشە بۆ پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا**

**سەرۆک بارزانی شایستەی ستایشێکی زۆرە کە رێبازی رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ تورکیادا نەگرتۆتەبەر. دەرئەنجامەکانیش دیارن و بە بەرچاوی هەموو کەسێکەوەیە**

**سەروەتی هایدرۆکاربۆنی هەرێمی کوردستان سەروەتێکی زەبەلاحە، و سەرچاوەی سەرەکیە بۆ ئەوەی هێز و توانای ئەوەی هەبێت رۆڵێکی گرنگ ببینێت وەک ئەکتەرێکی ئیقلیمی**

# ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمان بنەمایەک بۆ پێکهێنانی کابینەی تازەی حکومەتی هەرێمی کوردستان



کازم حەبیب

تایبەت بۆ گوڵان نووسینی

هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی لە کەشوهەوایەکی هێمن بەڕێوەچوو، بێ ئەوەی هیچ گرژییەك ببێتە لەمپەر یان گومانێکی زۆر لە ئەنجامەکانی بێتە ئاراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هەڵبژاردنە بەدەر نەبوو لە چەندین رووداوی نەخوازراو کە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئاماژەی پێکردووەو توانرا بەپێی دەستوور چارەسەر بکرێت، ئەو بارودۆخە ئەمنییەی کە بۆ هەڵبژاردنەکان دەستەبەرکرا هاوکات گەشەکردنی هۆشیاریی رکابەریی هەڵبژاردن بە شێوەیەکی بەرچاو بەشداری کرد لە بەرزکردنەوەی رێژەی بەشداربووانی ئەم خولەی هەڵبژاردن کە گەیشتە ٧٤٪ کە ئەمەش رێژەیەکی بەرزە، هەروەها لەسەروبەندو دوای پرۆسەکەش هیچ کردەوەیەکی تیرۆریستی رووی نەدا، هەروەکو پێشتر لە بەغداو شارەکانی دیکەی عێراق روویان دەدا، بەڵام تیرۆریستان هەوڵیان دا ئاسایشی کوردستان بشێوێنن ئەویش بە ئەنجامدانی تەقینەوەیەك دژی دەزگاکانی ئاسایشی ناوخۆ دوابەدوای هەڵبژاردنەکان، لەم هەڵبژاردنەدا چەندین لیستی جیاجیا دابەزین و هاوپەیمانیش لەنێوان لیستە سەربەخۆکان نەبوو، هەروەها هەردوو حزبی دەسەڵات پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەپێچەوانەی دوو خولەکەی پێشوو بە لیستی جیا دابەزین، ئەمەش دیاردەیەکی پۆزەتیڤە تاکو هەرلایەك توانراو ئاستی پەیوەندییەکانیان بە جەماوەرەوە بزانرێت و بەرنامەو کاندیدەکانیان بە خەڵکەکە ئاشنابکرێن، هاوکات بۆ خستنەڕووی خاڵەکانی بەهێزیی و لاوازییان، ژمارەی دەنگدەران ٢,٨٠٠,٠٠٠ کەس بوو،، ژمارەی لیستەکانیش ٣١ لیست بوو، کاندیدانیش ١١٢٩ کاندید بوو بۆ هەڵبژاردنی ١١١ پەرلەمانتار لەوانە ١١ ئەندام بۆ نەتەوەکانی دیکە، هەروەها لە ٣٠٪ی کورسیەکانی پەرلەمان بۆ ئافرەتان تەرخانکرابوو بەپێی دەستووری هەرێمی کوردستان، ئەو لیستانە بە دوو ئاراستەی جیاواز بەرنامە سیاسییەکانیان خستبووەڕوو: ئاراستەی یەکەم: ئاراستەی نەتەوەیی دیموکراتی مەدەنی، کە زۆرینەی حزبە سیاسییەکانی کوردستانی لەخۆگرتبوو کە مەبەستیان جیاکردنەوەی ئایین بوو لە دەسەڵات و سیاسەت و پرسەکانی دیکە، ئاراستەی دووەم: بریتی بوو لە حزب و قەوارەکانی ئیسلامی سیاسی، ئەو حزبانە بوون کە بەناوی ئایینەوە سیاسەت دەکەن، ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنەش بەم شێوەیە بوو: ٩٤ کورسی بۆ حزب و هێزە مەدەنی و نەتەوەیی و عەلمانییەکان و ١٧ کورسیش بۆ حزبەکانی ئیسلامی سیاسی کە بەسەر سێ حزبدا دابەش ببوو، یەکگرتووی ئیسلامی ١٠ کورسی و کۆمەڵی ئیسلامی ٦ کورسی و بزووتنەوەی ئیسلامییش یەك کورسی، لە کاتێکدا کورسییەکانی مەدەنیش بەسەر حزبە سیاسییەکانی دیکەدا دابەش بوون بەم شێوەیە: پارتی دیموکراتی کوردستان ٣٨ کورسی و گۆڕان ٢٤ کورسی و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان ١٨ کورسی و حزبی شیوعی کوردستانیش یەك کورسی و نەتەوەکانی دیکەش ١١ کورسی، کەواتە شتی تازە لەو پێکهاتە حزبییەی پەرلەمان چییە و کاریگەریی بۆ سەر کابینەی تازەی وەزاریی لە هەرێمی کوردستان؟ دەکرێ هەندێ دەرئەنجاممان بەدەست بکەوێت: هێزە نەتەوەیی و مەدەنی و دیموکراتییەکان هەر یەکەیان

بە کێش و سەنگی خۆیان مانەوە، وێڕای هەندێ زیانی کەم لای هەندێ حزب بۆ بەرژەوەندیی هێزەکانی ئیسلامی سیاسی، هەروەها چاکبوونی ڕێژەیی پێگەی حزبە ئیسلامییەکان کە بە بەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی رابردوو کورسیی زیاد کردووە، پارتی و یەکێتی کورسییەکانیان لە ٥٩ بوو بە ٥٦ کورسی، یەکێتی لە ٢٩ کورسییەوە بوو بە ١٨ کورسی، کە ئەمەش زیانێکی گەورە بوو پێویستە چاو بخشێنێتەوە بە هەندێ پرس و کێشەی ناوخۆی و پەیوەندییەکان و ڕێکخستن و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی، گۆڕانکارییەکی بەرچاویش هاتە ئاراوە لە پەرلەمان لە نێوان پارتی و یەکێتیی و گۆڕان لە بەرژەوەندیی گۆڕان کە ژمارەی کورسییەکانی بوو بە ٢٤ کورسی کە ئەم زیادەیە لەسەر حسابی کورسییەکانی یەکێتی بوو، پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە گۆڕان دوای جیابوونەوەی نەوشیروان مستەفا کە جێگری سکرتێری گشتیی و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بوو لەگەڵ ژمارەیەك لە سەرکردەو کادیران و ئەندامانی یەکێتی دروست بوو، هەروەها دەبینین کە پێگەی حزبی شیوعی کوردستان لە رووی ژمارەی کورسییەکانەوە هیچ گۆڕانکاری بەسەردا نەهات کە تەنیا یەك کورسی وەرگرت، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە تابلۆ و ئاراستەی گشتی ئەو گۆڕانکارییەی تێدا روونەدا تەنیا ئەوە نەبێت کە هێزەکانی ئیسلامی سیاسی و لە جاران زیاتر سەرکەوتنی بەدەست هێنا، هەروەها گۆڕانیش لەسەر پاشەکشەی جەماوەری یەکێتی توانی زیاتر بەدەست بێنێ، بۆیە پێویستە حزبە مەدەنی و نەتەوەیی و دیموکراتییەکان چاو بخشێننەوە بە رابردوویان و پەیوەندییان لە سالانی پێشوو لەگەڵ جەماوەردا و بزانن ئەو هۆکارانە چین کە وایان کرد ئەو حزبانە کورسییەکانیان کەم بکات و ژمارەی کورسییەکانی هێزەکانی ئیسلامی سیاسیی زیادی کرد، تاکو لە داهاتوودا ئەو هەڵەو کەموکوڕییانە دووبارە نەبێتەوە لە پەیوەندیدا لەگەڵ هێزەکانی نێو کۆمەڵگەدا و مامەڵەکردنێکی دروست لەگەڵ هەندێ دیاردەی ئابووری و کۆمەڵایەتی، ئەو گۆڕانکارییە لە دەرئەنجامی هەڵبژاردنی تازەی پەرلەمان کاریگەریی دەبێت بۆ سەر یاریزانانی سیاسی لە گۆڕەپانی کوردستاندا و چەندین پرس و بەدواداچوون دێنێتە ئاراوە، کە پێویستیان بە هەڵوەستە لەسەر کردنن، هێزە کوردستانییەکان دەبێ بە بەرنامەو پلانەکانی خۆیاندا بچنەوەو زیاتر شۆڕببنەوە نێو پرسە سەرەکییەکان، لەوانە داڕشتنی بەرنامەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و ژینگەیی بۆ دە ساڵی داهاتوو وەك ستراتیژێك بۆ پەرەپێدانی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان، گۆڕینی هەیکەلبەندیی ئابووریی کوردستان بەشدارییەکی تەواو دەکات لە بەدیهێنانی گۆڕانکاری و هەمەچەشنکردنی ژێرخانی داهاتی نەتەوەیی و بەرەنگاربوونەوەی بێکاری داپۆشراو و هاوردەکردنی سەرتاسەریی کەلوپەل و کاڵاکان هەروەها دابینکردنی خزمەتگوزاریی زیاتر.

هەرێمی کوردستان پێویستی بە یەکێتیی هەڵوێستی سیاسیی کوردی و کوردستانییە لەسەر ئاستی ناوخۆ و عیراق و ئیقلیمی، گومانیشی تێدا نییە کە ئەوەی بۆ پێکهێنانی کابینەی تازەی وەزارەت رادەسپێردرێت ئەرکێکی زۆر زەحمەت و قورسی دەکەوێتە سەرشان کە ئەوەندە ئەستەمیش نییە کە نەتوانرێت چارەسەر نەکرێن، بەڵام پێویستی بەئارامی و دان بەخۆ داگرتن و دەستپێشخەریی و مامەڵەکردنی تەندروستییانە هەیە، پێکهێنانی ئەو حکومەتەش بە گوێرەی هەندێ ئەگەر و گریمانە بەم شێوەیە پێك دێت، یەکەم: پێکهێنانی حکومەت بەپێی ڕێکەوتنی ستراتیژیی ساڵی ٢٠٠٥ی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چونکە بەهەردووکیان ٥٦ کورسیان هەیە لەکۆی ١١١ کورسیی پەرلەمان، ئەم ئەگەرەش رێی دەچێتێ، بەڵام کردەیی نییە و نابێتە هۆی یەکگرتنەوەی ریزەکانی کوردستانی، هەروەها ئەو حکومەتە لاواز دەبێت و ناتوانێت بەتەواوی کارەکانی جێبەجێ بکات، دووەم: پێکهێنانی حکومەت لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هەندێ هێزی دیکە لەوانە چەند حزبێکی ئیسلامی سیاسی کە ژمارەی کورسییەکانیان دەگاتە ٨٠ کورسی، لەو کاتەدا گۆڕان دەبێتە حزبی ئۆپۆزسیۆنی سەرەکی لە پەرلەمانی کوردستان، سێیەم: پێکهێنانی حکومەتێکی یەکێتیی نیشتمانی بە سازان یان ئیئتلافی کە هەموو حزب و قەوارە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بەشداری تێدابکەن، ئەم ئەگەرەش لەو قۆناغەدا رەنگە سەربگرێ لە پەیوەندیدا بە بارودۆخی هەرێم و عێراق و دەوڵەتانی دەوروبەردا، ئەم ئەگەرە تاکە فاکتەری یاریدەدەری بەدیهێنانی خواست و بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتیانی کوردستانە بە هەموو ئاراستەو بۆچوونە نەتەوەیی و ساسییەکانەوە، من وای بۆ دەچم کە زۆربەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان حەزیان لە پێکهێنانی ئیئتلافێکی سیاسیی بنکەفراوانە کە هەموو هێزە گەورەو بچووکەکان تێیدا بەشداربن لەوانەش گۆڕان، بەڵام لێرەدا هەندێ لایەنی نێگەتیف دێتەئاراوە لەوانە نەبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی کاراو ئەکتیڤ کە ببێتە هاندەر بۆ بەئاکام گەیاندنی بەرنامەو پلانەکانی حکومەت، هەروەها کەمکردنەوەی لە واتاو شێوازی پرۆسەی دیموکراسییەت لە هەرێمی کوردستان بە هۆی دەرچوونی بڕیاری تەوافوقی کە رەنگە زۆربەی بەرژەوەندییەکان لەبەرچاو نەگرێت، چونکە ئەوەی کە زانراوە ئەوەیە لە سیستەمی دیموکراسیدا هێزی دەسەڵات و هێزی ئۆپۆزسیۆن دەکەونە ململانێ بۆ ئەوەی بەپێی بنەماکانی ئازادی و ئاشتیخوازانەی حوکمڕانی بتوانن ئەوەی کە سەرتاپای گەل داوای دەکات بەدیێ بێنن، لەم ئەگەرەی دواییدا دابەشکردنی پۆستە وەزارییەکان لە نێوان حزبە سیاسییەکاندا ئەوەندە ئاسان نابێت، بە پێی کورسییەکانی پەرلەمان و ڕێکەوتنی ستراتیژیی نێوان پارتی و یەکێتی، هاوکات ئەگەر ژمارەیەکی زۆر وەزارەتیش پێشنیار بکرێت، ئەوا زیانێکی دیکە بە حکومەت دەگەیەنێت بە تایبەتیش لە پیادەکردنی بەرنامەو پلانەکانی خزمەتگوزاریی هاووڵاتیان، ئەوەی لەکۆتاییدا پێویستە بگوترێت ئەوەیە کە حکومەتی تازەی هەرێمی کوردستان ئەرکێکی گرنگ و نیشتمانی دەکەوێتە ئەستۆ ئەویش خزمەتکردنی زیاتری هاووڵاتیانە، هەروەها چاککردنی گوزەران و چارەسەرکردنی دیاردەی بێکاری و گەندەڵی، بەر لەهەموو شتێکی دیکەش ئاوڕدانەوەیە لە ئابووریی کوردستان و پەرەپێدانی پرۆژەکان و بووژاندنەوەی ژێرخانی وەبەرهێنان و پیشەسازی و کشتوکاڵ و سوود وەرگرتن لە داهاتی نەوت بەمەبەستی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و ئابووری.

**پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە پێچەوانەی دوو خولەکەی پێشوو بە لیستی جیا دابەزین، ئەمەش دیاردەیەکی پۆزەتیڤە تاکو هەرلایەک تواناو ئاستی پەیوەندییەکانیان بە جەماوەرەوە بزانرێت و بەرنامەو کاندیدەکانیان بە خەڵکەکە ئاشنابکرێن**

**حکومەتی تازەی هەرێمی کوردستان ئەرکێکی گرنگ و نیشتمانی دەکەوێتە ئەستۆ ئەویش خزمەتکردنی زیاتری هاووڵاتیانە، هەروەها چاککردنی گوزەران و چارەسەرکردنی دیاردەی بێکاری و گەندەڵی**

**جەعفەر ئیمینکی**

وتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:

# بەمزووانە پەرلەمان دانیشتنی دووەم دەکات و بەفەرمی کاندید رادەسپێرێت بۆ پێکهێنانی حکومەت



**لەو کاتەی کێشـــەی کـــورد بۆتە کێشـــەیەکی گەرم لەســـەر ئاســـتی ناوچەکە و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تێڕوانینی جیاوازی لەســـەر هەیە بۆتە بابەتێکی گەرم و زیندووی میدیاکانی جیهان، لەهەمانکاتدا لەســـەر ئاستی ناوخۆی کوردســـتانیش مەسەلەی پێکهێنانی کابینەی تازەی حکومەتی هەرێمی کوردستان باسێکی گەرمی ناوخۆی هەرێمی کوردســـتانە، لەسەر ئاستی ناوچەکە و ناوخۆی هەرێمی کوردســـتانیش پارتی ئەو هێزە کاریگەرەیە کە لە هـــەردوو بوارەکە رۆڵی گەورە و دیاری هەیە، بۆ قســـەکردن لەســـەر ئەم پرســـە ئەم وتوێژەمان لەگەڵ وتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەنجامدا کە ئەمە دەقەکەیەتی.**

*** ئێستا لە هەموو روویەکەوە کوردستان باری سیاسیی کاریگەرو گەرم بـــووە، ئەوەی جێگەی دڵخۆشـــییە هەســـتی نەتەوەیی بەرزبۆتـــەوە، بەتایبەتیش لە نێوان کوردی باشـــوور و باکوور و پارچەکانی دیکەشـــدا، ئەوەش دەریدەخات کە بە راستی بەڕێز مسعود بارزانی پرۆسەیەکی هەیە بۆ بونیادنانی نەتەوەیی،لەم قۆناغەی ئێســـتاماندا گرنگیی پرۆسەی نەتەوەیی چییە؟ ئایا وەك پارتی دیموکراتی کوردســـتان چۆن ســـەیری ئەم پرۆسەیە دەکەن؟**

- پێش هەموو شـــت دروســـتبوونی پارتی دیموکراتی کوردســـتان بۆ مەسەلەیەکی سیاســـی و دیموکراتی نەبوو،بەڵکو بۆ مەســـەلە نەتەوەییەکـــە بووە بە پلەی یەکەم،کوردیـــش نەتەوەیەکی بەشـــخوراوە، دەبێ ئەو بەشخوراوییە چارەســـەربکرێت، دەکرێت بە رێگەیەکی سیاســـی یـــان دیموکراســـی چارەســـەربکرێت، وەکو نموونـــەی چیکۆســـلۆ فاکیا لە نەوەدەکانی ســـەدەی رابـــردوو کە بوونە دوو کۆمار بەشـــێوەی ئاشـــتیانە، بەداخەوە کورد ئیستحقاقی خۆی لەسەرەتای سەدەی بیســـتەم وەرنەگرت، هۆیەکانی سیاســـی و شۆفینی بوون، کە بوونە هۆی ئەوەی دوا بکەوێت،بەڵام ئەگەر بڵێی هەســـتەکە مردووە، ئەوا پارتی بڕوای بە مردنی پـــرۆژەی نەتەوە نییە، پرۆژەی نەتەوەیی ئەوەیە کە تۆ خەڵـــك ئامادەبکەیت،ئاڕاســـتەی بکەیت بۆ ئامانجی نەتەوەیی کـــە دواتر ئامانجی سیاســـیش پێکدێنێت، ئامانجـــی دیموکراتیـــش بە مەفهومـــی دیموکراتی لیبرالـــی ئەم ســـەردەمە،کە چارەســـەری گرفتێکی سیاســـی دەکەیت،کە بە هەموو میتۆدێك چارەســـەر نابێت ئەگەر بە چاوی نەتەوەیی تەماشـــای نەکەیت، ئێســـتا ئەگەر بەهەر چاوێك سەیری کێشەی کورد لە باکوور بکەیت ناتوانیت چارەســـەری بکەیت ئەگەر بە چاوێکی نەتەوەیی نەبێت، ئەمە بۆ بەشەکانی دیکەش راســـتە،هەر بۆنموونە ئەگەر باسی باشوری کوردستان بکەین

ئەگەر بیرکردنەوەی ســـەرکردایەتی سیاسی نەتەوەیی نەبوایەو هێزی سیاســـی لە پشت نەبوایە نەدەتوانرا ئەو دەستوورەی عیراق بەو شێوەیە دابڕێژرایە، کە ماددەی ١٤٠ بکەیتە ماددەیەکی بنەڕەتی لەدەســـتووردا،خۆی ١٣٩ ماددە هەبوو کە ریفراندۆمی لەسەرکرا، ماددەی ١٤٠ سەپێنرا، بەڵام لەبەر ئەوەی پرۆژەیەکی نەتەوەیی لەپشـــت ئەم گوشارە هەبوو، دەستوری عیراق بە ١٤٠ مادە بووە ئەمری واقیع.

ئەو رەوشەی ئێستاش لە هەرێمی کوردستان دەیبینین واقیعێکـــی نەتەوەییە، تەنیا بۆ هەرێمی کوردســـتان نییە، بەڵکو بۆ هەر چوار پارچەی کوردســـتانە، لەبەر ئەوە بەڕێز مســـعود بارزانی بەو لۆژیك و ئاڕاســـتەیە کاری کردووە،کە فەلسەفەی نەتەوەیی فەلسەفەیەکی مرۆییە.

***ئەگەر لەو روانگەوە سەیری ئەو پرۆژەیەی سەرۆك بارزانی بکەین بـــەوەی دەیەوێت ســـەرلەنوێ بینای نەتەوەیـــی کورد بکاتەوە، خۆیشـــی دەزانێت کە ئەمە پێویستی بە قەوارەیەکی سیاسی هەیە،تا چەند دەتوانێت ئەو بیرۆکەیەی کە بۆ بینای نەتەوە هەیەتی هەنگاوی دروســـتی بۆ هەڵگرتووەو توانیویەتی بنەمایەکی بۆ دروســـت بکات کە نەتەوەی کـــورد جارێکی دیکە لە جیهاندا پێناسە بکرێتەوە؟**

- ســـەرۆك بارزانی بە دووخاڵ ئاماژەی بەپرۆسەی نەتەوەیی کردووە، هەروەها لە کتێبەکەشـــیدا ئاماژەی پێکـــردووە، ئەو ئەرکە نەتەوەییانەی پارتی دیموکراتی کوردســـتان لەســـەر شـــانی خـــۆی هەڵیگرتوون،لە دامەزراندنییەوە تا ئەمڕۆ، رێبـــازی بارزانیی نەمرە کـــە بۆتە رێبازی پارتی دیموکراتی کوردســـتان، ئەم رێبازە ئاماژە بەوە دەکات دەبێت کورد بە ئومێد بژی و ناسنامەی خۆی هەبێت،بۆ ئەم مەبەستەش پێویستی بە خەباتی رێکخراوەیی هەیە و لەســـەر ئەم بنەمایە کاری رێکخراوەیـــی و خەباتـــی کـــردووە، بێگومان مەســـەلەی نەتەوەییش هەروا لەخۆڕا دروســـت نابێت دەبێ کاری بۆ بکەیت،دەبێ بەرنامەیەکی گشتگیرت هەبێت نـــەك تەنیـــا پەرەپێدانی بواری دبلۆماســـی بەڵکـــو دەبێت پەرەپێدان هەبێت لـــە رووی پەروەردەی مەدەنی و سیاسییەوە، هەروەها دەبێت هیچ لایەنێکی

**کورد نەتەوەیەکی بەشخوراوە، دەبێ ئەو بەشخوراوییە چارەسەربکرێت، دەکرێت بە رێگەیەکی سیاسی یان دیموکراسی چارەسەربکرێت، وەکو نموونەی جیابوونەوەی چیکۆسلۆفاکیا لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو**

**پرۆسەی نەتەوەیی شۆڕشی ئەیلول لەسەر دوو بنەما بوو یەکەمیان: دروستکردنی ئومێد دووەمیان: بەرگریکردن لە بوونی کورد**

**شۆڕشی ئەیلول سەلماندی دەتوانین بەرگری لەم نەتەوەیە بکەین، ئەمەش وایکرد پرۆسەی نەتەوەیی پێویستی بە بەرگریکردن لە ناسنامە هەبوو، ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە لە تورکیا کەوتبووە بەر شاڵاوی نەمان،لە رۆژهەڵات لە ئێران لە ژێر مەترسییەکی گەورەدابوو،هەروەها لە رۆژئاواش گەیشتبووە رادەیەکی زۆر مەترسیدار**

نەتەوەیی پەراوێز نەکەیت،لــە رووی زمان و کەڵچەر و دروستکردنی هەســـتی نەتەوەییەوە. ئەگەر سەیری بونیادنەوەی ئەم ئومێدە بکەین لە دوای دروستبوونی شۆڕشـــی ئەیلوولەوە، ئەوا هەست بە گۆڕانکاریەکی گەورە دەکەین و لەدوای شۆڕشی ئەیلول هەموو تاکێك بە شـــانازییەوە دەیگوت کوردم، بەڵام لەبەرامبەر ئەم ئومیدە دوژمنان دەیانەویســـت ئەم نەتەوەیە لەناو بەرن و ئەم ئومێدە نەهێڵن، بۆیە شۆڕشی ئەیلول سەلماندی دەتوانین بەرگری لەم نەتەوەیە بکەین، ئەمەش وایکرد پرۆســـەی نەتەوەیی پێویســـتی بـــە بەرگریکردن لە ناسنامە هەبوو، ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە لە تورکیا کەوتبووە بەر شاڵاوی نەمان،لە رۆژهەڵات لە ئێران لە ژێر مەترســـییەکی گەورەدابوو،هەروەها لە رۆژئاواش گەیشتبووە راددەیەکی زۆر مەترسیدار،لە کوردستانی عیراق گەشەی کرد کە بتوانێ کاریگەریی بکاتە سەر پارچەکانی دیکەی کوردستان،بەڵێ کورد ناسنامەی هەیە ئەو ناســـنامەیەش لە مەترسیی ئەوە رزگارکرا، هەروەها هەوڵێك بوو بۆ ئەوەی لەوڵاتێکی پارچەکراودا لەرووی ویژدانیەوە یەکگرتنێکی نەتەوەیی دروست بکات.
و ئەو ناســـنامەیە تەنیا پەیوەست نەبێت بە پارچەیەك بەڵکو بە هەر چوار پارچەی کوردستانەوە،ئەوەی ئەم جارە لە رووی ویژدانـــی دەربازبوو، بووەتە ئەمرێکی واقیع لە کوردستانی رۆژئاوا،ئەمەهەنگاوێکی گەورە بوو ئەو ناســـنامەیەی کە تاکێکی کورد لە دەروونی خۆیدا هەســـتی پێ دەکرد،بوو بـــە ئەمری واقیع، لە پەرلەمانی تورکیا باســـکرا کە کوردستان قەدەغە نییە و ئاڵای کوردســـتانیش کە لەسەر شەقام بوو رەوایەتی خۆی هەیە،لە کوردســـتانی ئێرانیـــش لەناو ویژدانی هەمـــوو تاکێکی کـــوردا هەیە، لەوێـــش ئەگەر ئەم پرۆسەیە بەم شێوازە گەشـــە بکات ئەوا رەنگدانەوەی خۆی هەیە، ئەوەی لە کوردســـتانی ســـوریاش هەیە حاڵەتێکی کاتییە، لە ئاییندەدا بەرەو ئاڕاســـتەیەکی ئیجابی دەچێت.

*** ئێستا لە کوردستانی رۆژئاوا بارودۆخێکی تایبەتی هەیە، ئەو بارودۆخە لەسەر ئاستی پرۆسەی نەتەوەیی گرنگە، ئایا چۆن سەیری دەکەن؟**

- ئێمە لە چوارچێوەی پرۆســـەی نەتەوەیی ســـەیری بارودۆخـــی رۆژئـــاوا دەکەیـــن نـــەك چوارچێوەی ئایدیۆلۆژی، ئـــەم دوو تێڕوانینە لەیەکتری جیاوازن، بۆیە بەداخەوە پەیەدە لە چوارچێوەی تێگەیشـــتنێکی ئایدیۆلۆژی زۆر بەرتەســـکی حزبی ســـەیری پرسی نەتەوەیی لە رۆژئاوا دەکەن، هەر بۆنموونە لە کاتێکدا لـــە رۆژئاوا وەکو نەتەوە پێویســـتییان بـــە یەکڕیزیی هێزە سیاســـییەکانە، ئەوانیش یەکڕیزیی قبوڵ ناکەن، ئێمە ناڵێین بە چـــاوی مەرجەعیەت بڕواننە هەرێمی کوردستانی ئێمە، بەڵام ناکرێ بچن داوای یارمەتی و هاوکاری لە حکومەتی مالکی بکەن،هاوکاریی ئێمە رەتبکەنەوە کە ئێمە دەمانەوێ ئەو هێزە سیاســـییانەی لـــەوێ هەن لـــە چوارچێوەی قەوارەیەکی سیاســـی کاربکەن، لەوێ بەداخـــەوە هەنگاوەکان بەهەڵە بەڕێوە دەچن، بەڵام ئێمە پشـــوومان درێژە و لەگەڵیان دەبین و هاوکارییان دەکەین، رێنیشاندەریان دەبین بەو رێگایە ئەو دۆزە نەتەوەییە بزردەکەین کە ئەوان ئێستا لەسەری دەچن، بەم رێگایەش دۆزی نەتەوەیی بەرەو گەشەکردن دەبەین، ئێمە ئـــەوە دەکەین و نابێ بێ دەنگ بین لە دیاردە هەڵەیەك کە لەوێ دەکرێت.
پەیەدە تەسەوڕ دەکات حزبی سەرکردەیەو بە مەفهومی حزبی قائیـــدی جارانی دنیای کۆمۆنیســـت رەفتار دەکات، ناکرێ پەیەدە تاکڕەوی بسەپێنیت ئەوانی دیکە رەت بکاتەوە، ئەو بەرنامەیەی ئەوان لەســـەری دەڕۆن دژی واقیعەو هەڵەیە و پێچەوانەی لۆژیکی مێژوویی و پرۆســـەی سیاســـییە، بۆیە ئێمە بە پێویستییەکی نەتەوەیی دەزانین، بۆ پاراســـتنی ناوچە کوردییەکان کەس پەراوێز نەخرێت، کێشەی کورد نەبێتە بەشێك لە ململانێی مەزهەبی و تایفی لە سوریادا و دۆزی کورد بکات بە قوربانی ئەجیندای دیکە.

*** یەپەگـــە چ کێشـــەیەکی هەیـــە وەکـــو هێزێکی سەربازی،ئایا دەتانەوێت هێزێکی دیکەش هەبێ وەکو یەپەگە؟**

- ئێمـــە داوا دەکەیـــن یەپەگـــە فـــراوان بکرێت و جێگـــەی هەموو هێزەکانی سیاســـی تێـــدا هەبێت و سەرکردایەتییەکەی نەتەوەیی هەبێت،تاك حزبی و تاك فەرمانڕەوایی بە مەفهومی ئەوان نەبێت، پێویســـتی ئێســـتای ئەوێش وا دەخوازێت هێزەکان هەموو لە ناو یەپەگـــە درێژە بە خەباتی خۆیان بدەن و پاراســـتنیان ئەرکـــی هەموانەو دەبێ رێگە بـــدات ئەرکی خۆیان ببینن.

*** بەرنامەتان چییە بۆ ئەوەی بگەینە ئەمە؟**

- پێشـــتر بەرنامەمان هەبوو دەمانەوێ جارێکی دیکە کارا بکرێتەوە، بەپێی رێکەوتنـــی هەولێر دەمانەوێت جارێکی دیکە ئەو لایەنانە بانگ بکەینەوە،تاکو یەکتر بگـــرن و پابەندی ئەو رێکەوتنە بن کە بناغە و داوای ئەوان بوو ئێســـتا هەســـت دەکەین ئەو بناغەیە بەرەو رووخان چووە،ئێمە قەناعەتمان وایە کە پەیەدە جارێکی دیکە ناچار دەبێـــت بگەڕێنەوە بۆ رێکەوتنی هەولێر، بۆیان ناچێتە سەر ئەو سەرکێشـــییەی ئەوان دەیکەن

**وەک فراکسیۆنی زەرد لەگەڵ کاک نێچیرڤان بارزانی کۆبوونەوەمان کرد، بۆ ئەوەی لە پەرلەمان زیاتر ڕۆڵی خۆمان ببینین لەسەر چاودێرییەکی وردی حکومەت بە بێ سنوورو بێ سانسۆرو ئەوپەڕی تواناوهێز بەکار بهێنین بۆ پرۆسەی چاودێری کردنی حکومەت و ببینە هاندەر بۆ چاکسازییەکی باش**

**ئێستا ئێمە لە قۆناغی هەڵبژاردنەوە دەچینە ناو قۆناغی حوکمڕانییەوە، لە قۆناغی حوکمڕانی مۆدێلی زۆر هەن، هەر مۆدێلێک ئێمەو لایەنەکان لەسەر ڕێک بکەوین ئەو مۆدێلە دەخەینە پێشەوەو ئیشی لەسەر دەکەین، ڕێک دەکەوین لەسەر بەرنامەیەک و بەرنامەکەش هی هەموان دەبێت**

لە دوو لا زیان بە خۆیان دەگەیەنێت، زەرەر لە نەتەوە دەدەن، هەروەها لە رووی شەرعییەتی نێودەوڵەتیشەوە لاواز دەبێت،ئەو پێگەیەی یەپەگەو پەیەدە کە دەیانەوێ بە دەستی بێنن، ئەوان ناتوانن بێ رێکەوتنی هەولێر بەدەستی بێنن و پەراوێزی بکەن و پشتیوانی نێودەوڵەتی بەدەست بێنن،ئەوە مەترسییەکە کە دڵنیاین ئەوانیش تێیدەگەن، لەلایەکی دیکەوە دەکەونە داوی ناحەزانەوە.

***ئێوە رەخنە لەو ئیدارەیە دەگرن کە لە رۆژئاوا راگەیەنراوە، ئایا ئێوە رەخنەتان لە راگەیاندنی ئیدارەکەیە یان رەخنەتان لەشێوازی راگەیەندەکەیە لەلایەن پەیەدەوە؟**

- رەخنەکە ئەوەیە ئیدارە لەلایەن یەك هێزی سیاسی راگەیاندراوە، هێزی دیکەی سیاسی لەگەڵ نین،رێکەوتنی هەولێر یەك هێز نەبوو بەڵکو چەند هێزێك بوو، پرۆسەی سیاسی و هەڵبژاردن بە فرەیی دەکرێت، بە ئازادیی میدیا دەکرێت ئێستا لەسەر ئینتیما بۆ حزبێکی سیاسی (الپارتی ) خەڵك لە سوریا تیرۆر دەکرێت لە لایەن پەیەدەو یەپەگەوە،ئەو دیاردانە ئێمە لێیان دەترسین دەمانەوێ چارەسەری بکەین، دەمانەوێ بەشێك بین لە چارەسەر، ئێمە لە ئەسڵدا نە دژی پەکەکەین و نە دژی یەپەگەو پەیەدەین،ئێمە هاوکارین بەڵام نەك بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی پەیەدە بەسەر هێزەکانی دیکە، دەمانەوێ هەر یەکەیان کە جەماوەری خۆیان هەیە بەیەکەوە ئیدارە بەڕێوە ببەن، ئیدارە بە تەنیاو تاکڕەوی بەڕێوە ناچێت ئێمە دەزانین ناکۆکیی کۆمەڵایەتی لەناو ئەو هێزە سیاسیانە هەیە، کە دەبێت بە گفتوگۆ و لە پرۆسەیەکی دیموکراسی راستەقینە چارەسەربکرێت، ناکرێ پەیەدە بڵێن ئێمە ٩٩٪ ین و خەڵکی دیکە هیچ نییە، بۆیە بەم شێوەیە ئیدارەکە بەڕێوە ناچێت و لە قازانجی کوردی سوریادا نییە. دەمانەوێ رەوشەکە چاك بکەین و لە کوردستانی سوریا موزایەدەی سیاسی نەکەین، ئێمە دەبووایە لە سەرەتادا چاکمان بکردایەو پشتیوانی پرۆژەیەك نەکەین کە خزمەت بە دۆزی کورد ناکات.

*** ئێوە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان خۆتان بە لایەنی سەرەکی دەزانن بۆ لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، کە لە هەولێر دەبەسترێت، لەوە دەچێت وەك پارتی پێوەندییەکانتان بە پەیەدە لاواز بێت، ئایا پێوەندیتان لەگەڵ پەیەدە ماوە؟**

- پێوەندیمان ماوەو پێوەندیش لەگەڵ هیچ هێزێکی سیاسیدا نابڕین، پێش ماوەیەك پەیەدە هاتنە ئێرەو پێکەوە دانیشتین و لە لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەییدا دانوستاندن و قسەمان هەبووە پێکەوە، باسی پێوەندییەکان و باسی ئەوەشمان دەکرد چۆن ئەو دۆخە چارەسەر بکەین، چۆن کۆنگرەی نەتەوەیی ببێتە بناغەیەکی بەرفراوانترو پتەوترو بەهێزتر بۆ پشتیوانی پرۆسەی ئاشتی لە ناوچەکەداو لە تێکڕای کوردستانیشدا، یان بۆ باشترکردنی هەماهەنگی نێوان هێزە سیاسییەکان، لە ناویشیاندا هێزە سیاسییەکانی کوردستانی سووریا بە ڕاشکاویی ئەمانەمان هەمووی پێ وتوون، بەڵام تا ئەو عەقڵیەتە هەبێت کە من هەموو شت بم و خەڵکی ترو هێزی سیاسی تر هیچ نین بەو عەقڵیەتەوە ناتوانن خزمەت بە دۆزی نەتەوەیی بگەیەنن، ئەمە بۆچوونی ئێمەیە، بەڵام ئەمە ناگاتە دابڕان لە یەکتر، پێوەندیمان لەگەڵ پەیەدە ماوەتەوە بۆ چارەسەر دۆزینەو، چونکە ئەگەر بەم شێوەیەی ئێستا بمێنێتەوە زیان بە خودی پەیەدەش دەکەوێت، زیان لە پەکەکەش دەدەن و ئاستەنگ بۆ دۆزی کوردیش لەوێ دروست دەکەن، ئێمە وازیان لێ ناهێنین..

*** ئەگەر بێینە سەر پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت، ئەمجارەش لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی پارتی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی کاندید کراوە بۆ سەرۆکایەتی حکومەت، ئایا هۆکاری ئەمە چی بوو؟**

- هۆکارەکە زۆر بە سادەیی ئەوەیە کە کاك نێچیرڤان بارزانی ئەزموونێکی دەوڵەمەندی پەیدا کردووە لە حوکمڕانیداو جێگەی متمانەی لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کوردستانە بە پلەی نایاب، پێوەندی زۆر باشی هەیە لەگەڵ گشت لایەنە سیاسییەکاندا، هەروەها چەندین دۆسیێەی دەوڵەمەندی لە دەستدایە، لەوانە دۆسیەی وزە کە خۆی ئەندازیاری ئەو دۆسیەیەو ئەو پرۆژەیەی بونیاد نابوو، ئەم دۆسیەیەش نەك تەنیا لە بەرژەوەندی کوردستانە بەڵکو لە بەرژەوەندی تەواوی عیراقیشە، وزەش بە تەنیا دۆزی ناوچەیەك و دەوڵەتێك نییە، وزە پەیوەستە بە ئەوروپاو جیهانەوە، سەرەڕای ئەمەش زۆر بابەتی تری گەشەپێدانی ئابووری و ئاوەدانی کە لەم دووساڵەی ڕابردوودا، ئەجێندای دەوڵەمەندی هەبووە لەبەر دەستیدا کە دەرفەتی تەواو نەبووە لە ماوەی دوو ساڵی کابینەی حەوتەم هەمووی جێبەجێ بکرێت، بۆیە بە پێویست زانراو ئەوەش تێگەیشتنی تێکڕای سەرکردایەتی بوو کە کاتی زیاتر بە کاك نێچیرڤان بدات بۆئەوەی لەم کابینەیەشدا ڕۆڵی دەست و پەنجەی ئەوی تێدا هەبێت، چونکە زۆر لەو پرۆژانە پێویستیان بە موتابەعەیە هەیە و پێویستی بە پەرەپێدان هەیە، بۆیە بە پشتیوانی هەموو سەرکردایەتی، ئەو متمانەیە سپێردرایە کاك نێچیرڤان..

**پەیەدە بە مەفهومێکی ئایدیۆلۆجی بەرتەسکەوە دەڕواننە پرسی نەتەوەیی لە رۆژئاوا لە کاتێکدا لەوێ وەکو نەتەوە پێویستییان بە یەکریزیی هێزە سیاسییەکانە، ئەوانیش یەکریزیی قبوڵ ناکەن**

**رەخنەی ئێمە لە پەیەدە ئەوەیە ئیدارە رۆژئاڤای یەکلایەنە راگەیاندووە، پرۆسەی سیاسی و هەڵبژاردن بە فرەیی دەکرێت، بە ئازادیی میدیا دەکرێت ئێستا لەسەر ئینتیما بۆ حزبێکی سیاسی (البارتی) خەڵک لە سوریا، لە لایەن پەیەدەو یەپەگەوە تیرۆر دەکرێت**

*** ئێوە بەرنامەیەکی هاوبەشی هەمەلایەنەتان هەبوو لە هەڵبژاردنەکاندا، ئەو بەرنامەیە بە تەنیا ناچێتە ناو چوارچێوەی بەڵێندان بەڵکو پێویستی بە کردار هەیە، ئەوەش وا ئاسان نییە لە کابینەی هەشت جێبەجێ بکرێت بە حوکمی ئەوەی زۆربەی ئەگەرەکان لەوەدان لایەنەکانی ناو ئۆپۆزسیۆنیش بێنە ناو پرۆسەکەوە، ئایا چۆن بەرنامەی هەڵبژاردنی خۆتان جێبەجێ دەکەن؟**

- ئێستا ئێمە لە قۆناغی هەڵبژاردنەوە دەچینە ناو قۆناغی حوکمڕانییەوە، لە قۆناغی حوکمڕانی مۆدێلی زۆر هەن، هەر مۆدێلێك ئێمەو لایەنەکان لەسەر ڕێك بکەوین ئەو مۆدێلە دەخەینە پێشەوەو ئیشی لەسەر دەکەین، ڕێك دەکەوین لەسەر بەرنامەیەك و بەرنامەکەش هەمووی تایبەتمەند نییە بە ئێمەوە، ئێمە کە حکومەتێك لەگەڵ لایەنەکانی تر پێکدەهێنین، ڕەنگە ٪٤٠بەرنامەی ئێمەی تێدا بێت، ئەوانی تریش ببنە شەریکی ئێمە لە حکومەتدا، ئەوانیش خاڵی خۆیان هەیە، لە چوارچێوەی ئەمانەدا خاڵی هاوبەش کۆدەکەینەوە تا بگەینە ڕێکەوتن، ئایا پێمان دەکرێت هەمووی جێبەجێ بکەین، کابینەکە هەوڵی بۆ دەدات، پەرلەمانیش پشتیوانی لێ دەکات، ئەگەر وا بێت ئیشەکانی بە ئاسانی بەڕێوە دەچن، ئۆپۆزسیۆنیش ڕەنگە خەڵکانی خاوەن ئەزموونی هەبن، دەتوانن هەماهەنگی واها بکەن، کە پەرە بدات بەوەی زیاتر حکومەت هان بدەن بەرنامەکانی خۆی جێبەجێ بکات، خۆشبەختانە لە میانەی کۆبوونەوەکانی شاندی پارتی لەگەڵ لایەنەکانی دیکە خۆشبەختانە زەمینەیەکی ئیجابی دەبینین لە لایەن هێزە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستانەوە، کە بەشدارییەکی کارا بکەن بە بەرنامەیەکی هاوبەشەوە، خاڵی هاوبەش لەوەدایە ئێمەو ئەوان چاکسازییەکی بنەڕەتی بکەین لە دامودەزگای حوکمڕانی ئەم وڵاتەدا، بەڕێز نێچیرڤان بارزانیش زۆر جەخت دەکاتەوە لەوەی پێویستە دامودەزگامان هەبێت، شەخسەنەی دەسەڵات بگۆڕین بۆ بەدامودەزگایی کردن، بە پێی ئەو ئەزموونەی کە هەمانە لەگەڵ ئەزموونی لایەنەکانی تر، دەتوانین ئەمە جێبەجێ بکەین. من یەکێکم لەوانەی لەگەڵ هەڤاڵانی خۆمدا ئەمە دەبینین و دەتوانین بیکەینە بەرنامەی هاوبەش لەگەڵ لایەنەکانی تریشدا، بە ڕاستی لە توانادایە بژێوی خەڵکانی هەژارو کەمدەرامەتی ئەم وڵاتە باشتر بکرێت، هەروەها بایەخی زیاتری پێ بدرێت، زەمینەش هەیە، پرۆژەی باش هەیە دەتوانین بە بەرنامە ئیش بۆ خەڵك بکەین و خەڵکیش چاوەڕوانی ئەوەیە.

**بە پێی ڕێکەوتنی هەولێر دەمانەوێت جارێکی دیکە ئەو لایەنانە بانگ بکەینەوە،تاکو یەکتر بگرن و پابەندی ئەو ڕێکەوتنە بن کە بناغە و داوای ئەوان بوو ئێستا هەست دەکەین ئەو بناغەیە بەرەو رووخان چووە،ئێمە قەناعەتمان وایە کە پەیەدە جارێکی دیکە ناچار دەبێت بگەڕێنەوە بۆ ڕێکەوتنی هەولێر**

*** بۆچی سەردانەکانی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی کاندیدی راسپێردراوی پارتی پێش کەوت و چاوەڕێی ئەوەی نەکرد کە بەفەرمی لەلایەن پەرلەمان و سەرۆکی هەرێمەوە رابسپێرێت؟**

- پرۆسەی پەرلەمان و حکومەت هاوبەشە، هەربۆیە سەردانی وەفدی دانوستانکار بە سەرۆکایەتی کاك نێچیرڤان بارزانی بۆ زەمینەسازکردنە، چونکە پرۆسەی پێکهاتنی حکومەت و پرۆسەی پەرلەمان هەردووکیان بەستراونەتەوە بە یەکترەوە، ئەو مۆدێلەی لە ١٩٩٢ تا ئەمڕۆ هەمانە لە هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە پەرلەمان بە تەوافوقیەو سەرکردایەتیکردنی حکومەتیش بە تەوافوقە، ئەمە هەردووکیان پێکەوە بەستراون لەبەر ئەوەی یەك دانوستانە بۆ یەك دۆسیەیە، دۆسیەیەك کە پەرلەمان بە ئاسانی کارەکانی خۆی بەڕێوەبەرێت و دۆسیەیەکیش تێیدا حکومەت بە شێوەی یاسایی دەست بە کارەکانی بکات، واتە تەکلیف کردن و دەست بەکاربوونە، ئەم قۆناغەی کە کاك نێچیرڤان دەیکات پەیوەستە بە قۆناغی دەستپێکردنی ئیشوکارەکانەوە، ئێستا ئەمە پێی دەوترێت قۆناغی ئیستیتلاعی، گوێبیستنی لایەنەکانی ترە بۆ دۆزینەوەی خاڵە هاوبەشەکان، دوای ئەم زەمینەسازییە کە گەیشتنە خاڵی کۆنکرێتی، دەگەڕێینەوە پەرلەمان و لەوێوە ئەو کارانەی دەمێنێت تەواویان دەکەین، دەست بە دروست کردنی کابینەش دەکەین.

*** وەك وتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان،پێشبینی خۆت لەسەر دابەشکردنی ئەو پۆستانە چۆن دەبینن؟**

- ئەوەیان لەسەر ئیستیجابەی لایەنەکان دەمێنێتەوە، ئەگەر ئیستیجابە بۆ بەشداری کردن لە حکومەت بەرفراوان بێت، ڕەنگ دەداتەوە لەسەر پێکهێنانی پەرلەمانیش.

*** هەندیك دەڵێن سەرەنجام پارتی و یەکێتی پێکەوە حکومەت پێکدەهێنن، ئایا ئێوە ئێستا بە تەمای ئەوەن هەر لەگەڵ یەکێتی حکومڕانی بکەن ئەگەر لایەنەکانی تر نەهاتنە پێشەوە؟**

- پێشبینیمان بۆ گشت لایەنەکان ئیجابییە، گشتیان دەیانەوێت بەشداری بکەن، بەشداربوونیان بە هەنگاوێکی تەندروست و باش دەزانین بۆ ئەم قۆناغەی هەرێمی کوردستان و عیراق کە تا ئێستاش عیراق لە قۆناغی ڕاگوزەریدایە، بۆئێمە گرنگە هەموومان پێکەوە بین، ئەوە هەڵبژاردەی ژمارە یەکی ئێمەیە، کابینەیەکی کارا تا لایەنەکان گشتیان بەشداری تێدا بکەن، دووەم بژاردە لە کاتێکدا ئەگەر ئەمە نەبوو چی بکەین، بێگومان ئێمەو یەکێتی ئەزموونێکی هاوبەشمان هەیە، ئەو ئەزموونە هاوبەشە بەردەوامی پێ دەدەین.

*** پێتان وایە سەرکەوتوو دەبن ئەمجارەش؟**

- ئەگەر بەشێوەیەکی ڕیژەیی سەیری بکەین، ئێمە پێمانوایە پارتی و یەکێتی تا ئێستا سەرکەوتوو بووین، ئەوەی دەدان بە سەرکەوتن نانێت پەیوەستە بە خۆیان، بەڵام بەپێی ئەو پێوەرانەی دنیا کە هەیە تەماشای دۆخی سیاسی دنیا بکەین و ئەوانیش بەپێی ئەو پێوانەیە سەیری سەقامگیری ئەمنی و ئابووری و سیاسی بکەن دەڵێین بە چاوێکی ڕێژەیی سەرکەوتوو بووین، ئەوان بیانەوێت ببنە شەریك بۆ سەرکەوتنی چوار ساڵی داهاتوو دەرگا کراوەیە، دەرگا کراوەیە بۆ هەموویان و منەتیش نییە لەسەریان بیکەین، مافی خۆیانە بەشداری بکەن لە حکومەتداو ئێمەیش بە ئەرکی خۆمانی دەزانین دەرگا کراوە بێت بۆ هەموو هێزە سیاسییەکان چونکە ئێمە وەك کۆمەڵێك هێزی سیاسی پێکەوە بووین لە پێشتردا گۆڕان بەشێك بووە لە یەکێتیدا ئەوانیش هەر لەگەڵ ئێمەدا پێکەوە بووین، کۆمەڵ و یەکگرتوو لەگەڵ ئێمە بوون لە کابینەکانی پێشووتردا، تەنانەت سۆسیالیست و شیوعی و بزووتنەوەی ئیسلامیش هەموو پێکەوە بووین، هەرچی پێشکەوتنە لە هەرێمی کوردستان تەنیا دەسکەوتی ئێمە نەبووە، بەڵکو هاوبەش بووە، جارێکی تر بە هاوبەشی سەرکەوتنیان دەوێت ئێستا کات گونجاوە بۆ ئەوەی بە هاوبەشی ئەم چوار ساڵەی داهاتوو وحوکمڕانی پێکەوە بکەین.

*** بەڕێزت هەڵبژێراوی بۆ ئەندامیەتی پەرلەمان لەم خولەدا و بەشدار بوویت لە کۆبوونەوەی فراکسیۆنی پارتی لەگەڵ بەڕێز کاك نێچیرڤان بارزانی، ئایا لەو کۆبوونەوەیە کاندیدی ڕاسپێردراو بۆ کابینەی هەشتەم ڕاسپاردەی بۆ فراکسیۆنی پارتی چی بوو؟**

- بەڵێ وەك فراکسیۆنی زەرد لەگەڵ کاك نێچیرڤان بارزانی کۆبوونەوەمان کرد، ئەوەش لەسەر دەسپێشخەری خودی جەنابیان بوو بۆ خستەڕووی دیدی خۆی لەسەر پێکهێنانی حکومەت و بەرنامەکانی کابینەو زۆر جەختی کردەوە لەسەر ئەم خولەی پەرلەمانی کوردستان کە خولی چوارەمە بۆ ئەوەی لە جاران زیاتر ڕۆڵی خۆی ببینێت لەسەر چاودێرییەکی وردی حکومەت بە بێ سنوورو بێ سانسۆرو ئەوپەڕی تواناوهێز بەکار بهێنێت بۆ پرۆسەی چاودێری کردنی حکومەت و ببینە هاندەر بۆ چاکسازییەکی باش، باسی لە ڕوئیای خۆی کرد چۆن کابینەکە سەرکەوتوو دەبێت، هەروەها کۆبوونەوەیەکی ترمان لە نووسینگەی کاك نێچیرڤان بارزانی ڕێك خست لەسەر چۆنیەتی خۆئامادەکردنی فراکسیۆنی زەرد، هەم لە یاسا داناندا بۆ دەرچواندنی ئەو یاسایانەی ماون و کە پێشتر فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستانی پێشکەشی کردبوون، بۆ ئەوەی جارێکی تر زیندوویان بکەینەوە لەگەڵ ئەو پرۆژە یاسایانەی پێشکەش کراون بۆ پەرلەمان بە حوکمی ئەوەی ساڵێك تێپەڕیون و لە کار دەکەون ئەوانەش بخوێنینەوە تا بزانین ئەو پرۆژانە لە چ ئاستێکی سەردەمیانەدان، چۆنیەتی داڕشتنەوەی میکانیزمی کارکردن لەگەڵ لایەنەکانی تر و ئەوانەی پێشتر کراون چۆن بەردەوامییان پێ بدەین، لەم کۆبوونەوانە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە وەك پەرلەمانتاران بەشێوازێکی ئیجابی ئیستیجابە لەگەڵ فراکسیۆنەکان بکەین، پەیوەندی باشمان لەگەڵ گشتیان وەك یەك هەبێت و پەرلەمانی کوردستان بە ڕاستی و بە شایستەیی شارستانیانە مامەڵە لەگەڵ ئەندامانیدا بکات،لەگەڵ هەموو فراکسیۆنەکانی تردا پێوەندی لە کەشوهەوایەکی دۆستانەو هەڤاڵانە ئەنجام بدرێت.

*** ئێستا پەرلەمان کۆبوونەوەی یەکەمی بە کراوەیی بەجێهێشتووە، نازانرێت کەی تەواو دەکرێت، ئایا کەی ئەم کۆبوونەوەیە تەواو دەکەن؟**

- کۆبوونەوەیەی یەکەم بە کراوەیی بە جێنەماوەو کراوە، دانیشتنی یەکەم تەواو بووە، تەنیا خاڵی هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی لە دانیشتنی یەکەم ماوە، دانیشتنێکی تر دەکەین لەوێدا ئیشکالێکی یاساییمان هەیە، بەڵام (الضرورات تبیح المحظورات) ئەمەش بنەمایەکی یاساییە ڕێککەوتنی پێشوەخت هەیە لەسەری، کەواتە ئێمە بە کراوەیی کۆبوونەوەکەمان جێمان نەهێشتووە، دانیشتنەکە تەواو بووە و دانیشتنێکی تر ئەنجام دەدەین، دیسان دانیشتنی داهاتووش گەورەترین ئەندامی بە تەمەن بەڕێوەی دەبات، کۆبوونەوەی دووەم وا پێشبینی دەکەم لە دە ڕۆژی تردا دەرباز بێت، ئینجا دەچینە پرۆسەی ڕاسپاردنی فەرمییەوە، بە پێشبینی ئەوەی لایەنەکان ئیستیجابەی باشیان هەیە، ئیستیجابەیان ئەوە بووە کە خاڵی هاوبەشمان هەبووە ئەو خاڵە هاوبەشانە دەکرێت ببنە بنەما بۆ کابینەی هەشتەم، ئەوان لەسەر ئەو بنەمایانە دێنە پێشەوە لە دانوستانەکانیان بۆ پێکهێنانی کابینەکە.

*** کەواتە وەك تۆ پێشبینی دەکەیت، لەماوەیەکی کورتدا، پەرلەمان بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بۆ پێکهێنانی حکومەت ڕادەسپێرێت؟**

- بەڵێ ئەوە پلانی ئێمەیە کە پەلە بکرێت و خودی کاك نێچیرڤانیش زۆر پەرۆشی ئەوەیە، کە ئەم مەسەلەیە کاتی زۆرتر نەخایەنێت، کاتی پێویست دەدەینە بژاردەی یەکەم کە ئەگەر بژاردەی یەکەم نەبوو دەچینە سەر بژاردەی دووەم.

**بۆئێمە گرنگە هەموومان پێکەوە لەحکومەتێکی بنکەفراوان بین، ئەوە بژاردەی یەکەمانە تا هەموو لایەنەکان بەشداری تێدا بکەن، ئەگەر ئەمە نەبوو بژاردەی دووەممان ئەوەیە لەگەڵ یەکێتی ئەزموونە هاوبەشەکەمان بەردەوامی پێدەدەین**

# پێشکەوتن بەبێ ڕۆڵی ڕۆشنگەرانەی ڕۆشنبیران مەحاڵە

## ١. دیاردەیەکی مۆدێرن



سەرۆ قادر

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی

ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە کە لە ڕۆژگاری خۆیدا، لە بوارێکی دیاریکراوی مەعریفیدا (زانیاری) زانایی و شارەزایی هەیە. ئەو زانایی و شارەزاییە بۆ ڕوونکردنەوەی واقیع و سەرلەنوێ تێڕوانینەوەی پەیوەندییەکان بەکاردێنێ. تایبەتمەندییەکی دیکەی ڕۆشنبیر لە هەبوونی وزەی داهێنانیدایە. کەسی زانا و شارەزا لە زاتی خۆیدا وا هەڵکەوتووە دەتوانێ بە داهێنانەوە دەستبەرێتە ناو پەیوەندییە ئینسانییە-کۆمەڵایەتییەکان و چۆنیەتی هەڵکەوتنیان ئاشکرا دەکات و بۆ بەرژەوەندی پێشکەوتن و خۆشبەختی مرۆڤ، لەنوێ پێشنیاری داڕشتنەوەیان دەکات. لەو بوارەدایە زەینی ڕەخنەگرانەی ڕۆشنبیر دەردەکەوێ. ڕۆشنبیران هەڵگر و توێژەر و پەیامبەری مەعریفەتن. ئەو توێژەیە کە زاتی واهەڵکەوتووە لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا کار لەناو زانیاری و زانایی دەکات و پێیدادەچێتەوە و ڕەخنەی لێدەگرێ و داوای داهاتنی مۆدیلی نوێ دەکات.

ڕۆشنبیران هەڵکەوتەی ناو سیستەمی مەعریفی کۆمەڵگای خۆیانن و توانایی مەلەیان لەناو کولتوور و مەعریفەی کۆمەڵگای جیهانی هەیە. هەر ڕۆشنبیرێک بە کولتوور و پلەی مەعریفەتی کۆمەڵگاکەی دەناسرێتەوە، بۆیە ئەوە ڕۆشنبیرانن کە نوێنەرایەتی کولتوورە جیاوازەکان دەکەن. ڕۆشنبیران بە قوڵی لە واقیعی کۆمەڵایەتی خۆیان دەگەن و لەو سۆنگەیەوە هەر یەکیان بەپێی باری سایکۆلۆجی و پێگەی کۆمەڵایەتی خۆی و واقیعی سیاسی وڵاتەکەی هەڵوێست لە شوێنی کاری خۆی وەردەگرێت و شێوازی کار دیاری دەکات. مەبەستم لە هەڵوێست و شێوازی کاری ڕۆشنبیر وەک تاکێک ئەوەیە؛ دەچێتە ناو سیاسەت، تەنیا بەنووسینەوە خەریک دەبێ، ئانارشیستانە ڕەفتار لەگەڵ دیاردەکان دەکات، بێدەنگ دەبێت یان لەوانەیە خۆی بکوژێت. لە هەموو حاڵەتێکدا کاریگەری خۆی دەنوێنێ.

ڕۆشنبیر مرۆڤێکی خوێندەواری خوێنەر و بیرکەرەوە بە کەشی داهێنانە. بۆیە هەموو خوێندەوار و خاوەن بڕوانامەکان ڕۆشنبیر نین، ئەوانە دەتوانن زانیاری وەربگرن و بە شێوەیەکی دیاریکراو بەکاریبێنن و بکەونە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی ئاسایی، بەڵام قەت بیر لە پێداچوونەوە و هەڵوەشاندنەوە و دامەزراندنەوەی ناکەن. گومانی تێدا ناکەم چەندی خوێندەواری زیاتر و ئاستی بەرزتر بێت ئاست و ژمارەی ڕۆشنبیران زیاتر دەبێت.

ڕۆشنبیر لە بوارە جیاوازەکانی کۆمەڵگا هەڵدەکەون و داهێنان لە ڕێچکەی خۆیاندا دەکەن. ئەو سیاسەتمەدارانەی بە ڕووناکبینی و زانابییەوە بەشداری کەشی سیاسی دەکەن، لە جوغزی خۆیاندا کاریگەر دەبن و گۆڕانکاری دروست دەکەن و ڕەوشی کۆمەڵ بەرەوپێشەوە دەبەن. وەک تۆماس جیفرسۆن، شارڵ دیگۆڵ، گۆڕباچۆف، ڤاسلاف هاڤێل، مهاتما گاندی، نلسۆن ماندێلا. هەروەها ئەو ئەدیبانەی دەست لەسەر هەناسەی مرۆڤ دادەنێن ژمارەیان زۆرە، وەک جەلالەدینی ڕۆمی، تالستۆی، ئامیل زولا، ژان پۆڵ سارتر، ئەمین مەحفوز، گارسیا ماکیز، نالی. بیردۆز و تیۆرسیەنە کاریگەرەکان کە ئەزموونی کۆمەڵگاکان دادەڕێژنەوە. وەک نموونە ژان ژاک ڕۆسۆ، تۆکۆفێل، مارکس، فرۆید. هونەرمەندانی سینەمایی و شانۆیی و جۆرەکانی پەیکەرتاشی و نەقاشی- تەشکیلی، هەروەک نموونە چارلی چاپلین، ئانتۆنی کۆین، ئانجێلینا جولی یان مایکل ئانجیلۆ، رافائێل، پیکاسۆ.

saro.qadir@gmail.com
www.seroqadir.com

بۆ سەرهەڵدانی توێژی رۆشنبیران، زەمینەی کۆمەڵایەتی پێشکەوتووی بە جموجۆڵ و بەرهەمهێنان پێویستە. رۆشنبیر بە مانا و ئەرکی ئەم رۆژگارە مۆدێرنە لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی زانا دروست دەبێ و زەمینەی گەشەکردنی هەیە. بۆیەش دیاردەی رۆشنبیران بە تایبەتمەندییەکی سەردەمی مۆدێرن دەزاندرێ. ئەو دیاردە کاریگەرە لەگەڵ سەرەتاکانی نوێبوونەوە و پەیدابوونی سەرمایەداری هاتەبوون و رۆڵی دروستکردنی فکر و دەوڵەمەندکردنی مەعریفەی کۆمەڵایەتییان بە ئەستۆ گرت. کۆمەڵگا نوێیەکان نەیاندەتوانی هیچ هەنگاوێک بەرەوپێشەوە بنێن ئەگەر رۆشنگەری رووناکبیرەکانیان نەبایە. کۆمەڵگا و بزووتنەوەکانی بەبێ بەرهەمی فکریی رووناکبیران(رۆشنبیران) توانایی هەڵنانی هیچ هەنگاوێکیان نییە، چونکە دەبێ بزانن چی بەدیدێنن. ئەو چییە لە بەرهەمی رۆشنبیران هەڵدێنجرێ. ئا لەو رۆڵەوە بیرۆکەی رۆشنبیری لایەندار و بە هەڵوێست دروست بوو. لایەنداریێتی رۆشنبیران لێکدانەوەی جیاوازی بۆ کراوە و لە مانایدا لێرە و لەوێ بە پێی بەرژەوەندی ئایدیۆلۆجی باری کۆمەڵایەتی و سیاسییان سووک یان سەنگین کردووە. ئەوەش دیسان بۆ ئەو رۆڵە دەگەڕێتەوە کە رۆشنبیران لە دروستکردنی فکری بزووتنەکان هەیانبووە. رۆشنبیران بە کار و پرۆسەی بەردەوامی داهێنانی خۆیان زەمینەی دروستبوونی ئایدیۆلۆجیاکان و ئامانجەکانیان دروست کردووە، جا با خۆیان راستەوخۆ بەشدار و پێشەوا نەبووبن، هیچ لە رۆڵە کۆمەڵایەتییە زانیارییەکەیان کەم ناکاتەوە. کاریگەری فکری رۆشنگەرانەی رۆسۆ و ڤۆڵتێر لە شۆڕشەکانی ئەمریکا و فەڕانسە، رۆڵی کاڕل مارکس لە داڕشتنەوە و فراوان کردنی ئایدیۆلۆجیای (عەدالەت)کۆمۆنیزم، رۆڵی رۆشنبیرانی توێژەری رۆژهەڵاتناس لە خەملاندنی ئایدیۆلۆجیای نەژادپەرستی و راسیزم و ئاپاڕتاید. ڤۆسترانەوە و کاریگەری فکریی دارڤین و نیچە و هایدگەر لە درستبوونی فاشیزم و نازیزم. رۆڵی روونابیرانی سەدەی بیستەم لەسەر کرانەوەی کۆمەڵایەتی و دروستبوونی کۆمەڵگای مەدەنی و چارەسەریی کێشەی ژن. لەو بوارەدا ناوی ئامیل زولا و ئاندرێی ژید و بێرتراند راسێل و ژان پۆل سارتر و سیمۆن دیبۆڤار دەدرەوشێنەوە. سەدەی بیستەم بە سەدەی ئەو رۆشنبیرانە دادەندرێ.

مناقەشەیەکی درێژ بە پانتایی سەدەی بیستەم لەسەر پێناسە و رۆڵی رۆشنبیران هەبوو. خودی چەمکی رۆشنبیر لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم لە ناو کۆمەڵگای پڕ لە جموجۆڵی رۆشنگەرانەی فەڕانسە دروست بوو. زیندانی کرانی ئەفسەرێکی جوی ناو سوپای ئەو وڵاتە، کێشەیەکی فراوانی لێکەوتەوە و رۆشنبیرانی خستە بەردەم ئەرکێکی ئینسانی، ئاخۆ رەوایە دریفوسی ئەفسەری فەڕانسەیی لەبەر ئەوەی جوە بە جاسوس دابندرێ و هەموو مافەکانی لێبسەندرێتەوە و بۆ دوورگەیەکی دوور دووربخرێتەوە؟! ئەوە بە کردەوەیەکی نەژاد پەرستانە دژی پەیڕەوانی دینی یەهودی داندرا. رۆماننووسی بە ناوبانگ ئامیل زولا بەو وتارەیەوە بەناوبانگە کە دژی سەرۆک وەزیران و بۆ دیفاع لە دریفوس نووسی. ئەو هەڵوێستەی ئامیل زولا نەک هەر رۆشنبیران بەڵکو کۆمەڵگای ئەو وڵاتەی خستە مناقەشەیەکی چارەنووسساز و مێژوویی؛ دەبێ سەرەڕای جیاوازی دینی، دیفاع لە هاووڵاتیان بکرێ و مافەکانیان بپارێزرێ؟! کەواتە دەبێ دیفاع لە دریفوس بکەن و پاشەکشە بە سەرۆک وەزیر بکرێ! ئامیل زولا بە زیندانێکی درێژ مەحکوم کرا و ناچار بوو رابکات و وڵات بەجێبێڵێ. رۆشنگەران و نووسەرە ناودارەکان کەوتنە بەردەم کێشەیەکی نوێ کە دەبوا رێگای راستەقینەی بۆ بدۆزنەوە: ئەرێ کەسانی زانا هیچ ئیلتزامیان بەرامبەر لێقەوماوانی کۆمەڵایەتی لەسەر شانە یان نا؟ ئەرێ ئێمە ناومان چییە؟! ئا لەوێوە بە راستی مەفهومی رۆشنبیر (ئانتیلکتوێل) و ئیلتزام و بێدەنگ نەبوونی تاریف کرا. ئەو قسەیە واناگەیەنێ پێش ئەو رووداوە دیاردەی رۆشنبیریی نەبووبێ. کۆکردنەوەی زانیاری و ناسینی زیاتری سروشتی مرۆڤ و ناخی گێتی لە تایبەتمەندییەکانی وجودی مرۆڤە. بەڵام دەبێ بزانین لە هەر قۆناغێکی پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا، کەسانی زانا و رۆشندڵ لە چ بارودۆخێک و لە کام ئاستی زانیاری و مەعریفەی کۆمەڵگاکان هەڵدەکەون و چۆن دەکەونە بەرامبەر چارەسەرکردنی کام ئەرک و چ ئامانجێک!.

ئەگەر رۆشنبیر بریتی بێت لەو کەسە زانایەی لە سەردەمی مۆدێرن هەڵدەکەوێ، ئەدی زانای سەردەمی سیحر و ئەفسانەکان چی پێدەگووترێ؟ فەیلەسوفانی ئاتێن کێن؟ پێغەمبەران و بیرمەندە دینییەکانی دوای ئەوان دەکەونە چ خانەیەک؟ هەموو ئەوانە لە سەردەمی خۆیاندا بەو گەنجینە مەعریفییەی لەبەردەستیان بووە و بەو ئامرازە مەعریفییانەی کە دەیانتوانی فەرهەنگسازی و باوەڕسازی بکەن، داڕێژەر و بنیادنەری فکری کۆمەڵگا بوون؛ شەجەرە مێژوویییەکەی توێژی فکر و مەعریفە بەم چەشنەیە: ساحر- کاهن- فەیلەسووف- پێغەمبەر- عالمی دینی-عارف- رۆشنگەران- رۆشنبیران. هەر یەک لەوانە لە زەمانی خۆیدا کەسایەتی زانستی و کۆمەڵایەتی تایبەتی هەبووە. لە سەردەمی جاهیلیەتی موتڵەقدا ئەوە ساحر و کاهنەکان بوون کە هەوڵی کۆکردنەوەی تەجرەبە سەرەتاییەکانی مرۆڤیان دەدا و بەپێی توانایی ئەوکات کۆخ و کاولی کولتووریان هەڵدەچنی و نەوەکانیان لەسەر مەعریفەتی دەستکەوتووی ئەکات رادەهێنا. هەر ئەو ئەرک و کاریگەرییەشە تا ئێستا لە زاکیرەی مرۆڤاتییدا ناسڕێنەوە. ئاتێن لە یۆنانی کۆندا مەکۆی ژمارەیەک رۆشندڵی گەورە بوو کە هەوڵیاندا لە هەموو بوارەکانی ژیان و وجود لێکدانەوەی راستەوخۆ بکەن و سەرچاوەکانیشیان سحر و ئەفسانە و ئەزموونەکانی رۆژانە بوون. فەیلەسووفەکانی یۆنان بناغە و رێچکەیان بۆ بیرکردنەوەی قوڵ و زانستییانەی بەشەرییەت داڕشت. گرنگی پێغەمبەران بە پلەی سێیەم دوای فەیلەسووفەکان دێت. لە سەردەمی دینەکاندا کە مرۆڤ تەنیا هۆشی بەلای لێکدانەوەی گێتی و خودی بەشەردا دەچوو، پێغەمبەران رۆشندڵانی گەورەی ئەو زەمانن و روانگا و رێکخستنێکی گونجاو بۆ ئەوکاتیان دەدایە کۆمەڵگاکان. چونکە پێغەمبەرەکان لە وەرگرتن و بڵاوکردنەوەی زانیاریدا پشتیان بە بیستن و گووتن دەبەست نەک نووسین و خوێندنەوە، بۆیە زانا و موجتەهیدەکانی دوای خۆیان دەبوا پشت بە دەقی پیرۆزی ئەوان ببەستن بۆ هەندێش دەبوا هانی نووسینەوە و تۆمارکردن بدەن. بۆیە ئەگەر پێغەمبەرەکان ئامرازی مەعریفییان(بیستن و گووتن) هەمانی سەردەمی جاهیلییەتی موتڵەق بوو، ئەوە زانا موجتەهیدەکانی دوای خۆیان هەنگاوێک هاتنە پێشەوە و پشتیان بە دەقی نووسراو دەبەست. هەڵبەت ئەو دیاردەیەش بارودۆخی مێژوویی-کۆمەڵایەتی خۆی هەبووە.

**رۆشنبیر بە مانا و ئەرکی ئەم رۆژگارە مۆدێرنە لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی زانا دروست دەبێ و زەمینەی گەشەکردنی هەیە. بۆیەش دیاردەی رۆشنبیران بە تایبەتمەندییەکی سەردەمی مۆدێرن دەزاندرێ**



# پیشەوەران گرفتی زۆر و نەبوونی گەرەنتی لەسەر ژیانیان

لە هەڵمەتەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەمەریکاو زۆر لەوڵاتانی ئەوروپای رۆژئاوا کاندیدی پارتەکان زۆر بەکەمی باسی پیشەوەران دەکەن؛ ئەمە لەبەر فەرامۆشکردنی ئەو توێژە فراوانە نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە لەو کۆمەڵگایانەدا لەچوارچێوەی یاساو دەوڵەتی دامەزراوەیی زۆربەی گرفت و کێشەکانی پیشەوەران چارەسەر کراوە. بەپێچەوانەی هەرێمی کوردستانەوە پیشەوەران پێیان وایە حکومەت و کەرتی تایبەت نەك تەنیا کێشەو گرفتەکانیان چارەسەر نەکراوە بەڵکو لەهیچ بڕیارو هەنگاوێکیشدا پرسیان پێناکرێت و بەتەواوەتی سەندیکا کرێکارییەکانیان فەرامۆش کراون. هەربۆیە زۆربەی ئەو پیشەوەرانەی قسەمان لەگەڵ کردن پێیان وابوو بە ئەندام بوون لەسەندیکا پیشەوەرییەکان تەنیا پێدانی ئابوونەیەکی مانگانەیەو هیچی تر، ئەمەش وایکردووە زۆر بەکەمی پیشەوەران لەسەندیکاکانیان کۆببنەوە، بەرادەیەك سەندیکا هەیە تەنیا خاوەنی ١٢٠٠ ئەندامە لەکاتێکدا دەبووایە ٢٠ هەزار ئەندامی هەبووایە . دوورکەوتنەوەی پیشەوەران لەسەندیکاکانیان جگە لەوەی زیانی بۆ بەرشوبڵاوی پیشەوەران گەیاندووە گرفتەکانی نەبوونی زەمان و گەڕانەوەی بەهای کارو تەواویی مافە تەندروستی و سەلامەی پیشەسازیی و خانەنشینیان لەلای خاوەن کار بۆ دەستەبەرناکات.

لەهەرێمی کوردستان ٨٥پیشە لەچوارچێوەی ٧ سەندیکای پیشەیی لەناو یەکێتی سەندیکاکانی کرێکاریی بوونی هەیە، ئەم توێژە بەرژەوەندی سەدان پیشەوەر لەخۆدەگرێت ؛ کە کاریگەریی و رۆڵی خۆیان لە پەرەپێدانی کۆمەڵگاو لێکتێگەیشتنی هاوبەش لەگەڵ هەردوو کەرتی حکومی و تایبەت هەیە، کەواتە حکومەت و وەزارەت و دامودەزگا پێوەندارەکان بۆچی بەبەردەوام تەنیا باسی توێژێکی کەمی وەبەرهێنەرو بیزنسکارو

بازرگان دەکەن؛ لەکاتێکدا توێژێکی فراوانی ناو کۆمەڵگا کە پیشەوەران و کرێکارانن بەپێی پێویست گوێبستی داواکاریی و خواستەکانیان نەبوون؟ بەپەراوێزخستنی پیشەوەران و نەبوونی گوتارێکی یەکگرتوو بۆ بەدیهێنانی مافەکانی پیشەوەران بەیەکێك لەو گرفتانە دادەنرێت کە کاریگەریی توندی لەسەر فراوانبوونی کەلێنی نێوان پیشەوەران لەگەڵ هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتی هەبووە؛ ئەم پرسە چەندین پرسیاری هەمەجۆری وروژاندووە، بەوەی لەکۆمەڵگای دیموکراتی دا پشتگوێخستنی چینی کرێکاران و پیشەوەران چی مەترسیەکی لێدەکەوێتەوە؟ بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە ژمارەیەك لەچالاکوانی کۆمەڵگای مەدەنی و سەرۆکی ژمارەیەك لە سەندیکا پیشەوەرییەکانمان وروژاند.. سەرەتا بەڕێز دکتۆر چنار سەعد عەبدولا ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی کاروباری پیشەییەکان لەدەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان وتی: پیشەوەران بوارێکی زۆر فراوانەو ڕۆژانە لەناو کۆمەڵگاکەماندا چەندین پیشە مومارەسە دەکرێت و بەبەشێکی سەرەکی جوڵەی بازاڕو ئابووری وڵات دادەنرێت، منیش پێم وایە لەمبوارەدا کەموکورتی هەیە ئەمەش بەو مانایە نایەت کە سەندیکا کرێکارییەکان بوارەکانی پیشەی دیاری نەکردووە یا داوای مافەکانی ئەندامان و توێژەکەی نەکردووە، بەڵام گرفتەکە لەکۆمەڵگای کوردستانی لەوەدایە تاچەند پیشەوەران خواستی بوون بەئەندامیان هەیە لەناو سەندیکاکانی تایبەت بەخۆیان ؟ ئەشکالیەتی دووەم ئەوەیە کە یەکێتی کرێکاران قورسایی لەسەر ئاستی حکومەت چییە و حکومەت چەند ڕەچاوی هەبوونی ئەوە دەکات و داواکاریی سەندیکاکە بەهەند وەربگیرێت، بەشێوەیەکی گشتی هەموو سەندیکایەك لە کوردستان دەسەڵاتی نەگەیشتۆتە ئەو ئاستە کە ببێتە گروپی فشار بۆ بەدەستهێنانی داواکاریی ئەندامانیان، یاخود حکومەتی ئێمە یا فەرهەنگی کۆمەڵگاکەی ئێمە نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە ڕێکخراو و سەندیکاکان قورساییان هەبێت و بەشێکی تەواوکاریی ئەنجومەنی تەشریعی و جێبەجێکار بن، ئەوە بۆتە هۆکاری ئەوەی کە هەندێ جار بە میزاجی کەسی مامەڵە لەگەڵیاندا بکرێت و زۆربەی جار بەئارەزووی کەسی مامەڵە لەگەڵ خواست و ویستەکانیان بکرێت، ئەم هۆکارانەیە کەوایکردووە خەڵکی یا ئەندامانی ئەو سەندیکایانە هەست نەکەن کە سەندیکاکەیان قورس و سەنگینە و دەتوانێت بڕیار دروست بکات و دەتوانێ لۆبی بێت و فشار لەسەر دەسەڵات دروست بکات بۆ گۆڕینی بڕیار و بەرگریکردن لە ئەندامەکانی، تەنانەت هەندێ جار مەسەلەی لاوازی سستەمەی دامەزراوەیی بۆتە هۆکاری ئەوەی کە خەڵك ئیستیغلال ئەو لایەنە بکات و بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵێك سەرمایەدارو مەلاك، بۆ نموونە بەپێی وەزارەتی کارو ئەوەی وەزارەتی کار کاری پێ دەکات و خودی سەندیکای کرێکارانیش ئیشی پێ دەکات کە بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان هەر کرێکارێك لەم وڵاتە دەبێت زەمان بدات و ئەندامیش بێت لە سەندیکا، بەڵام کێشەکە لەوەیە ئەو کرێکارانە ناچن زەمانەکە بدەن بەمەش لەکاتێکدا کرێکارەکە تووشی بێکاری یا کەمئەندامی یا مردن بێت لە هەقی زەمان و قەرەبووکردنەوە بێبەش دەبێت.

پیشەوەران لە کەرتی گشتی و تایبەتیش بەردەوام گلەییان هەیە، ئەمەش بۆ لاوازی سیستەمی چاودێریی و بەدواداچوون دەگەڕێتەوە ؛ لەم ڕووەوە بەرپرسی کاروباری پیشەییەکان لەدەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان وتی: من پێموایە کەرتی گشتی و تایبەتی بێ کەموکوڕی نین، زۆربەی سەرمایەدارو خاوەن کار لە وڵاتی ئێمە ئەوەندە بیر لە بەرژەوەندیی تایبەتی و زۆر تەسکەکانی خۆیان دەکەنەوە ئەوەندە بیر لە بەرژەوەندی گشتی ناکەنەوە، لەلایەکی تر بوونی چاودێرییەکی لاواز لەسەر هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت هۆکارێکی دیکەیە بۆ ڕێگا خۆش نەکردن تاوەکو سەندیکا و ڕێکخراوەکان ئەو هێزو دەسەڵاتەیان نەبێت کە بتوانێ پێگەیەکی وا بۆ خۆی دروست بکات کە ببێتە فشارێك لەسەر کەرتی گشتی و بارودۆخەکە ڕێکبخات، ئەم هۆکارانە وایانکردووە بەڵانسی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگا رانەگیرێت و سیستەمی کار لەنگ بێت، کاتی ئەوەهاتووە لەکابینەی نوێی حکومەت ڕۆڵی سەندیکا کرێکاریی و پیشەییەکان بگەڕێنرێتەوەو بەشدارییان لەبڕیاردا پێ بکرێت و ببنە گروپی فشار بۆ ئەوەی مافی ئەندامەکانیان دەستەبەر بکرێت و ببنە لینکێکیش لەنێوان حکومەت و کەرتی تایبەت و کۆمەڵگاکانی مەدەنی، بەداخەوە جاری واهەیە نەقیبی سەندیکایەك کە نوێنەرایەتی سەدان بگرە هەزار ئەندامە کاتێك دەچێتە فەرمانگەیەکی دیاریکراو بۆی هەیە بێ ڕێزی بەرامبەر بکرێت. لە هەندێ وەزارەتدا لە ئەنجومەنی باڵای وەزارەتەکەدا نوێنەرایەتی ڕێکخراو یا کۆمەڵە یا سەندیکا یا یەکێتی دیاریکراو هەیەو بەشداری لە بڕیاردان دەکات، خوازیارین ئەم حاڵەتە لەسەرجەم وەزارەت و دەستەکاندا هەبێت. هەرسەبارەت بەگرفت و کێشەی پیشەوەران چەند سەرۆکێکی سەندیکا کرێکاریی و پیشەوەرییەکانمان وروژاند سەرەتا شێخ قادر جەمیل لە لقی سەندیکای کرێکارانی هەولێر لە لێدوانێکی تایبەت بۆ (گوڵان) وتی: سەندیکای کرێکاران ٧ سەندیکای پیشەوەران سەندیکاکانی (بیناسازیی- نەوت و کارەبا – خزمەتگوزاریی – گواستنەوەو گەیاندن – ڕستن و چنین – پیشەسازیی – ئوتێل و گەشتیاریی ) لەخۆدەگرێت، پێویستە حکومەت و کەرتی تایبەت گرنگی زیاتر بەم سەندیکایانە بدەن و گوێبستیان بن، بەبەردەوام کۆبوونەوەو کۆنگرەو خولەکانی مەشق و ڕاهێنان بۆ کرێکاران و پیشەوەران ئەنجام بدرێت. لەمەش گرنگتر پێویستە بەدەنگ چارەسەرکردنی هەر کۆسپ و گرفتێکەوە بێن کە لەنێوان پیشەوەرو خاوەن کار دروست دەبێت و گرەنتی کارو خانەنشینیان بۆ بکرێت .

لەهەرێمی کوردستان زۆربەی پیشەوەران و کرێکاران بەتایبەتی کرێکارانی ناوخۆ زەمانیان نییە یا لەلایەن خاوەن کارەوە لەسەر کارەکەیان دەردەکرێن؛ دەرکردن لەسەر کارو نەبوونی زەمان گرفت و کێشەیەکی گەورەیەو هۆکارێکیشە بۆ بێکاریی

شێخ قادر جەمیل:

**چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان پیشەوەران و خاوەن کارو دابینکردنی زەمان و بەدەنگەوەهاتنی سەندیکا پیشەوەرەکان ئەرکی حکومەتە**

عەبدوڵڵا کەریم:

**بۆ ڕێکخستنی کاری پیشەوەرانی گواستنەوە پێویستیمان بە هاوکاری حکومەت هەیە**

قاسم شەریف:

**کەمترین پرس و ڕاوبۆچوونمان لەبڕیار و کارەکانی پێوەندار بە پیشەوەر و کرێکاران وەردەگیرێت**



و تێکچوونی پێوەندی نێوان هێزی کاروو بەرهەمهێنان یا هەڵکشانی رووداوەکانی گیان لەدەستدان لەکاتی کارکردن ؛ سەبارەت بەنەبوونی زەمان و کێشەکانی نێوان پیشەوەرو خاوەن کار شێخ قادر لەسەندیکای کرێکارانی هەولێرەوە وتی: گەرچی ژمارەیەك لەو پیشەوەران و کرێکارانەی کە لەکارگەکاندا کاردەکەن مانگانەی خۆیان لە ٥٪ دەدەن و خاوەن کاریش لە١٢٪ دەدات و لەحاڵەتی گیان لەدەستدان یا کەمئەندام بوونی یا بەساڵاچوون کرێکار یا پیشەوەر خانەنشین دەکرێت، بەڵام زۆربەی پیشەوەران و کرێکاران بەتایبەتی ئەوانەی شوێنی کاریان دیار نییەو گەڕۆکن بێ زەمانن. هەروەها ئێمە زۆربەی جار گەر کرێکارێك هاتبێتە لامان و کارەکەی لەدەستدابێت یا مووچەکەی کەم بێت یا کرێی کاتژمێری زیادی نەدرابێت بەدواداچوونمان بۆ کردووەو بەدوای وەرگرتنەوەی مافەکەیەوە بووین، پارێزگاری کرێکارین لەماف و دابینکردنی سەلامەی تەندروستی و پیشەسازیی و پێدانی مووچەیەکی وا کە لەئاست گوزەرانی خێزانەکەیدا بگونجێت، گەربێتوو لەگەڵ خاوەن کار نەگەینە چارەسەری کێشەکەی کرێکار و بۆمان روون بێتەوە کە مافەکە لای پیشەوەرەکەیە ئەو کات کێشەکە دەبەینە دادگا. ئێستا لەهەوڵی ئەوەداین یاسای ژمارە ٥١ی تایبەت بەکرێکار هەموار بکرێتەوە کە رژێمی بەعس لەو یاسایەدا کرێکاریی لەکەرتی گشتی کردە فەرمانبەرو کرێکارو پیشەوەران زۆر لەمافەکانیان لەدەست دا.

هەر سەبارەت بەدەنگ نەهاتنی وەزارەتە پێوەندارەکان لەمەڕ کێشەو گرفتی سەندیکا پیشەوەرییەکان عەبدوڵا کەریم سەرۆکی سەندیکای گواستنەوەی هەولێر لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ گۆڤاری (گوڵان) وتی: تارادەیەك حکومەت و دامودەزگا پێوەندارەکان بەدەنگ داواکارییەکانمانەوە هاتوون، بەڵام پێویستیمان بە پشتیوانی و هاوکاریی زیاتر هەیە، چونکە کێشەمان لەبواری گواستنەوە هەیە بۆ نموونە پێویستە مۆڵەتی شۆفێریی گشتی بەهەموو کەس نەدرێت بەتایبەتی ئەوانەی لەکەرتی حکومی و تایبەت کار دەکەن، ئەمە جگە لەوەی گلەیی و رەخنەمان لەزۆر بواری تری وەکو هێنانی بەلێشاویی ئۆتۆمبێلی تاکسی و بارهەڵگر و خراپی رێگاوبانەکان هەیە. ئەم خواستەی نوێنەرانی شوفێرەکان تەنیا خواستێکی توێژێکی گرنگی ناو کۆمەڵگا نییە بەڵکو رێکخستنی بواری گواستنەوەو پەرەپێدانی سێکتەرێکی گرنگی ئابوورییە کە لەکۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا زۆر بەباشی رێکخراوەو لەهەرێمی کوردستان پشتگوێخراوە، هەربۆیە چاوەڕێی ئەوە ناکرێت ژمارەی ئەندامانی ئەم سەندیکایە روو لەزیادبوون بکات . بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم راستیە قاسم شەریف سەرۆکی سەندیکای نەوت و کارەبای هەولێر کە نوێنەرایەتی ژمارەیەکی زۆری بەنزینخانەکان و کۆمپانیاکانی نەوت و کارەباچی و کارەبا فرۆشی ئەهلی و چەندین پیشەی دیکەیە پێی وایە تا ئێستا لەسەندیکاکەیان تەنیا ١٢٠٠ ئەندامیان هەیە لەکاتێکدا وا پێویست بوو ژمارەی ئەندامانیان زیاتر بێت لە ٢٠٠٠٠ هەزار ئەندام. بەڕێزیان هۆکاری ئەمەیان بۆ ئەوە گەڕاندەوە کەحکومەت و لایەنە پێوەندارەکان بەهیچ جۆرێك هاوکاری و پاڵپشتیان ناکەن، لەمبارەیەوە وتی : کێشەو گرفتمان لەگەڵ کۆمپانیاکان لەپارێزگای هەولێر هەیە، لەهیچ بۆنەو کارو رووداوێکدا هەماهەنگی و هاوکاری ئێمە ناکەن، هەر بۆ نموونە لەکاتێکدا کرێکارێك یا پیشەوەرێك لەکاتی کارکردن گیان لەدەست بدات یا کەمئەندام بێت کە ئێمە سەردانی کۆمپانیاو خاوەن کار دەکەین بەمەبەستی خانەنشینی پیشەوەرەکە کەچی خاوەن کۆمپانیاکە رێگریمان دەکات و هاوکاریمان ناکات، بگرە لەبڕیارو کارەکانی پێوەندار بە پیشەوەران و کرێکاران کەمترین پرس و راوبۆچوونمان وەردەگیرێت.

پارتی دیموکراتی کوردستان هەوڵیداوە ئەو رێکخراو و سەندیکا پیشەوەرانە لەناو پرۆسە دیموکراتیەکەدا ببنە فشار لەسەر کەرتی گشتی و تایبەت، لەم رووەوە بەرپرسی کاروباری پیشەییەکان لەدەستەی رێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان وتی: ئێمە وەکو نوێنەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ کرێکاران و پیشەوەران باوەڕومان وایە ئەگەر نوێنەرانی ئێمە لەناو سەندیکاو رێکخراو و توێژەکاندا بتوانن نوێنەری

راســـتەقینەی توێژەكانیان بن و لەكاتی پێویست بەرگیری و داكۆكیان لێ بكەن و لۆبی و فشـــار دروســـت بكەن، ئەمە خزمەتێكـــی زۆر بەپەیامی پارتی دیموكراتی كوردســـتان دەكەن، چونكە پارتـــی لەبەرژەوەندی توێژەكان كار دەكات. نەك لەبەرژەوەندی كەســـێك یا چەند كەسێكی دیاریكراو و لەو شـــوێنانە پێویســـت بوویێت لەهەر كات و ساتێك دابێت ئەوە ئێمە بووینە بازنەی ناوەڕاســـت و بەیەكگەیشتن لەنێوان رێكخراو یا ســـەندیكا یا توێژێك لەگەڵ لایەنی دەسەڵاتدا، ئێمە ئـــازادی تەواو بەو توێژانە دەدەیـــن و هەندێ جار لە رێگای كەناڵەكانی خۆمانەوە ئەو فشارانەمان زیاتر كردووە و داواكاری ئەو رێكخراو سەندیكانەی هەیە گەیاندوومانەتە مەكتەبی سیاســـی و ســـەرۆك و جێگری سەرۆكی پارتی دیموكراتـــی كوردســـتان هەمـــوو كاتێـــك و بەردەوامیش تەواوكاری ئەو رێكخراو و ســـەندیكایانە دەبین لە كارو ئیش و داخوازیەكانیانـــدا و بەمافی خۆیانمان زانییوە كە ئازاد بن لە مومارەسەی كاری رێكخراوەیی خۆیان. ئێمە لە رێكخراو و ســـەندیكاو كۆمەڵەكان نزیكین و زۆر حەز دەكەین زیاتر و زۆر بۆ ناو ئەو پیشەوەرانەی وڵاتەكەمان شۆڕببینەوە، بەڵام دەبێـــت ئەوە بزانین كە ئێمە لایەنێكی حزبین و لەكاتێكدا كە لایەنە حزبییەكە زۆر شـــۆڕدەبێتەوەو مەیدانییەن دەچێتە ناو پیشـــەوەرەكان بەتایبەتی ناوەندە رێكخراوەییەكان ئەوە جۆرێك لە هەســـتەوەری دروســـت دەبێت و لەلایەن هەندێ خەڵكەوە بەجۆرێكی تر خوێندنەوەی بۆ دەكات كە وای بۆ لێكدەدەنەوە كە ئێمە دەمانەوێت حزب و رێكخراوەیی زۆر تێكەڵاو بكەین. لەگەڵ ئەمەشـــدا تاڕادەیەكـــی زۆر لەپڕۆگرامەكانی ئەو رێكخراو و سەندیكای پیشـــەوەرانەی هەیە ئامادە دەبین و بۆ گفتوگۆ و بەدوادچوونی هەر پرس و بابەتێكی پەیوەندار دەرگامان هەموو كات كراوەیە.

لە وڵاتانی پێشكەوتوو ئێســـتاكە كێشەو گرفتی پیشەوەران كەمتر بۆتـــەوە، ئومێدی لێكتێگەیشـــتنێكی زیاتر لەنێوان ســـەندیكا پیشـــەییەكان و حكومەت هەیە و كێشەو گرفتی پیشـــەوەران لە وڵاتانی پێشكەوتوو وردە وردە چارەسەر كراوە، بە پێچەوانەی هەرێمی كوردســـتانەوە كە دۆخی پیشەوەران شپرزەیی پێوە دیارە لەم رووەوە بەرپرسی كاروباری پیشەییەكان لەدەســـتەی رێكخـــراوە جەماوەری و پیشـــەییەكانی پارتی دیموكراتی كوردســـتان پێی وابوو ئومێد هەیە و هەمیشـــە بۆ ئـــەو ئومێدو كارە گرنگەش دەبێـــت بەجددی و بەردەوام كار بكرێت، ئەو مەبەســـتە پلان و بەرنامەی پێویست هەیە و بەرنامەكانیش دەبێت لەسەر چەند ئاستێك دابێت، لەمەش دا بڕوای تەواومان بەوە هەیە دۆخی پیشەوەرەكانی ئێمە جۆرێك لەشـــپرزەیی پێوە دیارە و دەبێـــت رێكبخرێت. هەر وەزارەت و دامودەزگایەك كە پەیوەندی بەو بوارەوە هەیە دەبێ بەرنامەی خۆی هەبێت بۆ ئەو مەبەســـتە، هاوكات هەر رێكخراوێك و ســـەندیكایەك و كۆمەڵەیەك پەیوەندی بەو مەسەلەیە هەبێت ئەوە دەبێت پڕۆگرامی هەبێت و پڕۆگرامەكانیش لە هەندێ شـــوێن دەبێت تـــەواوكار بێت لەگەڵ ئـــەوەی كە حكومەت دایدەنێت.



**د. چنار سەعد عەبدوڵا**
بەرپرسی كاروباری پیشەییەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان بۆ (گوڵان):

## رێكنەخستنی پێوەندی نێوان هەریەک لە سەندیكا كرێكارییەكان و حكومەت و كەرتی تایبەت بەڵانسی دادپەروەریی كۆمەڵایەتی و سیستەمی كاری لەنگ كردووە

# چاودێریی «گلۆبال»



پرۆفیسۆر میشێل ڤیڤیۆرکا*

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێت

درکاندنەکانی ئەم دواییەی ئیدوارد سنۆدن، دەمانخەنە بەردەم تازەبوونەوەی کردەی «چاودێریی» لە سەدەی بیست و یەکدا: لەدەرەوەی سیخوڕیە کلاسیکیەکان کە ڕێگایان دەدا بە وڵاتێك هەڵسەنگاندن بۆ توانایی و لاوازی سەربازی وڵاتێکی دیکە بکات، لەدەرەوەی سیخوڕییە ئابووریەکان کە مێژوویەکی درێژی هەیە، چاودێریی لەسەدەی بیست و یەکدا دەبێت بە کردەیەکی «گلۆبال».

هەر لەسەرەتاوە ئەم چاودێرییە گشتێنراوەو بەجیهانیکراوە، بەتایبەتی لەڕێگای دەستێوەردانی ڕێکخراوە گەورەکانی وەك گۆگل، فەیسبوك، تویتەرەوە. ئەم چاودێرییە، هەر لە شتە زەبەلاحەکانەوە، هەر لە شتە گشتیەکانەوە تا دەگاتە قووڵایی شتە هەرە تایبەتەکانی هەر کەسێك لە ئێمە دەکات بە نیشانەو لە هەر چرکەساتێکدا دەتوانێت دەستیان لێگیربکات.

لەڕابردوودا کردەی چاودێری یان لەسەر ئاستی ئەنتەرناسیۆنال و لەڕێگای سیخوڕییەوە خۆی بەدیهێناوە، یان ناسیۆنال بووەو لەڕێگای کۆنترۆڵکردنی هاووڵاتیانەوە پرۆژەکانی خۆی جێبەجێ کردووە. بۆنموونە ڕژێمێکی دیموکرات، سوڵتەوی یان دیکتاتۆری هاتووە و لەڕێگای تۆڕەکانی چاودێرییەوە هەژموونی خۆی بەسەر کۆمەڵگەدا سەپاندووە.

بەڵام لە ئێستاو ئێرەدا هەموو شتەکان تێکەڵ بەیەکتری دەبن. پرسیارە ناوخۆییەکان و پرسیارە دەرەکیەکان ئاوێزانی یەکتری دەبن. کۆنترۆڵ کردنیش چ لەسەر ئاستی جیهان و چ لەسەر ئاستی دەوڵەتی نەتەوە، لەنێو یەك پرۆژەو پرۆسێسدا خۆیان بەدی دەهێنن.

ڕەهەندێکی دیکەی ئەم دیاردە نوێیە ئەوەیە کە «گلۆبالیزاسیۆن»ی کردەی چاودێری کردن یەکسان نییە بە کۆتایی هەژموونی جیۆپۆلیتیك. درکاندنەکانی سنۆدن روونیدەکەنەوە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تائێستاش خاوەنی هەمان خواستی کۆنترۆڵکردنی جیهان و بەڕێوەبردنی هاوکێشە ئاڵۆزەکانی هێزن. ئەمە ئەو تۆڕە ئاڵۆزە نوێیەیە کە وا لە ئیدارەی ئەمریکی دەکات لەیەککاتدا چەندین سەرەداوی دروست بوو لە شێوەی تەونی جاڵجاڵۆکەییدا بەڕێوە ببات و لە جیهانێکی «گلۆبالیزە»کراودا هەموو شتەکان لە ئاستی «گلۆبال»دا ببینێت. واتە چیتر شتەکان، هەموو شتەکان بە عەقڵ و لۆژیکی پەراوێزەوە ناخوێنرێنەوە، بەڵکو ئەوەی کە لە لەندەندا ڕوودەدات کاراییی دادەنێت بەسەر ئەوەی کە لە گوندێکی سەنیگالدا بەڕێوەیە.

درکاندنەکان پێیان وتین کە چیتر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەو دەوڵەتە «هاوڕێیە» نییە کە دڵنیایی بە هاوپەیمانەکانی دەبەخشێت، بەڵکو ئەو براگەورەیەیە کە دەیەوێت لەسەر ئاستی جیهان شتەکان کۆنترۆڵ بکات. لەپەنای وێنەی ئەم براگەورەیەدا دوو وێنەی دیکەمان هەیە: وێنەی بەریتانیایەکی «دوو ڕوو» کە ڕاستەوخۆ لکێنراوە بە وێنەی ئەمریکاوە، هەروەها وێنەی یەکێتی ئەوروپایەکی «بێ توانا» کە گرەوی کاردانەوەی بەهێزی لەسەر ناکرێت.

لەڕێگای کۆنترۆڵکردنی ئیمەیلەکانەوە، گفتوگۆکانەوە، نووسینەکانەوە، گۆڕینەوەکانەوە، ئاژانسی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکی، دەتوانێت مومارەسەری کۆنترۆڵێکی بەردەوام لەسەر هەر یەکێك لە ئێمە بکات، ئەو مەلەفانەمان بۆ دروست بکات کە هەرگیز ناسڕێنەوەو دوای مردنیش بەدوامانەوەن، ئەو مەلەفانەی کە باس لەوەدەکەن چۆن بیردەکەینەوە، چۆن بۆچوونەکانمان دەگۆڕین، چۆن دەژین و دەمرین. لێرەوە ئەم ئاژانسە هەموو شتێك لەسەر ئێمە دەزانێت: هەر لە جووڵانەوەکانمانەوە تا دەگاتە هەستەکانمان!

ئەم چاودێریە گلۆبالە دەبێت بە هەمیشەیی و پێدەنێتە بچووکترین رووبەری ژیانی گشتی و شەخسیمانەوە. چیدی جومگەیەك لە ژیان نامێنێت بەبێ چاودێری بەردەوام، ئیدی ئێمە وا رەفتاردەکەین وەك ئەوەی کە لە هەر چرکەیەکدا چەند کامێرایەك وێنەمان بگرێت.

ئەمە ئەو سەرپۆشەیە کە درابوو بەسەر پەڕینەوەی ئێمە بۆ نێو گەردوونی تەکنەلۆژیای نوێی پەیوەندی کە دەستکاری کەلتور، هەڵسوکەوت، گرێدانە شەخسیەکانی کردبوین و چوارچێوەی نوێی «تەعبیئەکردن» و خۆ ڕێکخستنی پێبەخشی بووین. بایەخی چرکەساتی سنۆدن لەوەدایە کە دێت و ئەم سەرپۆشە لادەبات و ئیدی ئێمە شتەکان بەڕووتوقوتی دەبینین. خۆمان بەروتوقوتی دەبینین، ئەوانی دیکە بەڕوتوقوتی دەبینین و پێکەوە تووشی شۆك دەبین.

سنۆدن تێیگەیاندین لەوەی کە ئێمە چەند بنووسین، چەند قسەبکەین و ئیمەیل بگۆڕینەوە، ئەوەندە داتا بەرهەم دەهێنین وچەند داتا بەرهەم بهێنین ئەوەندەش چاودێری دەخەینە سەر خۆمان و مەلەفمان بۆ دروست دەکرێت.

کۆمەڵگەی زانیاری یان تۆڕ چیدی بەتەنیا ئەو پانتاییە «گونجاوانە»ی گۆڕینەوەی دەوڵەمەند و بەختەوەرانە نییە کە پێمان وابوو بە ئازادی ئەنجامیان دەدەین، بەڵکو لەهەمان کاتیشدا رووبەری هەژموون و کۆنترۆڵ و نامۆبوونیشە.

---

* سۆسیۆلۆگ، سەرۆکی دەزگای زانستە مرۆییەکان، پاریس. سەرۆکی ڕێکخراوی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیۆلۆژی

# گریان


ڤینۆس فایەق

تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

**«پێویستمان بەوەیە شەرم لە فرمێسکەکانمان نەکەین»**

***چارلس دیکنس***

کێشەکە لەوەدا نییە گریان ئارامبەخشە یان نا، کێشەکە ئەوەیە پیاو رووی نایەت بگری و هەندێ ژن نایانەوێ بگرین و هەندێکی تریش ناتوانن بگرین... لە کاتێکدا یەکێک لە نیعمەتەکانی سروشت بە ئادەمیزادی بەخشیوە گریانە، گریانیش گوزارشتێکی سروشتی ئادەمیزادە لەهەردوو کاتی خۆشی و ناخۆشیدا.

هێند باوکم ئەوەندە جوان و میهرەبان نەدەبینی بەقەدەر ئەو کاتانەی فرمێسکەکانیم بە چاوەکانیەوە دەبینی ئەو دەمەی نمرەکانمانی دەبینی کە قۆناغێکی خوێندنمان بەسەرکەوتوویی ئەبڕی. بە فرمێسکەکانی چاویەوە ماچی کارتەکەی مەکتەبی ئەکردین و ماچی خۆشمانی ئەکرد. یان ئەو کاتانەی نەخۆش ئەکەوتین یان خواحافیزیمان دەکرد، هۆن هۆن فرمێسکەکان بەسەر روومەتەکانیەوە ئەهاتنەخوارەوە. هەیبەتێکی پڕ سۆزی پێ ئەبەخشی، کیبریائێکی پڕمیهرەبانی. سەیرم لێدێت کە دەڵێن پیاوەکان بۆیە ناگرین، چونکە کیبریائیان نامێنێ.

زۆرجار گریان بە حاڵەتێکی لاوازی و بێدەسەڵاتی پێناسەدەکرێت، بۆیە دەبینیت زۆربەی پیاوان یان ناگرین یان فرمێسکەکانیان قووت دەدەنەوە و ناهێڵن بگرین، یان دوور لە چاوی خەڵک دەگرین.. وتوویانە گریان لە ژن هاتووە، یان کە پیاوێک گریابێت پێیان وتوە وەکوو ژن ئەگری، ئەمە بۆ؟ چونکە ژن کەمتر ئەتوانێت فرمێسکەکانی گلداتەوە، یان زۆرجاریش وتوویانە ژن فرمێسک وەکو چەکێک بەکاردەهێنێت لەکاتی پێویستدا، ئەمە هەمووی لەبەر ئەوەی پیاو هەمیشە پێی ناشرینە فرمێسک لە چاوانیا ببینرێت.

ئێلیزابێت گیلبەرت ئەڵێ: «داوای لێبوردن مەکە کە گریاویت، بەبێ ئەو هەستە ئێمە تەنیا رۆبۆتین».. تەنانەت ئەوانەی هەڵچوونەکانیان بە گریان گوزارشت لێدەکەن سیماو رووی دەرەوەیان ئارام بەخشترە لەوانەی کە ناگرین و رووی دەرەوەیان قەساوەتێکی پێوە دیارە.. هەڵبەتە حاڵەتی گریان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە، لە رووی سایکۆلۆژییەوە، رەگەزی، پەروەردەیی و تەنانەت باوەڕی فکری و فەلسەفی و تێڕوانین لە فەلسەفەو حیکمەتی گریان، ئەو کەسانەی ئیدیعای ئەوە ئەکەن کە ناگرین خۆیان بە ئادەمیزادێکی بەهێز و توندوتۆڵ دەبینن، لە کاتێکدا گریان هیچ کاتێک لە توندوتۆڵی کەسایەتی و بەهێزی ئادەمیزاد کەم ناکاتەوە، بەپێچەوانەوە ئاسوودەییەکی بێوێنە دەبەخشێتە ئادەمیزاد.

گریان ئادەمیزاد بەشێوەیەکی بێوێنە لە دەوروبەری دائەبڕێت و دەیکاتە تۆپەڵێک لە هەست و سۆز، دەیکاتەوە بە منداڵێک کە هێشتا هیچ تاوانێکی نەکردوە. بۆیە ئادەمیزاد ناوبەناو پێویستی بە گریانە بۆ ئەوەی لەخۆی و دەوروبەری پاک بێتەوە، چونکە گریان بۆخۆی بریتییە لە حاڵەتێکی هەڵچوونی دەروونی دەرئەنجامی رووداوێکی دیاریکراوە و ئادەمیزاد دەکەوێتە ژێرکاریگەرییەوە..

کە گوتراوە ژن لە پیاو زیاتر ئەگری نیشانەیەکی لاوازی و بێدەسەڵاتییە، مەسەلەکە ئەوەیە گوایا لەرووی زانستییەوە لە جەستەی ژندا گلاندی فرمێسک زیاتر هەن و زیاتر ئەڕێژن، بۆیە ژن زیاتر توانای گریانی زیاتری هەیە، هەندێ کەسێک کە بەسەختی ئەگرین تا رادەی ئەوەی ئازاری قورگیان ئەدەن، وادەزانن لەبەر ئەوەیە کە هەست ئەکەن ئەمە لوتکەی بێدەسەڵاتییانە، بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە دوو حاڵەت لەیەک جیاکەنەوە ئەویش چییان پێ ئەکرێ یان پێناکرێ بۆ گۆڕینی هەلومەرجەکە شتێکە و، کە بگریت بۆ ئەوەی ئارام بیتەوە یان ئازارێک لەدەروونتایە و دەبێت دەریکەیت شتێکی تەواو جیاوازە، لەم حاڵەتەدا ئەگەر نەگریت تەنیا بۆ ئەوەی بێدەسەڵات نەنوێنیت ئەوە ترۆپکی ئازارە و لەناوەوە وێرانت ئەکات. مەسەلەکە زۆر لەوە سادەترە کە ئێمە تێیگەیشتووین، بەچەند وشەیەکی تر من باوەڕ دەکەم گریان یارمەتی بیرکردنەوەش دەدات، هەمووجارێک کە دووچاری کێشەیەک بوومەتەوە ئەگەر پێویستم بەبەتاڵبوونەوە بووبێت یەکەمجار گریاوم دوایی بیرم لەچارەسەر کردۆتەوە، کە کەسێکیشمان لێ دەڕوات بۆی دەگرین بۆ ئەوەی دوایی بتوانین بەردەوامی بە ژیانمان بدەین. چونکە ئازار لە شوێنێکدایە تەنیا گریان پەی پێ دەبات، تەنها لەوێوە فرمێسکەکان هەڵئەقوڵێن. ئەگەر نەگرین ئارام نابینەوە.

# لاشەیەکی داگیرکراو یان ئەکتەرێکی ئازاد

## ژنی پیەر بۆردیۆ، ژنی ئالان تورێن، ژنی کوردستانی

۱



دکتۆر عادل باخەوان*

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێت

**ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە. بەشی یەکەم تایبەتە بە خوێندنەوەی تیۆری وێناکردنی ژن وەك کائینێکی هەژمون لەسەرکراوی هەمیشەیی، کە پیەر بۆردیۆ، گەورە سۆسیۆلۆگی جیهانی، دامەزرێنەریێتی. بەشی دووەم تایبەتە بە خوێندنەوەی تیۆری وێناکردنی ژن وەك ئەکتەرێکی ئازاد کە لەپێناوی خۆبیناکردن وەك خودێکی سەربەخۆ تێدەکۆشێت، ئالان تورێن، سۆسیۆلۆگێکی گەورەی دیکەی جیهانی لە پشت ئەم تیۆریەوەیە. بەشی سێیەم و کۆتاییش تایبەتە بە هەلومەرجی ژن لە کوردستاندا و لۆکالیزەکردنی پێگەکەی لەنێوان ئەم دوو «ماکرۆ» گێڕانەوە جیهانییەدا و هەوڵدەدەین ئەم کردەیە پشتەستور بکەین بە کۆمەڵێك داتای مەیدانی کە لەسەر خودی ژنی کوردستانی ئامادەکراون.**

**چەند پەرەگرافێکی بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە لە رۆژنامەی هاوولاتیدا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام دواتر هەردوولامان تێگەیشتین لەوەی کە ستەم لە خوێنەر و لە خودی توێژینەوەکەش دەکەین گەر پچڕ پچڕ و بە بیست گۆشە بڵاوبکەینەوە. بۆیە بڕیارمدا، هەر سێ بەشەکە و بە سێ جار «گەر گونجاویێت» لە گوڵاندا بڵاوبکەمەوە.**

■■■

### ژنی پیەر بۆردیۆ

لە دەستپێکی کتێبەکەیدا پیەر بۆردیۆ بەم رستەیە دەستپێدەکات: گەر لۆژیکی کۆی توێژینەوەکانم نەبووایە، هەرگیز دەستم نەدەبرد بۆ بابەتێکی سەخت و ئاڵۆزی لەم شێوەیە. ئەوەی بەلای پیەر بۆردیۆوە جێگای سەرسوڕمانێکی بەردەوامە شتێکە کە ناویدەنێت «پارادۆکسی دۆکسا»: واتە ئەو سیستەمەی کە جیهانی کۆمەڵایەتی بەڕێوەدەبات (بە ماناکانیەوە، بە جەبرەکانیەوە، بە حەرامەکانیەوە، بە مۆڵەتپێدراوەکانیەوە، بە چاودێریەکانیەوە، بە سزاکانیەوە) رێزی لێدەگیرێت و وەك خۆی جێبەجێدەکرێت، بەبێ ئەوەی رووبەڕووی هەتککردنی زیاتر، بەریەککەوتنی زیاتر، لادانی زیاتر، راپەڕینی زیاتر ببێتەوە. لەوەش زیاتر، ئەوەی جێگای سەرسوڕمانێکی گەورەترە، سیستەمی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە مرۆییەکانە کە (بە پەیوەندییە بیناکراوەکانی لەسەر بنەمای هەژموونەوە، بە مافەکان و کارتە سپییەکانیەوە، بە دەستکەوت و نادادیەکانیەوە) بە ئاسانی دەتوانێت رەگوڕیشەی خۆی بەنێو مێژوودا درێژبکاتەوە و، لەدەرەوەی چەند رووداوێکی تاقانە و «ئیستیسنائی»، وەك سیستەمی «قبووڵکراو» و «سروشتی» مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

هەژموونی پیاو بەسەر ژندا و چۆنیەتی فەرزکردنی و بەدیهێنانی، ئەو رووبەرە فراوانەیە کە پیەر بۆردیۆ وەك نموونەیەکی باڵای «خۆبەدەستەوەدان» دەیبینێت. خۆبەدەستەوەدانێك کە بەرهەمی ئەو شتەیە کە ناویدەنێت زەبروزەنگی رەمزی، زەبروزەنگی نەرم، زەبروزەنگی نەبینراو لەلایەن قوربانیەکانەوە کە بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ئاستی رووتوقووتی رەمزیی پەیوەندیکردن، جەهل، دانپیادانان و هەستدا خۆی بەدیدەهێنێت.

ئێمەیەك کە، بە ژن و پیاوەوە، لەبواری زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا کاردەکەین و دەمانەوێت بڕۆینە پشت پەردەی هەژموونی پیاو لە سەر ژن و رووناکی بخەینە سەر میکانیزمەکانی کارکردنی، لەبەر ئەوەی لە مێژووی پەروەردەی کۆمەڵایەتیماندا و لەڕێگای نەخشە ناوشیارەکانی بینین و هەڵسەنگاندنەوە، ئاوێزانی ستراکتۆرە

مێژووییەکانی سیستەمی نێرینە بووین، هەمیشە لەبەردەم مەترسیی ئەوەداین کە، بۆ راڤەکردنی هەژموونی پیاوان بەسەر ژنانەوە، پەنا ببەینـــە بەر ئەو مۆدێلانەی فیکر کـــە لەژێر کارایی خودی ئەم هەژموونەدا بەرهەم هاتوون.

بۆ دەربازبوون لەم مەترســـییە، لەپێناوی خۆ دوورخستنەوە لەم داوە جاڵجاڵۆکەییـــە، پیەر بۆردیۆ تەنها یەك رێگا دەبینێت کە بریتییە لە کردەی «ئۆبژێکتیڤاســـیۆن»ی ئەو پرسەی کە کاری لەسەر دەکەین. واتە بابەتی کار لەســـەرکراو، لەلایەن سۆســـیۆلۆگەوە، دەخرێتە نێـــو کردەی «بابەتاندنەوە» بـــەو مانایەی کە دادەنرێت لە هەموو بڕیارە پێشـــینەکان، لە هەموو ئەحکامە ئەخلاقییەکان، لە هەموو مانا هاوبەشـــەکان و دواتر کاری لەســـەر دەکرێت. ئەم ســـتراتیژییە لای پیەر بۆردیۆ بریتییە لـــە وەرگێڕانی ئەو روانینە «فەوقیەی» کە وەك دۆرکایم دەڵێت چوارچێوەکانی پۆلێنکردنمان بۆ دروستدەکات و لەرێگایانەوە جیهانی کۆمەڵایەتی دروستدەکەین، بـــۆ ئەزموونی موختەبەری؛ کە بریتییـــە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ســـتراکتۆرە بابەتییەکانی کۆمەڵگەیەکی مێژوویی تایبەتدا وەك کەرەســـەی کاری رەڤەکردنی کۆمەڵایەتی «ناوشـــیاری» کە نێرینە دەکات بە ســـەنتەر، بەشێوەیەك کە بتوانێت دەست گیربکات لە «بابەتاندنی» کاتیگۆریەکانی هەمان ئەو ناوشیاریە.

لەم گۆشـــەنیگا میتۆدۆلۆژیەوە پیەر بۆردیۆ کار لەســـەر پرسی هەژموونی نێرینە بەســـەر جیهانی مێیینەدا دەکات و پێیوایە کە، توانایـــی کارای سیســـتەمی نێرینە لەوەدا خـــۆی دەبینێتەوە کە پێویســـتی بە «خۆسەلماندن»نییە، پێویستی بە بەڵگە هێنانەوە بۆ ســـەلماندنی شەرعیبوونی خۆی نییە، وەك ئەوەی کە دیاردەیەکی سروشتی بێت، یاخود وەك ئەوەی کە دیاردەیەکی «بێلایەن»بێت. لەوەش زیاتر، تەواوی سیســـتەمی کۆمەڵایەتی وەك کارگەیەکی زەبەلاحی رەمـــزی دەجووڵێتەوە، کە ئامانجی ســـەرەکی بریتییە لـــە واژووکردنـــی هەژموونـــی نێرینەیەك، کـــە بناغەی خودی سیستەمەکەیە، کە دامەزراوە:

- ■ لەســـەر دابەشـــبوونی چالاکییەکانی ژن و پیاو لەنێو رووبەر و چرکەساتەکاندا.
- ■ لەسەر ســـتراکتۆری پانتایی بە «ئۆپۆزیسیۆن»ی نێوان بازاڕ (جێـــگای کۆبوونـــەوەی پیـــاوان) لەلایەك و ماڵـــەوە (حەرەمی هەمیشـــەیی ژنـــان) لەلایەکـــی دیکـــەوە، هەروەها لـــە ماڵەوە «ئۆپۆزیســـیۆن»ی نێوان ئەو رووبەرەی کە بۆ پیاوان تەرخانکراوە و ئەو رووبەرەش کە بۆ ژنان دەستنیشانکراوە.
- ■ لەســـەر ســـتراکتۆری کات بەو زەمەنانەی کە پیاویان تیایاندا دەردەکەون و ئەو زەمەنانەش کە لەسەر ژنان تاپۆکراون.

دابەشبوونی سێکسیانەی جیهانی کۆمەڵایەتی بەسەر ژن و پیاودا، پیـــەر بۆردیۆ دەگەیەنێتە ئـــەو دەرەنجامەی کە پێمان بڵێت کۆی لاشـــەی مرۆڤ، بە ژن و پیاوەوە، لەنێو بیناکردنی کۆمەڵایەتیدا دررووســـتبووە. لاشـــەی مرۆڤ پێش ئەوەی واقیعێکی بیۆلۆژی رووتوقووتبێـــت، بەرهەمی بیناکردنـــی رووبەرێکی کۆمەڵایەتی تایبەتە؛ بیناکردنێك کە لە هەر جومگەیەکیدا ســـێکس ئامادەیە؛ بەو مانایەی واقیعی لاشە، واقیعی بیناکردنێکی سێکسیانەیە، کە لە هەموو چرکەساتێکدا بینای روانین و دابەشکردنی سێکسیانەی واقیعی دیکە دەکات.

لەنێو ئەم پرۆگرامە کۆمەڵایەتییەدایە کە لاشـــەی بیۆلۆژی ژن و پیاو مانا وەردەگرن؛ لەنێو ئەم پرۆگرامەدایە کە سێکســـی ژن و سێکســـی پیاو لەیەك جیادەبنەوە و لاشـــەی ژن دەبێت بە رووبەری هەرســـکردنی هەژموونی پیاو وەك دیاردەیەکی سروشـــتی، وەك فاکتێکی ئاســـایی. لە هەلومەرجێکی ئاواشـــدایە کە ئەوانەی هەژموونـــی پیاو بـــە دیاردەیەکی «سروشـــتی» دەزانن، دێن و جیاوازیی ئۆرگانە سێکسیەکانی پیاو (زەکەر) و ژن (فەرەج) وەك بەڵگەی سروشـــتیبوونی جیاوازیی نێوانیان بەکاردەهێنن و کۆی بیناکردنی کۆمەڵایەتییانەی ماناکانی هەر یەکێك لەو ئۆرگانە سێکسییانە و چۆنیەتی دابەشکردنی وەزیفەکانیان لەلایەن جیهانی کۆمەڵایەتییەوە دەخەنە نێوان دوو کەوانەوە.

کاتێك بونیـــەی فیکری هەژموون لەســـەرکراوەکان، کە ژنانن، لەژێر کارایی بونیەی هەژمووندارەکاندا، کە پیاوانن، بینادەکرێت، لە دۆخێکی ئاوادا کردەکانی مەعریفە راســـتەوخۆ دەچنەوە سەر «ئیعتراف» بە خۆبەدەســـتەوەدانی ژنان لەبەرامبەر پیاواندا. بەڵام لە هەمانکاتدا پیەر بۆردیۆ پێیوایە کە لەنێوان پرۆسێســـی جیهانی سروشـــتی و دابەشکردنی کۆمەڵایەتییانەی هەمان ئەو جیهانەدا، مەودایەك هەیە کە بەتـــەواوی یەکلایی نەبووەتەوە و رێگا دەدات بەوەی کە هەژموون لەســـەرکراوەکان (ژنـــان) ململانێ لەگەڵ هەژموونـــدارەکان (پیـــاوان) دا بکەن و لەپێناوی بەدەســـتهێنانی مافەکانیاندا تێبکۆشـــن. راســـتە لە فیکری پیەر بۆردیۆدا ئەم رووبەرە زۆر تەســـکە، بەڵام ئەوەش راستە کە دەرفەتی خەونبینین بە هەژموون لەسەرکراوەکان دەبەخشێت.

**مەودایەک هەیە کە بەتەواوی یەکلایی نەبووەتەوە و رێگادەدات بەوەی کە هەژموون لەسەرکراوەکان (ژنان) ململانێ لەگەڵ هەژمووندارەکان (پیاوان) دا بکەن و لە پێناوی بەدەستهێنانی مافەکانیاندا تێبکۆشن**

بەپێچەوانەی هەموو ئەو زانایانەی کە پێشتر کاریان لەسەر تۆڕی پەیوەندییەکانی نێوان ژن و پیاو لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا کردووە، پیەر بۆردیۆ دێت و لەسەر «پارادۆکسێك» کاردەکات کە خودی هاوکێشەکە ســـەرەوژێردەکاتەوە. لە سۆســـیۆلۆژیای ئەودا، ئەوە ئامادەبوون یان ئامادەنەبوونی «قەزیب (قضیب)»نییە کە پێگەی مرۆڤ لە روانینی کۆمەڵایەتیدا دەستنیشـــاندەکات، بەڵکو ئەوە روانینی کۆمەڵایەتییە کە دەستنیشانی کۆی وەزیفە جیاوازەکانی لاشەی ژن و پیاو دەکات. بێگومان بونیەی روانینی کۆمەڵایەتیش لەســـەر چەمکی «بەناوەندبوونی نێرینە» بیناکراوە. واتە روانینی کۆمەڵایەتی، کە لە رەگوریشـــەدا روانینی نێرینەیە، چوارچێوەی مانا و جووڵانەوە بۆ هەر یەکێك لە ئۆرگانە جیاوازەکانی لاشـــەی ژن و پیاو دیاریـــدەکات. بەدیوێکی دیکەدا، ئەوە «قەزیب» وەك مادەیەکـــی فیزیکی رووتوقووت نییە کـــە دنیای کۆمەڵایەتی دابەشـــدەکات و مانا جیاوازەکان دەبەخشێتەوە، بەڵکو ئەوە روانینی کۆمەڵایەتـــی و پرۆگرامـــە جیـــاوازە پەروەردەییەکانیەتـــی کە «قەزیب» وەك ئۆرگانێکی مانادار، وەك ســـامبۆلی مەردایەتی، وەك سەرچاوەی شەرەف، وەك کەرەسەی شانازی دروستدەکات.

لەنێو ئەم جیهانبینە کۆمەڵایەتییەدا سێکســـەکان پۆلێن دەکرێن: سێکســـی پیاو وەك پلە یەك و سێکســـی ژن وەك پلە دوو. دوور لە پێداویستی بەرهەمهێنانەوەی رەگەزی بەشەری، دوور لە بەردەوامیدان بە مرۆڤی بیۆلۆژی (بەیەکگەشتنی رووتوقووتی ژن و پیاوێك بۆ دروســـتکردنی مرۆڤێکی تر)، ئەوە بیناکردنی کۆمەڵایەتییانەی ئۆرگانە بیۆلۆژیکەکانی ژن و پیاون، کە بڕیار لەســـەر چۆنیەتی بەکارهێنانی هەر یەکێك لەو ئۆرگانانە، ماناکانیان، پەیامەکانیان، خۆبەدیهێنانەکانیان دەدات نەك پێچەوانەکەی. لەم جیهانبینییەدا، ئەوە «فەرج» و «قەزیب»ی ژن و پیاوێك نین کە بڕیار لەســـەر چۆنیەتی دروســـتکردنی منداڵێك دەدەن، بەڵکـــو ئەوە جیهانبینی کۆمەڵایەتییـــە کە ئەم دوو ئۆرگانـــە فێری ئەوەدەکات کە لە چ

**ئێمە هەمیشە لەبەردەم مەترسیی ئەوەداین کە، بۆ راڤەکردنی هەژموونی پیاوان بەسەر ژنانەوە، پەنا ببەینە بەر ئەو مۆدێلانەی فیکر کە لەژێر کارایی خودی ئەم هەژموونەدا بەرهەم هاتوون**

**لەنێو هەژموونی نێرینەدا لاشەی ژن دەبێت بەو رووبەرە کۆمەڵایەتییەی کە بەردەوام کار لەسەر بست بە بستی دەکرێت. ئەم لاشەیە فێری ئەوەدەکرێت چۆن پێبکەنێت، چۆن چاوی شۆڕبکات، چۆن بە ئاسانی بێدەنگبێت لە کاتێکدا نێرینە قسەی پێدەبڕێت**

**دابەشبوونی سێکسیانەی جیهانی کۆمەڵایەتی بەسەر ژن و پیاودا، پیەر بۆردیۆ دەگەیەنێتە ئەو دەرەنجامەی کە پێمان بڵێت کۆی لاشەی مرۆڤ، بە ژن و پیاوەوە، لەنێو بیناکردنی کۆمەڵایەتیدا دروستبووە**

**لاشەی ژن لە زیندانێکی «نەبینراو»ی بەردەوامدایە! یەکەم ئەرکی پۆشاکی رۆژانەی ژن بریتییە لە شاردنەوەی کۆی لاشەی حەرامکراو و بیرخستنەوەی بەردەوامی کە لاشەی ئەو لەنێو رژێمێک لە نۆرم و رێکخستنی نەنووسراودایە نابێت لێیان لابدات**

چوارچێوەیەکدا منداڵێك دروستبکەن.

لە جیهانبینی کۆمەڵایەتیدا چەند دابەشبوونی سێکسیانەی کار ئامادەیە، هێندەش دابەشبوونی کاری سێکس ئامادەیە؛ دابەشبوونێك کە هەژموونی جنسی پیاو، مرۆڤی پلەیەك، بەسەر جنسی ژن، مرۆڤی پلە دوودا دەسەپێنێت. بەهێزیی ئەم هەژموونە لەوەدایە کە بە ئاسانی دەتوانێت ئۆرگانە بیۆلۆژیەکان، کە لەنێو مێژووی پەروەردەی کۆمەڵایەتیدا وەزیفەکانیان دیاریکراوە، وەك دیاردەی سروشتی بێ زەمان و بێ مەکان بۆ شەرعیەت بەخۆدان بەکاربێنێت.

لەنێو هەژموونی نێرینەدا لاشەی ژن دەبێت بەو رووبەرە کۆمەڵایەتییەی کە بەردەوام کار لەسەر بست بە بستی دەکرێت. ئەم لاشەیە فێری ئەوەدەکرێت چۆن پێبکەنێت، چۆن چاوی شۆڕبکات، چۆن بە ئاسانی بێدەنگبێت لە کاتێکدا نێرینە قسەی پێدەبڕێت، چۆن پشتێن ببەستێت، چۆن لەکاتی دانیشتندا قاچەکانی کۆبکاتەوە و لەیەکیان بنووسێنێت، چۆن لەکاتی رۆشتندا وریای روانینەکانی بێت و یاریی بە لاشەی نەکات، چۆن پشتی نەچەمێنێتەوە و رێك رێبکات، چۆن ورگی دەرنەپەڕێنێت و بەرەو ناوەوەی راکێشێت... جومگەیەك، تەنها جومگەیەك لە لاشەی ژن نەماوە کە بارنەکرابێت لە مانای ئەخلاقی و پشتگوێخستنی هەر یەکێك لەو مانایانەش، لە هەر ساتەوەختێکدا زەبروزەنگی توندی بەدوادادێت.

لەنێو هەژموونی نێرینەدا، لاشەی ژن رادەهێنرێت لەسەر ئەوەی کە، لە پانتایی کۆمەڵایەتیدا جێگای زۆر نەگرێت، تا خۆی بچووک بکاتەوە باشترە. لە کاتی گردبوونەوەکاندا جێگای ئەو لە خوارەوەیە؛ خوارەوەیەك کە زۆر جار لە بیردەکرێت، بەڕادەیەك کە گەر قسەش بکات بە دەگمەن دەبیسترێت.

لێرەوە لاشەی ژن لە زیندانێکی «نەبینراو»ی بەردەوامدایە! یەکەم ئەرکی پۆشاکی رۆژانەی ژن بریتییە لە شاردنەوەی کۆی لاشەی حەرامکراو، بریتییە لە داپۆشینی ئۆرگانە بیۆلۆژییەکانی، بریتییە لە چاودێریکردن و پاشان بیرخستنەوەی بەردەوامی ئەم ژنە کە لاشەی ئەو لەنێو رژێمێك لە نۆرم و رێکخستنی نەنووسراودایە و نابێت لێیان لابدات. پیەر بۆردیۆ پێیوایە کە لە کۆمەڵگە رۆژئاواییەکانیشدا، ئەوەی کە پێیدەوترێت ئازادیی ژنان جۆرێکە لە وەهم؛ چونکە خودی دەرکەوتنە نوێیەکانی ژن، هەر لە چۆنیەتی جلپۆشینەوە تا دەگاتە چۆنیەتی بەشداریکردن لە پانتاییە گشتییەکاندا، لەسەر ئەو مۆدێلانە خۆیان بینادەکەن کە پیاوان چوارچێوەکانیان بۆ دەستنیشان دەکەن. لێرەدا نموونە بە دەرکەوتنی ژن لە رێکلامەکاندا دەهێنێتەوە. ئەم دەرکەوتنە لە قووڵاییەکانی هەژموونی نێرینەدا دروستدەکرێت. لاشەی نوێی ژن، چ لە دۆخی پێشکەشکردنیدا بە پیاو، چ لە دۆخی رەفزکردنیدا، ئەو سەرزەمینەیە کە ئامادەباشی سامبۆلیکی ژن بۆ رازیکردنی خواستی پیاوی تیادا دەردەکەوێت. بە پێچەوانەی پیاو کە لە دەرەوەیە، کە سەرقاڵی راپەڕاندنی شتە فەرمییەکانە، کە لەنێو پانتاییە گشتییەکاندا دەجووڵێتەوە، کە وشکە، کە بەرز خۆی دەنوێنێت، کە بە پەلە کارەکان جێبەجێدەکات، ژن لە ماڵەوەیە، تەڕە، نزم خۆی دەنوێنێت، لەسەر خۆیە، بازنەییە، سەر قاڵی رۆتینە، کائینێکی ماڵیکراوە. ژن هەموو ئەو کارانەی پێدەسپێردرێت کە بە جۆرێك لە جۆرەکان دەیبەنەوە سەر دەستەمۆبوون؛ ئەو کارانەی کە بەجۆرێك لە جۆرەکان شوورەیین بۆ پیاو، بۆنموونە گرنگیدان بە منداڵ و بەخێوکردن و هاوڕێیەتیکردنیان. هەروەها کاتێك پێدەنێنە رووبەری دەرەوە، لەپێناوی ئەنجامدانی ئەو کارانەدایە کە دیسانەوە بۆ پیاو، نێرینە، سێکسی باڵای هەژمووندار شەرم و نەنگییە (قاپشۆرین و ناوماڵ پاککردنەوەی کەسانی تر). تەنانەت ئەو ستراتیژییە رەمزیانەش کە ژنان لە دژی پیاوان بەکاریان دەهێنن لە سنوورەکانی هەژموونی نێرینە ناڕۆنە دەرەوە، چونکە ئامانج و کەرەسە بەکارهێنراوەکانیان لەنێو خودی «مەرکەزیەتی» پیاودا (پیاو وەك سەنتەری هەموو شتەکان ) دروستدەکرێن.

بەمشێوەیە هەژموونی نێرینە لەبارترین هەلومەرجی بابەتیانەی خۆبەدیهێنان دەدۆزێتەوە و بە گۆشت و ئێسقانەوە «وەزیفەی» خۆی جێبەجێدەکات. لەسەر ئاستی جیهان، دانان بە هەژموونی نێرینەدا، ئەو دۆخە کۆنکرێتییەیە کە لە نێو سێ رووبەردا تێبینی دەکرێت:

- لەنێو بابەتیبوونی بونیە کۆمەڵایەتییەکاندا.
- لەنێو چالاکییەکانی بەرهەمهێنان و سەرلەنوێ کردەی بەرهەمهێنانەوەدا. بێگومان مەبەست لەو چالاکییانەیە کە رەگوڕیشەکانیان لەنێو دابەشبوونی سێکسیانەی کاری بەرهەمهێنان و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی بیۆلۆژی و کۆمەڵایەتیدان، کە هەمیشە شتە باشەکان دەخاتە پاڵ پیاوان.
- هەروەها لەنێو ئەو نەخشانەدایە کە لە هابیتیوسەکانەوە سەردەردەهێنن. ئەم هابیتیوسانە کاتێك لەنێو هەلومەرجە لەیەکچووەکاندا رەنگدەگرن، ئیدی بەشێوەیەکی بابەتییانە دەڕۆنە نێو یەك ئاوازەوە و وەك یەك چوارچێوە لە پێشوازی لێکردن، لە روانین، لە پراکتیکی تەواوی ئەندامانی کۆمەڵگەیەکی مێژوویی، لە شێوەی «ترانساندانس»دا، خۆی بەسەر هەموو لایەکدا دەسەپێنێت.

لە دەرەنجامدا روانینی پیاوان سەبارەت بە سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی بیۆلۆژی و سەرلەنێو بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵایەتی باردەکرێت لە بابەتیبوونی مانای هاوبەش، کە دواتر وەك «کۆدەنگی» کۆمەڵگەیی سەبارەت بە پراکتیکە کۆمەڵایەتییەکان دەخرێنە سەر شانۆ. ژنانیش دێن و بەدەستی خۆیان ئەم سیستەمە لە مانای پراکتیك، لە نەخشەکانی فیکر، کە بەرهەمی سیستەمی رەمزیی بیناکراو لەسەر هەژموونی نێرینەن، لە هەموو مەیدانەکاندا بەرجەستە دەکەن، بەتایبەتی لەمەیدانی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ «دەسەڵات»دا، دەسەڵات بە مانا فراوانەکەی کە لەهەر بستێکی ژیاندایە و پێگەی ژن لەنێویدا هەمیشە پێگەیەکی کۆنترۆڵکراوەی هەژموون لەسەرکراوە. لێرەوە«مەعریفە»ی ژنان لەسەر شتە جیاوازەکانی دنیای کۆمەڵایەتی، راستەوخۆ دەبێت بە جۆرێك لە «ئیعتراف» بەو پراکتیکانەی کە لە ناوەندبوونی نێرینەوە سەرچاوەیان گرتووە، دەبێت بە جۆرێك لە«ئینتیما» بۆ «دۆکسا»یەك کە لەنێو ناوەندبوونی نێرینەدا دروستبووە و بەمەش راستەوخۆ بەشداریدەکات لە دروستکردنی ئەو «زەبروزەنگە رەمزیەی» کە لەسەر خودی خۆی و لەلایەن پیاوەوە پراکتیزەدەکرێت. ژنان فێری لەبەرکردنی ئەو کۆدانە دەبن کە لەڕێگایانەوە خۆیان دەکەن بە رووبەری جێبەجێکردنی زەبروزەنگی رەمزی!

---

١. . پیەر بۆردیۆ چەمکی ئەندرۆسەنتریسم بەکاردەهێنێت کە بە عەرەبی دەبێت بە «مركزية ذكورية». واتە بینی جیهان لە روانگەی پیاوەوە، فەرزکردنی روانگەی پیاو بەسەر جیهاندا، پیاو وەك سەنتەری جیهان.

*** سۆسیۆلۆگ و مامۆستای زانکۆ لە پاریس**


ریکلام
حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەر
بەڕێوەبەرایەتی هونەری سینەمای هەولێر
چوارەم فیستڤاڵی
( نا بۆ توندوتیژی) ی
کورتە فیلم - هەولێر
The 4th no to violence
film festival in Erbil
26_27/11/2013
شوێن: هۆڵی پێشەوا
کات: 10 ی سەرلەبەیانی